# مەهاباد
# لە ئولومپیادەکانی خوادا

سەلیم بەرەکات

# مەهاباد
# لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا

شیعر و چاوپێکەوتن

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەندرێن

2004 STOCKHOLM

ناوی کتێب: مەهاباد لە ئولۆمپیادەکانی خوادا
نووسەر: سەلیم بەرەکات
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەندرێن
چاپی یەکەم: ٢٠٠٤
بەرگ:
تایپ و مۆنتاژ: عەبدوڵا قادر دانساز
چاپخانە:

## ناواخن


پۆرترێتێک بۆ ناسنامەی سەلیم بەرەکات .................................. ٧

مەهاباد....................................................................... ١٥

ڕۆناشتا بکوژن ................................................................. ٢٩

تۆڵە ........................................................................... ٤١

شیعر نەزانی زمانە نەک زانینیەتی ........................................ ٤٥

ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆڵستان ........................... ٦٧

**پۆرترێتێک بۆ ناسنامەی سەلیم بەرەکات**

**و**

**تەئویلێک بۆ «مەهاباد»**

لە بەرایيدا گەرەکە بڵێم، گەر بخوازین، پانتایی دەق و تایبەتمەندی جیهانڕوانینە ئەزموون بەخشەکەی «سەلیم بەرەکات»؛ سەلیم بەرەکاتی شاعیر و ڕۆماننووسی «یاریزان»ی "بوونەوەرە سەرواداڕەکان – شیعر –" و پەیڤە ڕەهەندگەل و مانا خەیاڵاندراوەکان، ڕاڤە بکەین، دەبێ تێکڕای دەقە شیعریی و پەخشانییەکانی بخوێنینەوە. چونکی خوێندنەوەی ڕۆمانێک یان کۆشیعرێکی وی، تەنیا دەبێتە بەشێکی ناتەواوی یەکێتی بەرهەمەکانی. سەرجەمی بەرهەمەکانی؛ بە شیعرو ڕۆمانەکانیەوە، ڕەگەزەکانی واقیع، هێماکانی مێژوو، وڕێنەی شوێن و ئاپۆرەی بیرڕۆیی، لە جەستەی ژانێکی لێکچڕژاودا بەرەو تەقینەوە باڵا دەکەن. وێڕای ئەمانەش، ئیشکالی ناسنامە و، قەدەری پاڵەوانەکان و، بوونەوەرە دوڕدۆنگ و وەڕسەکان، بە دەست تلانەوەی چارەنووسی نادیار و فەرامۆشکراویانەوە، لە چڕترین ئاستی شیعرییەتدا داستانە تراژیدیاکانیان دەچننەوە. ئامادەیی گیانلەبەرە کێوییەکان، پەڕندە هێما ئامێزەکان، سروشتی شوێنەکان و کاتە دژوارەکانیش، بە هەمان شێوە، ڕەگەزگەلێکی گرینگن لە بەرهەمهێنانی مانا و ئەستەمی ئیشکالیەتی قەدەرەکاندا.

بەرەکات، لە ئاڵۆزترین پرۆسێسدا شتەکان لەدۆخی خۆیاندا دادەبڕێنێ و لە نوێڕا لەناو ستروکتۆری زمانێکی ڕێزپەڕدا بوونییان بەرهەمیاندێنێتەوە. لە جەم ئەو، زمان، دەروازەیەکە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دنیا و یادوەرییە قەدەرگیرەکان، کە ئەو زمانەش بە دژواری و یاخیگەراییەکەی، ناسکیەکی نامۆ و ئاژاوەیەکی بێکۆتایی بەرهەمدێنێ.

لێرەدا، سەبارەت بە مەسەلەی ناسنامە، دەمەوێ بڵێم، ناکرێ بەرەکات لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە کوردن و بە زمانەکانی "ئەوتر" دەنووسن، بەراوردبکرێت. بەرەکات، زمانی "ئەوی تر" لە خەسڵەتی ڕەتکردنەوەی ناسنامەکەیەوە بەرەو

بە ئاشناکردن و بەرهەمهێنەری ناسنامەکەی دەگوازێتەوە. ئەم ناسنامەیە بە ڕێگەی ئەو زمانەوە لەوپەڕی ئازادیدا دەفراژێ و ئازادی خۆی رادەگەیەنێ. بە واتایەکی تر، جیهانی ئەم ناسنامەیە دیلی ئەم زمانە نییە، بەلکە بە پێچەوانەوە. بەلام لەسالانی هەفتاوە رۆمانەکانی شار کەمال کراون بە سوێدی، کەچی تا ئەو وتارەی، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەمەڕ گوند وێرانکردنی کوردان بلاونەکردبۆوە، زۆرینەی خوێنەرانی سوێد یەشاریان بە تورک دەناسی. یەشار کەمال، داستان و ژیانی کوردی لە ناو سیاقی دەسەلاتی زمانی تورکیدا شوێن بزر دەکات و مۆرکی کوردانەیان لەبەر دادەمالێنێ. بۆیە ناسنامەی پالەوان و مێژووی رووداو و شوێنەکان، لە رۆمانەکانی یەشاردا تورکبوون جەستەبەر دەکەنەوە، یان ناسنامەیان، کوردییەکی شەرمنۆکە. کەچی ئەو ناسنامەیە لە بەرهەمەکانی بەرەکاتدا، ناسنامەیەکی بوێرو جەربەزانەیە. بەهەمەحاڵ، دەزانم ئەم بۆچوونە پێویستی بە وتارێکی سەربەخۆ هەیە.

لەم روانگەیەوە، خوێندنەوە، یان سەفەری تەئویلکردن بۆ ناو جیهانە تووناوتوونەکەی بەرەکات، خۆی لە خۆیدا، تەرزە ئیشکالێکی ترمان بۆ بەرهەمدێنێتەوە، کە ئەم کارەش کارامەیی و توانستێکی داهێنەرانە دەخوازێ.

لێرەدا، من ئەو پەیمانەم بە بخوێن نەداوە، بەڵکە من هەوڵێکی سادەم پێشکەشکردووە، کە خوێنەر دەتوانێ تەنیا وەک پۆرترێتێک، بۆ چەشنە ناسینێکی سەلیم بەرەکات، ئەم کتێبە بچووکە، بخوێنێتەوە.

وێڕای ئەمەش، ئەم سێ شیعر و دوو دیدارەی کە ئەم کتێبە بچووکە پێکدێنن، بەتایبەتیش شیعرەکان، دوای بلاوکردنەوەیان جارێکی تریش تەئویلکراون، نەک وەرگێردراون، کە لە کەم و کوڕیش بەدەر نین.

سەرتاپای بەرهەمە داهێنراوەکانی بەرەکات دەقی قووڵ و بزۆزن، بۆ ئەو خوێنەرانەی کە چێژ لە نووسینی گۆرانی ئامێز و سادە وەردەگرن، سەخت و

نامۆن؛ نائاسایی به ئاساییکراو، فەرامۆشکراوەکان بە رۆح زیندووکراو، کەمۆبوو بە یاخیکراو و شتە بێجوولەکان بە جووڵەکراون. بە واتایەکی تر، بنەماو پێکهاتی دەقەکانی بەرەکات، بە فرە دەنگی و مانا سوار و بزۆکەکانیەوە، لە باڵاترین گەمەی زماندا مشتومال کراون، کە بە تەئویلکردن نەبێ، ئەو خەیاڵە سەرکێش و ئاسۆیە تەونچنکراوانە جەستەبەر ناکرێن. بۆیە ئەم قامەتە شیعرییە رسکاوو تۆکمەیە لەلایەن خوێنەر و رەخنەگرە باوەکان بە توێژگەرایی ناوبێژ دەکرێ.
بەرەکات، هەر لە "الجندب الحەیدی"ی و کۆشیعری "کل داخل سیهتف لاجلی وکل خارج ایضا"وە، لە سەفەرێکی بەردەوامدا، بە دوای قەدەری ناسنامەو پێکهێنانەوەی شوێن، دەگەڕێت. لە رۆمانە سێینە (ثلاثیە)کەیدا، "الفلکیون فی ثلاثاء الموت" پاڵەوانەکان بە دەست سەرگەردانی قەدەرە سەختەکانیانەوە، هەنیەیان بەر دیواری گەردوون دەکەوێ، دواجاریش خودی گەردوون، وێجا ئەمدیوی گەردوونیش، دەبێتە کانگای یارییە بە قەدەر داوێنگیرەکان.

«سەلیم بەرەکات»: بوونەوەرێکی سەهەندەی ناو ئەو بوونە ژەنگرەیەیە. کە لە ساتە فەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە بە فەرامۆشکردنەکاندا، شیعر و رۆمان، دوو ئاسۆی بەرهەڵدراو و بێ کۆتایی ئەون. لە ناو ئەمانەدا بە رووی ئەم دنیایە زەیرۆحگرو تەپیوەدا، یاخیگەرانە هەڵدەشاخێ. هەر دەڵێی، بەدژی دنیایەک کە ئامێرە ئاوەز هێدی هێدی لێیدەخورێ و، بوونەوەرەکانیش لە نائاگاییە دەسبەرداربوونەکەیاندا، ئاگایانە سارده چێژی لێدەکەن، دنیایەکی مەحاڵگیر دەئافرێنێ (کە ئەمەیە خولیا راستینەکەی ئەفراندن). ئاخۆ دەبێ خەونی شاعیر چی بێ؟!
قەوارەی دژواری شیعر و رۆمانەکانی وی، هاوسەنگی قەوارەی برینی ناسنامەکەیەتی.

بەرەکاتی بوونەوەر کوردی عەرەبینووس، لەناو جوگرافیای شیعری تازەگەریی عەرەبیدا، تاکایەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە، بەهۆی ناسنامە کوردییەکەی و هێڵە

هزریە ئاشکراکەی ناو شیعر و ڕۆمانەکانییەوە لە گۆڕەپانی ڕەخنە و باسدا، زۆربەی دامودەسگا ڕۆشنبیرییە دەوڵەتیەکان و بگرە سەربەخۆکانیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و ڕەگەزپەرستانەیان پەردەی بێدەنگیان بەسەردا داوە و لە مافی خۆی بێبەرییان کردووە.
جا گەر دەقە کوردگەراییە بە عەرەبی نووسراوەکانی «سەلیم بەرەکات» و ئەو نووسەرە ناسراوانەی تریش کە کوردن و عارەبینووس، فارسینووس و توورکینووسن ـ بە دەقی کوردی دابنرێن ـ، کەوایە، ئەرێ بۆ چەند هاوکۆفێکی ئەزموون ئاسای وا سەرنجڕاکێشمان، وەک ئەزموونی بە زمانی کوردی نووسین، بەرچاو ناکەوێ؟ گەر وانییە، بۆ هەمیشە دەڵێین ڕەوتی شیعرو ڕۆمانی کوردی لە ئاستی دەڤەردا قەتیسماوە؟!
بەڵام بێجگە لە دەراوێتەکردنی نموونەی چەند دەقێکی بە کوردی ـ وەک چەند دەقێک نەک ئەزموون ـ کە دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکرێ، کەچی ئەو دەقانەش ئەو ڕەخنەکارییە ساوایەی کە لە ئارادایە، ئاوڕیی لێنەداوەتەوە. لەوەش زیاتر ئەو ڕەخنەیە تازەیەیە، چونکە ئاست و قۆناغی دەستەوایی (استعارە)و، خزمایەتی و گیانی تۆڵەکردنەوەی نەبڕیوە، کە ئەزموونێکی ڕەگاژۆی هەیە لە ڕەخنەی کوردیدا. بۆیە تا ئێستاش دوای دەقە باو و ناوە باوەکان کەوتووە.
وەک دیاردەیەکی تازەگەرانەی ئەدەبی، بەدوای خوێندنەوەی دیاردە تازەکان نەکەوتووە. بۆیە ڕەنگە ئەمە یەکێک بێ لەو هۆیانەی، کە نەهێڵێ ئەم ڕەخنە تازەیە ناسنامەکەی بە خەملیوی لە ڕەخنەی کوردیدا باڵادەستبکات.

ئەرێ، لە سەردەمێکی ئاوا لێکچڕژاوی تۆتالیتارانە بەگشتی و، بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتێکی تایفەگەر و هێزباز و کۆنباوی ئاوێزانبوودا، ئەدەبی ئەمڕۆمان دەخوازێ، بە جیهانڕوانینێکی باڵاتر لەبەرانبەر گرێ کوێرەکانی بوون و ئاڵۆزەکردنی ژیان، جەخت لەسەر بە گرێ بوونی، چیەتی و کرۆکی دۆزەکەمان، وەک قەوارە و بارستایی تراژیدیا ئامێزەکەی بکات و بە پرسیارێکی تر وەڵامی وەڵامە گومان لێکراوەکان بداتەوە. نەک بۆ چەندان جار وەڵامە بەدیهییەکان دووپاتە بکاتەوە. بەهەمەحاڵ...

ـ شیعری "مەهاباد"، جوگرافیایەکی برینگری پڕ لە زەنا و یاخیگەریی و ئاماژە و پرسیارهەڵگری درامایانەیە. لە "مەهاباد"ەوە با یەکی بریندارکراو دنیا دەتەنێتەوە. "مەهاباد" دەشێ جەستەی "هەڵەبجە"یەک بێ، لە جەستە شیعرییەکەی "مەهاباد"دا، کە یاری قەدەرێک بوونە تراژیدیایەکەی بەرەو یاریگەیەکی سەخت پەلکێش دەکات. لە شووشەی پەنجەرە شیعرییەکەوە، سروشت و سیمای یاریکەرەکان و شاعیری یاریکار، یارییەکی قورس بەسەر داسەپێنراو، دەنگ و رەنگی سەرتاپای رووداوەکان لەناو کۆڵانی پرسیارە شیعرییەکەدا زاوزێ دەکەن، وێجا لەناو ئەم هاڤرکێیە خوێناوییەدا، مێژوو لە دایکدەبێ. بە وێنە شیعرییە سرک و ئامێزلێکردووەکانەوە هارمۆنیای وڕێنەیەکی بەچێژ، قەوارەی شیعرەکە رایەڵ دەکا و، هێمای ماناکان لە جوگرافیای دەقدا دەزرینگێنەوە. بەمجۆرە "مەهاباد" لە هەناوی شیعرەکەدا وەک سێمفۆنیایەکی تراژیدی، رووحمان لە باوەشی خۆیدا هەڵدەگرێ و لەگەڵ شەپۆلی پەیڤگەلە هێمدارە وڕێنە وەشێنەکانی شیعرەکەدا، بەرەو پێشەوە، نەک پاشەوە، بەرەو هزر کردنەوەو تێرامان، نەک دەستەپاچەیی و کەفەژیلەکەیی و کلۆڵی، دەمانبات:

"ئای لە "ژەنگاری" راکردوو بۆ "تورێ"، ئای لە "جەزیرەی بۆتان":

قەڵاکان ناسکن، دیوارەکانیشی وەک دەستەکانم مرواری دەچننەوە" ...

یان:

دەوڵەتێکی ترسنۆک و قەدەرێک بە دوای تۆپە قوڕینەکانیان غلۆر دەبنەوە"...

لێ:

"دایکایەتیش بە مەمکە بەردینەکانیەوە لەنێوان وەچەکانیدا دۆشداماوە.»...

بە باڵەفڕەی ژانەکانی شوێن ، جەستە شیعرییەکەی "مەهاباد" لەدایک دەبێ. لەناو ئەم جەستەیەشدا، جەستەی مێژوویەکی گەمارۆدراو، گەمارۆمان دەداتەوە.

"مەهاباد" لە یاریگەیەکی پڕ لە مرکێش مرکێشدا، بوونەوەرێکی زامدار و،

ناسنامەیەکی راساوە لە مەفتەنێکی فەرامۆشکراودا. یاریکەر، دەکرێ شاعیر خۆی بێ؛ مەهابادی شیعرئاسایە، بوونەوەرێکە بوونەوەرایەتییەکەی فەرامۆش دەکرێ. لە ئۆلومپیایەکی داڕێژراودا، "قورساییەکی گەورەتری پێ بەرزدەکەنەوە". شەڕ لەگەڵ هێزی ناوەکی و هێزی دەرەکی و هێزی تەماشاکەران و هێزی «ناوبژیوان» دەکات، کە "شەونخوونە لەسەر شەونخوونیەکانی".

هێزی بەرتەکی شاعیر، وەک قەدەری ناسماکەی، لەم پێشبڕکێیە نایەکسانەدا، دەنگ و هێما و سەر سەختی پەیڤەکانیەتی، کە وێڕای رەوتەنی ساتە فەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە دژورەکانی پێشبڕکێی چارەنووسە فەرامۆشکراوەکە و کڵپەی سووتانە شیعرییەکە، دەفراژێن.

دەقە شیعرییەکە بە کلیلی ئەم پەیڤە زەنگدارانە و ئەمدیوی وێنەکان؛ ناو ئەو دنیا بووڵێڵەی کە «ئێسکەکان و مەزراکانی تێدا دەزرنگێنەوە» پانتایی ماناکەی پێشکەش دەکات. شیعری "مەهاباد" وڕێنەیەکی سیستەماکی هارمۆنیکراوە، نەک گریان و واوەیلا. لەناو ئەم جیهانەدا، یان یاریگەیەدا، هەموو رەگەزەکان بە ئاگاو هۆشدارن (دەئاخفن)و هێمای چییەتی شوێن جەغتدەکەنەوە، تاکو قەدەری ناسنامەکانیان جەستەبەر بکەنەوە و، ئەو فێڵانەی کە بنەمای یارییە داڕێژراوەکە پێکدێنێ، ئاشکرا بکەن. لە "مەهاباد"دا واقیع، یان رووداو، لە سەختترین بۆسەی زماندا خراوەتە روو. بەڵام ئەو رووداوە، وەک داستان، ناگێڕدرێتەوە، وەک ئەوەی کە شیعری کوردی-بە گشتی- لەسەر ئەو شێوە خوێندنەوەیە رایهێناوین. ئەم شیعرە هەموو کارەساتەکانی قەدەری کورد لەناو خۆیدا چڕدەکاتەوە. دواجاریش شیعرەکە لەناو ساختمانی زماندا گووتاری ناسنامەکەی ئاراستە دەکات. - لێرەدا مەبەست لە زمان، زانینی رێزمان، یان راست بەکارهێنانی، کردار، ئاوەڵناو، بکەر و زمان خۆشی، نییە، کە رەخنەگرە ئامادەباش و وانە بێژە زارەکیە ئاساکانی کوردی، هەمیشە وەک پێوانەیەک، بێوچان بۆ هەموو نووسینێک لەسەر زاری قەڵەمەکەیاندا ئامادەیە، بەڵکە مەبەستمان لە بە ئاژاوەگێڕی و شەڕەنگێزیکردن و "خوێن لێبەردانی" زمانە لە پرۆسەی بەکار

هێناندا. بەم پێوانەیە ئاستی شاعیری ئەزموونبەخش لە ئەفراندنی پرسیارەکانی: بوون و نەبوون، لە بەرهەمهێنانی زمان و ناسنامە دا، هاوێر دەبێت.

شیعری "مەهاباد"، وەک ئەو هەموو شیعرە کوردیانەی کە بۆ هەڵەبجە و ئەنفالەکان، یان کارەساتەکانی کورد نووسراوون، لەناو گریانی نۆستالژیدا گیرخواردوومان ناکات، بەڵکە بە زمانێکی تر، دەمانبات بۆ ناو ئۆلومپیادەکانی خوا، کە خودی خۆمان و ئەو جیرانانەی کە ئێمە پێیانەوە ئاوێزانین و قووڵایی گشت کێشەکانی تیادا ئامادەن. بەرەکات، لەوێ، لەناو پێشبڕکێیەکی داڕێژراوی تەفروتوناخوازدا، بە هێزێکی بوونەوەر ئاسا، کە شیعرە؛ دۆزە رەگەز مرۆڤایەتییەکەی، لە دۆزێکی پڕ لە دەلالەت دەتەقێنێتەوە و پێشبڕکێیەکە دەبەزێنێ:
«وەک ئازارێک کورد بەرەو هەقیقەت دەچێتە پێش »...

لێرەڕا، جڵەوێ سەرایی دۆزەکەی بۆ ناو جەرگەی ئەم دنیایەی ،کە لە یاریگەیەکی پێشبڕکێی فەرمانڕەوایانەی ناهەق و ساختەبازی دەچێ و دەیبات ، تا لەسەر گومەزی شیعرێکی مەڕمەڕیدا رادەوەستێ و یاخیبوونێکی مەحاڵئامێز دەست پێدەکا، کەواتە:
«ئەم هەقیقەتە رابگرن!»

هەندرێن
١٩٩٥ / ٥-١٩٩٩
ستۆکهۆلم

**مەهاباد**

**«بۆ ئۆلۆپپیادەکانی خوا»**

بۆ ئێسکەکان زرینگانەوەیان،
بۆ مەزراکانیش زرینگانەوەیان،
بووڵێڵیش، لە سوتانێک هەڵایساوترە کە ڕێنیشاندەری مەرگ بۆ سەر نیشتەنیەکەی دەکات.
تۆ ئەی فریشتەکە، ئێستا، نە بەو هەمان پیتە بمنووسە کە ژیانی لەسەر گۆزە سازگارەکان سەر کۆنەکرد و لە مەرەکەبدا شەرم دەکاو یەقینی خۆی دەپۆشێ، نە تاراوگەی ئاواڵا بنووسە کە وەک دەرگایەک بێهوودەکان بە کلیلی شێوەکان دایدەپڵۆسن.
لێ، ئەو خەوزڕانەی کە منداڵە وێڵەکان لە باخچەیەکدا پەرشیدەکەنەوە، خەوزڕانێکی پان و بەرینە، لە ناخماندا بەسزا بەسەرچووەکان مەحفکراوەتەوە، ڕێگا بەهێزەکانیش هی قاچە بەهێزەکانن، پێچەرەکانیش کە خانووسازەکان ـ لە گوێنەدانێکا ـ بۆ ئایندەیان فڕێی دەدەن، شۆڕ دەبنەوە.
سمەکان لە نێوان من و تۆدان ئەی فریشتە: گاسنەکان، و لم و ، جادوگەران تەختەی پەنجەرەکان و دەسکی مسی دەرگاکان دەدزن. بووکە کازیوە تواوەکانیش لە نێوانی دەستەکانمدان. بەڵام یاریکەرەکان ـ ئەوانەی ـ لە مانەندەکاندا، مێژوو بەسەر کەلاوەکانیدا دەپرژێن. ئەوان ڕاسپاردەی بوڵێڵن لە نێوانماندا . هەتا مەفتەنێکیان بۆ پەیداکەین کە شایستەی ئێسکەکان بێ.
ئێستاکە یاریکەرەکان بە گۆچان درێژ و تۆپ و بازدانەکانیان و، بە ئاسنە سووکەکانیانەوە، ئەم بووڵێڵەی وەک کازێوەیەکی لە کەر بارکراو تاقیدەکەنەوە. بەڵام زەوی هانکەهانکی تەماشاکارێکی خنکاوە، کاتێک بە هاوارەوە بەرەو پەرژینەکەی رادەکا: «ئەم هەقیقەتە رابگرن.»
ئەمە چ گێڕانەوەیەک بوو کە گێڕامەوە؟ ئەوان لەوێن: راگوێزراون، ڕاکردون؛ یاریکەرانی ئاسن، چەکوش وەشێن، لە بای غاردانەوە لەمپەرەکان دەبەزێن،

بە پاڵدانەوە و قوونەخشکێ ڕێدەکەن، بە قامیشە درێژەکانیانەوە بەرز بازدەدەن، بەسەر پلیکانەکانی یاریگەکەدا لەسەر ئەژنۆ ئەو قورساییە تاقیدەکەنەوە کە بەرەو ئاگریان دەبات.
دەبێت من، لە نۆرەکەمدا، وەک یاریکەرێکی تاقیکراوە بچمە پێش، ئەو ئاسنە بەرزکەمەوە کە ئەوانیتر بەرزیدەکەنەوە، بە یەقینێکی پەردەپۆشی ئەوتۆ ، بێ مەبەستی بردنەوە، بەڵکو تەنیا لە یادی سەرکەوتنێکی نیوەچڵ و، سەر سەرفرازییەکی نیوەچڵدا لەبەردەم ئاپۆرەیەکی لێکچڕژاودا بووەستم و هاوارکەم: «ئای لە قورسییەکەم!».
چۆن، ماسوولکە بە ماسوولکە، ئێسک بە ئێسک ئاوا نەترە بەردەم؟ چۆن، خۆم لەو دیدارە مردووە بدزمەوە، کە بۆ دیداری مردووان بەستراوە؟
بەڵام ئەز لە ئاپۆرەکەی ئەوێ دەترسم، کە وەک ڕۆنی نیوەڕۆیەک بەسەر پلیکانەکاندا تواوەتەوە، بۆیە پەراسووەکانم لە ڕێزێکدا گلدەدەمەوە و سییەکانم لەسەر بووڵێڵێکی بەزیودا بەرزدەکەمەوە، من بە بەرچاوی ئەو ناوبژیوانەی کە شەونخوونی بەسەر شەونخوونیەکانی خۆیەوە دەکات، رمەکەم دەهاوێژم، تا بڵێت کە من زیاترم هاوێشتووە لە هەڵدانی رمێک بۆ ئەو یاریگەیەی کە ئێشک بۆ ناوبژیوانەکەی دەگرێت.
ئایا ئێستاکە، بازەکەم هەڵدەم، یاخۆ ئەو خوولە کورتەی کە ئاوزەکانم چاوەڕێی دەکەن ببڕم، منیش تا چۆکەکانم بەر زەوی پێشبڕکێیەکە دەکەوێ دەچەمێمەوە، چاوەکانیشم لەسەر کازێوەیەکە کە دەمامکی باوکایەتی پۆشیوویەتی؟
ئاخۆ یاریگەکە لەنێوان خۆم و هەڵاتووەکاندا ببەشمەوە؟
هەموو ئەو تۆپانەی، کە نیشانەکانیان نەپێکا دەهاوێژم، بە دانایی بەفرە ساوا لە مەمک هاڵبڕاوەکە هەڵ دەخلیسکێم؛
بەخشینەکانم پێشکەش دەکەم؛
«با»ش بە تەنها، هەنجیر لە راکردوویەک دەدزێ، کە هەنجیری نەچنیووە.
وەک باوکێک کە بە هەڕەتی باوکایەتی نەگەیشتووە، ئێوارەیەکی هەڵبەزیوو بۆ ڕاکردن دەپشکنم، لەناخمدا نێوان بازدانەکانی من و بازدانەکانی

هاوسەنگدەکەم، من بردنەوەیەکم ناوێ، بەڵکو دەمەوێ گەمەکە بە ئامادەبووان تەواو بێ، هەتا دۆڕاوان بە ناوبژیوانەکە نەڵێن نە هەوڵی سەرکەوتن بە هیچ کەس دەبەخشێ و نە ئەو لێدانانەش دەژمێرێت کە مرێنەرە.
بە هەمەحاڵ، ئەزیش لێرەم، من و ئامادەبووانیش لەوێن، ئەو لایەنانەی کە وەرگیراون بە داخورپانی خوێن وەک یاریکەرێکی دەرکراو لە پێستی خۆیان دێنەدەرێ، کاتێک کۆتایی خار خار توێکڵ هەڵدەدات و بەسەر ژاندا دەبورێتەوە؛
ئەزیش لەوێم، لە شەکەتیدابە دراوسێیەک ئاوێزانم، دەست بەسەر رۆژەکە دادەگرم تا بەدزییە کوێرەکانی جەختمبکات؛
ئەزیش لەوێم، دابەشبووم لە نێوان دوو ڕاکردوودا، لە بوولێڵێکدا کە کەسێک نەیبردۆتەوە، لە بوولێڵێکی شمشێر بەدەستدا، کە سپێدە بە بایەکی قورسکراو ڕادەکێشێ.
ئەزیش لەوێم، و لۆرییە تیژڕەوەکان بەرەو ڕوومدێن و دەستی سایەقەکان لەسەر سوکانەکانیان دەخلیسکێ. هەتا ڕێککەوتی مردنێکی تر بۆ مردووەکان دابینبکەن و ژیانێکیش بە درۆکانیەوە دابهێنێ.

ئایا بۆتان بدرکێنم کە بۆچوونە ناو ئەم پێشبڕکێیە جیرانێک چەند فریوی دام؟:
فریویدام کە من بەژنوباڵای باریک و فێڵی پەرژینم هەیە. باخچەکەمیان بەوە تاوانباکرد کە فڕینێکە بەدوای پەڕدا، جا لە تەنگەبەرییاندا ڕاکشان، لەژێر خوناوێکی قەحبەی سپێدەیەکی تێکراوی سوراحییەکی بەردینیدا،
لەهاتنە دەرەوەی منیان ڕوانی لەو دەرگایەی کە جووتێ پێڵاوی وەرزشی و کراسێکی خەڵتێنراویان لەپێش دانابوو . منیش بۆ سەرکەوتنەکەم ئەوەم بە هەلێک زانی تاکو بەژمارە دیاریکراوەکان ڕازیبم.
سەرمەستم کردن: جیرانەکە، ناوبژیوانە ژاکاوەکەو، ئەو ڕوناکەییەی پشتئەستوورە بە دارزانا# درێژەکە و یاریگەکە، تێکڕا سەرمەستمکردن.
لە توانستێکەوە بۆ توانستێک، لە مەرەکەبێکەوە بۆ مەرەکەبێک، بەڕاکردنەوە

مورووە شکاوەکانی  ئادەمییەکەم لە ژێر ئەو پێیانە هەڵگرتەوەە، کە لەپێشیدامەوە و نەیبردەوە.

ئاخافتنەکەم سەختە. ئەز دەزانم.
خوازینە چکۆلانەکەم سەختن. ئەز دەزانم.
هەنگاوەکانم سەختن، چونکو بۆ پێشبڕکێ ئامادەم کردوون.
ئەزیش سەختم، چونکو ئێوە مانای سەرقاڵبوون لە یەقینە وردوخاشبووەکە تێدەگەن، کە ڕاگوازراوان لێیدەڕوانن.
زەویەکەش سەختە، ئەو دارزانایانە بۆ بازدانن، ئەو چەکوشانای کە لە وەشاندنیاندا دەناڵێن، ئەو ڕانە بەلەز خوێنراوانەش – ساتێ ماسولکەکانی لە شەهوەتا دەتریوێن بۆ دۆڕانێکن، کە لە ژماردن نایەن، هەموویان سەختن.
یاریگاکەش سەختە، لەبەرئەوەی قورسایی گەورەی مەرگ بەدەنگێکی نەوی دەگێڕێتەوە.

(تۆ ئەی مەرگ
ئەی ئەو شمەکە کۆنەی سەر دوو شانە تێکسمڕاوەکە؛
ئەی لاستیکە لەرزیوەکە، ئەی یاقوتە لەقیوەکەی سەر ئەمووستیلەکە؛
ئەی خۆ لە میان نازناوان پەخشکراو،
هەر وەک تانجییەک بەهەنکەهەنک پەلکێشت بکات،
هەر دەڵێی یادوەریەکەت پشیلەیەکی تووڕدراو لە تارمەکانەوە دەبینێ.
تۆ ئەی مەرگ،
ئەی ئەو نقومبووەی کە هەموو دەستەکان بەهاناتەوە دێن،
کەمێک مەسەلەکانت ئاسان کەوە.)

بەڵام منی ڕاکردوو بە دارزانا درێژەکەمەوە، لەناوجەرگەی ئەو هوڕا کێشانەی کە دەمکاتە بەشداریکەری یەکەمین ئادەمییە ڕاکردووەکەی نێو جەرگەی هوڕا کێشانەکان. ساتێک کە بەهەموو هێزێکمەوە خۆم دەخەمە سەر ئەو دارە،

جەستەم ئەو شێوە کەوانەییە وەردەگرێت و هەوا لێزانییەکەم دەبینێ، ڕووناکی تیشک بە تیشک لە منداڵێتییە وێڵییەکەیدا دەستڕەنگینی لە گێڕانەوەکەمدا دەکات، چونکو من یەقینەکانیم وا وەسفکرد کە وەسفناکرێن.
لە تێپەڕینمدا، بەبازدانەوە، دانیشتووەکان بەسەر پلیکانە شێوە ئاساکانی خۆیانەوە غلۆردەبنەوە، لەسەر ئەو بازدانە چڕکراوانەی نێوان شێتی و شێتیدا دەستەکانیان توند گوشیوەو، هاوارم لێدەکەن: « کۆتاییەکە ببە»، منیش کۆتاییەکە بە لم و، چەوری و، لاپەڕەو، قیرو، پاسەوان و، سەرتاش و، سەنگەرو، وەنەوزو، تریقەو، کورسی و، پەیکەرەکانیەوە، وە ئەو لێبوردنەی کە خوێن لەپارزونگەکەی دەدەڵێنێ، دەبەم.
عەدەمیش، بەرەو ئەو سەکۆیەی کە قورسەهەڵگرەکان فەنایەکی قاڵکراو وەک ئاسنێکی هەنگوینێکی لەسەردا هەڵدەگرن، هەڵدەکوتێ. منیش شوێنەکەم لە نێوان ئینزارکراوەکاندا دەگرم – تا بە نۆرەی خۆم بچمە سەر سەکۆکە، لەپی دەستەکانم لەو لمە هەڵدەسوم کە وشکیان دەکردەوە نەبادا ئاسنەکە لە دەستەکانمەوە بخلیسکێن. لە هێکڕا ئێوارە بەرزدەکەمەوە، سی بەرد، ئەو دوو هۆقەیەی کە ژیان بۆ شەونخونی ئێوارە بەجێیهێشتبوو، ئەو گوارانەی تریش لە ڕەنگزەردی قومارچییەکان کە با بەسەر براکانیدا دەیبەشێتەوە.
ئایا ئەو ئاڵایانەی کە لەوێن بۆتان ناوبێژبکەم، کەلەسەر تارمە بەرزەکانەوە بە تفەنگەکانەوە ڕاگیراون؟ ئایا ئەو تفەنگە زۆرانەی ئەوێتان بۆ ناوبێژبکەم، کە ئەو پاڵەوانێتییەی لەشەرما بڕوا بە دەستدرێژی بەسەر کوردا دەکات؟ ئایا کورد ناودێربکەم تا شەو بە کراسە تالانکراوەکەیەوە گەرمبێتەوە؟

دوو بازدان. لە خوولی یەکەمدا، بە دار زانایەکی شکاوەوە؛
دوو بازدان، بە خورتییەوە بۆ خواوەندێکی شکاو.

ئایا ئاسمان دیلکەم تا ئەم وەسفکردنە تەواوکەم، یان ئێوارەکە بۆ خولیا وەرزشییەکانی جێهێڵم؟ ئایا لە کۆتایی پەسنەکەدا، چەکوشە هاوێژراوەکان کۆکەمەوە، یان بەم واوەیلایە بە مەتر پێوراوانەی کەلەگەڵمدان بەو خولە

مشتومالّکراوانەی کە بۆ جاڕسکردنی مرۆڤن، دەستهەڵگرم؟
کەوایە، وا لەسەر تەختەیەکی تۆکمەدا ئەم ئاسنەش بەرزدەکەمەوە کە لەژێر قاچە تۆکمەکمەکانمدا دەلەرزێ. تاقیکردنەوەی ماسولکەو تاقیکردنەوەی هەوا دەبینم، کە دەمارەکان دەگەنە چڵەپۆپەی هەڵچوونیان کە بۆ خوێن پاکیزەیی و قەحبەیی ڕێخۆشدەکەن.
ئەم ئاسنە بە حیکمەتی ئاسن بەرزدەکەمەوە.
سوێند دەخۆم کە ئەو ئاسنە بەرزکراوەی سەر دەستەکانم ئایندەیەکی شۆراوەی ناو سینەی کوردێکە
بەم جۆرە خۆم لە یاریەکەدا بینییەوە.
بەم جۆرە خۆم لە یاریەکەدا بینییەوە تا سەرقاڵمبکات، تاوەک دارتاشێک لە سەر مەزەندەکردنی گۆشەکان لەم بەزمگایەدا سەرنجبگرم، ئاساییە بۆ جیرەکردن کە ڕێ بە قوفڵەکان بدات تا ببین، بەو فیتنەیەی کە وێرانگەکان یەکدەخات.

دەبا هەموو پێغەمبەرەکان، بەو ئازارە وردەکارەی کەپەڕئاسایە ئامادەبن، تاکو ژیان وەک پەیڤینی گرۆکارەکان بەقسەبێن. با دابەشبن ساتێ کە دەبین، چونکە نیعمەتەکە بە گوێچکەیەکی هەڵەشەوە گوێڕادەدێرێت و، ئێستای ناڵەناڵکەریش بە چەنەچەنە تەلاقدراوەکانیەوە نەک بە قسەی شاهیدکاران، دەنووسێتەوە.
دەبا بازێکی بەرز بێت،
ڕاکردنێکیش لە نشێوییەکی بەرزدا
دەبا فریشتەکە لەژێر کەوانەکەدابێت،
لە دەروازەیەکی باکوریی هەقیقەتدا،
ئەو پاڵتۆیانەی پۆشیوە کە هی خۆیەتی، بوندق دەکرۆژێ، تا بە شیفایەک دەگات کە شۆخییەک نۆکەرەکەی هەڵدەبژێرێت، ئامادەبوانیش لە یاریگەکەدا بە سوراحیەکانیانەوە کە مەرگ شتێک لە نیگارە زیندووەکانی لەسەر بەجێ نەهێشت، دەچنەدەرێ.

ئای بۆ «ژەنگار»ی ڕاکردوو بۆ «تۆرۆس»، ئای بۆ «جەزیرەی بۆتان»:
شوراکان ناسکن و، پەرژینەکانیش وەک دەستەکانم مرواری دەچننەوە،
پەیکەرەکانیش ـ با ـ دەمبەست دەکەن.
بەڵام ئەوانەی، من ئاسا، بەسەر پلیکانە تاتەبەردینەکاندا بەرەو تاریکی
هەڵدەزنێن، ئەوان تاقیکردنەوەی وریاییەکی خەواڵوون لە جەنگی دارتاشاندا.
ـ ئەزیش...
من بۆم هەیە ناوبژی کەسێک بکەم؟:
دەوڵەتە ترسنۆکەکان و، قەدەرێک بەدوای تۆپە قوڕینەکانیانەوە تلدەبنەوە.
تەنیاش، بەیانیەک پرچی شانەدەکا، با خانووسازەکان بەرەو ئەبەدییەت
ڕێکەون، هەروەک ـ پاش کەمێک دوای مەرگ ـ داستانەکەم بەقەرز بدەم،
تابەسەر عەدەمدا پەرێشانە ئامێرییەکەی بگێڕێتەوە، هەروەک کورد
تریقانەوەکانیان پێ تاقیبکاتەوە، کە ئەوان سەوڵی بەستەڵەک بەرەو ئەو سەکۆ
گەورانە سەوڵ لێدەدەن کە هی ناڵە گەورەکانە.

خودێی من
ئەوانە کوردانی تۆن، خودێی من.

...بوندقەکانیش هەڵدەڕژێن، هەڵووژەکان هەڵدەڕێژن. هەرمێکان، ڕۆڵەکان
دابەشدەکەن، گەنمیش وڕینەدەکا: تا گوڵە گەنم ببێتە ویستی مەرگ،
دەبا مەرگ لەو تونێلانەی کە توێژ هەڵدەدا زەنادارتر بێت، ڕێبوارەکانیش
لەناویدا بە سرتەیەکی نزم ئاخافتنە دواخراوەکانیان ببێژن.
تۆ ئەی فریشتەکە بە بیانوویەکی زیندوو مەمبە، چونکو من ـ تۆ ئاسا ـ
چارەنووسەکان وەک میوە بەسەر بێچارەکاندا دابەشدەکەم، بە دەستە
وڕێنەکردوەکانمەوە تارماییەکەم لە دەرگاوە توڕدەدەم تا بەچیرۆکەکانی لەمەڕ
ژیان بگێڕێتەوە.
چاوەڕوانیشم مەبە، چونکو ئەز وەک ڕاکردوویەکی ناو چیرۆکەکانم. ئەو

کەسەی کە نایگێڕێتەوە دەمڕفێنێ، کاتێکیش کە داستانبێژ پایانی چیرۆکەکە ناگێڕێتەوە، ئەز دەبمە کۆتایی. گەر ویستیشت چاوت لێمبێت ئەوا دارزانا درێژەکەت بەرزکەرەوە و پێڵاوە وەرزشیەکەشت لەپێکە – تۆش وەکو من ڕاکردووی ناو چیرۆکەکانیت – گرەوەکەرەکانیش لە هەڵکوتاندنە پەسنکاریەکانیاندا دەرگا بە دەرگا دەکوتن و ئەو بەختانەت لەگەڵدا دابەشدەکەن کە ترس پیرۆزباییان لێدەکات.

لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مهاباد» وەک من، بە کەمێک ئەفە ئۆفەوە، تۆ ئەی فریشتەکە، قەیتانی پێڵاوەکەت دەکەیتەوە و کراسە خاکیەکەت دادەکەنی، تاسەر ئێسقان هەناسە هەڵدەمژیت، هەروەک پەسنکارەکان لە واوەیلاکە ڕزگاریان کردی و پێکەنین بۆ تۆ گریا؛ ؛ دەڵێی

شەڕەنگیزەیەکی

تر

لە ئاسمانێکەوە

بۆ

ئاسمانێکی تر

پەلکێشتدەکات.

ئازاریش وەک چۆن هەوا پاڵتۆ لە ئەمبارەکەیدا هەڵدەواسێ، کورتت دەکاتەوە. لە سووتانێکەوە بۆ سووتانێک با قەدەر ئەو دەسکەوتە بە هەل وەرگرێ کە کورد بە قەدەری دەبەخشێ تا لە چەنەبازییەکدا تەمبەڵە زێڕینیەکەی لەسەر زەویدا پێبگێڕێتەوە، بەر لەوەی ڕاکردووەکان بە تارماییەکانیانەوە پەرژینە ترسنۆککەی ئایندەیان داگیربکەن، کە ئەوان کراسەکانیان تورهەڵدەدا تا هەوا گەرمبکاتەوە، پێڵاوەکانیشیان بۆ گەمارۆدانێک جێدێڵن تا برینی گەمارۆدان لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێک بە پیادە بگوازێتەوە.

بایەکەش؟! چییەتی؟ دیسانەوە لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

هەر هەموو لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

هەموو لێدانێک لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

هەموو واوەیلاکان لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

دایکایەتیش بە مەمکە بەردینەکانیەوە لەنێوان وەچەکانیدا دۆشداماوە:
کە خوا بێدارمکاتەوە، لە پەسەندانێکی شێدارانە بۆ خوێن، پێڵاوەکانم ئامادە کرد، کە خوێن بێداری کردمەوە خوام ئامادەکرد.

بەڵام، وەک ئازارێک باڵەکان دەچنەپێش،
وەک ئازارێک کورد بەرەو هەقیقەت دەچێتەپێش.

وەک ئازارێک بوولێڵ کۆچاوکۆچ شوێنەکە لەسەر کیژەکانیدا دەگێڕێتەوە؛
وەک ئازارێک هەتاوی کوێر دەچێتە ناو «مەهاباد».
ئەزیش
کۆچاوکۆچ ـ بە هەمان دارزاناکەمەوە، بە دوو پێڵاوە وەرزشیەکانمەوە، بە چەپڵە کەڕە لەبیرکراوەکەی سەر پلیکانەکانەوە، کە کەسێک بەسەریدا هەڵنەگەڕا، ئەی فریشتەکە ـ ئارەقەی سەر هەنیەت وشک دەکەمەوە، بە ئێسکەکانم باڵەکانت ڕادەگرم تا ئەو زەوییەی کە لەدواتەوە، زریان بە زریان، جوانی بە جوانی دەڕوخێ بچنمەوە، هەتا دوا ڕم بۆ لایەکانی دوا خوێن بوەشێنم. دوای ئەوەش،
بە ناڵەناڵ،
بە خۆما هەڵدەچمەوە
لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

١٩٨٨

# زانا: مەبەست لەبازدانی بەرزە، یارییەکی وەرزشییە «الزانە»، بەهۆی دارێکی درێژەوە باز دەدرێت.

ڕۆناشتا بکوژن

بنوو ئەی گوڵ، بنوو
بنوو ئەی وەک منی سەرگەردان لە وەستانەکەی بنوو
سەد میل، دووسەدیان ئەوە دڵێکە، قورێکیش دوای دووسەد خڕی دەکا
گۆزەکەران بە راکێشان لە دەورەی شکۆمەندییەکانی رووحدا دەیسووڕێننەوە،
رووحیشم بێ بەهایەکە، بنوو..

دیمەن/ ڤیستیڤاڵ

ئەوەتا دادەڕمێ
ئەوەتا گوندەکان بە سەربالاّیاندا دادەڕمێن
ئەوەتا گوندەکان بۆ چیا دەەچن
درەختەکانیش لە دادگادەدرێن
پاساریەکان بەسەریانەوە دەنیشین
پاسارییەک بەسەر «بهارانک»دا بە هێوری باڵدەکرێ.

دیمەن / کۆڕس

وەچەی داهاتوو لەمەڕ خۆتەوە چیت پێ ڕادەگەیەنێ
خواش چیت پێ رادەگەیەنێ؟ فەرموو
وەک مێینەکان بەختەکانیان بریندار دەکەن ، فەرموو
با دەست بە تەنافی دەستت دابنێین و زێدێک یا زەنگێکت تیاد هەڵچنین.

پەردە

ڕۆناشتا
خانمە سەردارەکەت  ئەو گوڵە بێدارەیە ناڕازێ و،
سەدارەکەت رووبارێکە بۆ تیشکێک لە مێژووی کوردان پەردە کوێرەکەی لادەدا
و دەتپێچێتەوە، ڕادەبێت،
جا دەگەڕێتەوە و دەتپێچێتەوە، رادەبی،

بە ریشاڵی پەمۆ سەعاتەکان دەچنیتەوە؛ دەبینم بە خەملیوی دەگەڕێمەوە
جا نەرم دەبم و، دەنگم دەچمێتەوە گشت بۆشاییەکان لە ئامێز دەگرێ
ئەو لەمپەرە لە بەردە یا گیانەوەرییەی رێ لە هەنگاو دەگرێ لە ئامێز دەگرێ ،
پڕ بە باسکی وەحشەتەکەی لە ئامێز دەگرێ و دەتپێچێتەوە و رادەبێ ،
جا دەگەڕێتەوە و دەتپێچێتەوە و ڕادەبێ،
جا دەگەڕێتەوە و دەتپێچێتەوە وەک زەوییەکی کەڕی تاگرتوو ئارەزووی رۆژی
سەر رۆژەکان و  ساڵەکانی سەر رووح دەکا،
بە رادیۆم بەرهەمی دەقیقەکانت پڕ دەکاتەوە،
تلی دەکەیتەوە،
لە نێوان دەمارەکانم و هووڕاکێشانی ئافرەتێک تل دەبێتەوە؛
رۆناشتا
رۆناشتا
رۆناشتا
بە قیبلەنوومایەک رووگەی یەکەمم لە مرۆڤ بۆ دیاری کردی و لێگەڕام مرۆڤ
وێڵ بێ، بە روویدا هەڵکاڵێ،
مێینەکەی ببە و تا زەبوونێکت بۆبێ،
ببیە و مێینەکەی ببە و تا کاتت بە زەبوونی بۆلات بێت،
ببیە و مێینەکەی ببە، کات ببە و تا باڵندەت بە زەبوونی بۆ بێ،
ببیە و مێینەکەی ببە، کات و جەستەی باڵندە ببە و تا خوات بۆ بێ،

خوا ببە و بێژە بووکێنیم دەستی پێکردو
ستەمکارێک هێرش دێنێ، ناخت لە نێوان دەستەکانتدا بۆ نەمری ئاو و بۆگەنکەیەک وشکدەکاتەوە، بۆئەرمەنەکانیش دەستە بە دەستە خاپوور ریشەکێش دەکەن، بە ماین و ژنان بۆت نقووم دەبن ماوەی نۆ لە دە میل لەسەر بادا پیشانی دەدەن لە دەیە ماوەکەش وازدێنن وتەلی دڵ دەپسێ؛ ستەمکارێک بۆ باکووری دڵ هێرش دێنێ وبە چەک ە تفاقەکانت شەوێک گەمارۆ بدە، یا کاتێ دەخوازی، دووریەکانم ناسکە، پیرەکانیشم بە هەورەتریشقەیەکی نادیار دەگەن و چاوەڕێی تێپەڕبوونم دەکەن بە مەزەندەکانی حەکیمێک  خواوەندی بەفر پەنا بۆ گالیسکەکانی جەژن دەبا، کەڵەکێوییەک لەسەر درزی ئەبەدیدا سەردەبڕێ تاکو ئەبەدییەت وەک گۆڕ یەکبگرێ و، چاوەڕوانی هەڵاتنم دەکەن وەک پینەدۆزێک بە چەرمی کۆمارەکان بۆ ژنێک دەمشوا و خڕۆکە سوورەکانم هەڕاجدەکا و بزنە کێوییەک و گوڵە ئەستێرەکان لە نێوانی وەرزەکانیەتی و، ئێژێ: هێمن بە...
ئایا هێمن بم رۆناشتا؟
بەردێک لەژێر زمانمە،
چۆلەکە ترسوەکانیش لەهەناودا ئایا هێمن بم رۆناشتا؟
لەسەر گۆشەکەم رزگاریم بۆ دیار کردی دە پێشکەوە تا رزگاری یەکمانبخا، تا هەموو ژیانێ لەو گروپانەی زاوزێ دەکا جیا بکەینەوە، لەبەرانبەر رووتی نێرینەیماندا هاوار بکەین:رەهابە ئەی زیندەنی  رەهابە لە نێوان خاوییەکانی ترس ،چاوەڕێمانبە ئەی زیندەنی چاوەڕێبە.

ئێمە لە کەنار زەوین و بە پەپوولە مردووەکان لێی دەدەین،
ئاسۆیەکی هەڵشێلراو بە سپێنەی هێلکە و بۆنی باران بۆ چۆلەکە ئامادە دەکەین و
چرۆ رادەژەنین و بە شەوقی ئاو هاندراوین،
شاگەشکەی دەکەین،
هڵدەتروکێین،

هەراساندەبین،
له یاخیبوونی سەرینەکانمان، دۆشدادەمێنین
که سەرینەکانمان دەبێ بە زەنگێک بالآدەستان بۆ بیابان و لاهوتی کەڤر دەیژەنن،
گوڵە گەنمێک گەمارۆدەدەین له کەوایەکی قەدیفەی عاسێدا بە رۆژێک خەون دەبینێ که له دەشتی گوندی «سیحا»دا بەسەر دەبا،
هێڵی «رەجای سالح» گەمارۆ دەدەین پڕین باجگرەکان بۆ کۆکردنەوەی باجی زەریا رادەبوورێن، بە ڕەشپێستەکان گۆشەگیر دەبن که نقیشکی ترساو دەشڵەقێنین و لەسەر شۆستەی شەپۆڵەکان بە قورسی پاڵدەدەنەوە وەک بووکەکانی لێوبەبار دەبن:گڕبگرە ئەی ژیانگەل گڕبگرە.
لەبەرانبەر رووتی نێرینەییمان هاوار دەکەین: گڕبگرە ئەی ژیانگەل گڕبگرە.
نه بۆ زەریا و نه بۆ مرۆڤیش رزگار بوون نییە که خوا له دامێنیڕا بە قەڵغان و پژدێن تەکانیدەدا و دەڵێ: رابە،
شەوگەرد و بەندۆڵی سەعاتم بۆ زین کردی.. رابە.
لەبەرانبەر رووتی نێرینەییمان هاوار دەکەین: بۆ خوا رزگاربوون نییە، مرۆڤی خوا دەبینن له نێوان گرێ پەنجەی دەستەکانمان نامۆیە و لوولەیەک له بەرمیلی ئایندەدا والآ دەکا و بەسەریدا دەمیزێ، یا پەنجەی دەخاتە ناو لوولەکە چاوەڕێ دەکا تا مەخلوقەکان بە کەتانی سێکس گرێ بدا.. پاشان چیتر؟ لەنێوان گرێ پەنجەی دەستماندا دەمێنێتەوە له شەودا وەئاگای دێنین و ئەستێرەی رژاو و پشتەملی هێستریک و جاڵجاڵۆکە دڕندە ئاساکانی دەهاوێژینە ناو میزڵدانەکەی؛
ئەی ژیانەگەل رزگاربوون نییە، گڕبگرە.

ئێمە شەهوەتەکانمان و درەختەکانمان داپۆشت، درەختەکانیش شەهوەتەکەیان داپۆشت، له بناری هاوارێکەوە بۆ هەڵەتێ دابەزین
بە گەچ و بە ئالآکان یەکدەگرین؛ دابەزین
له گردی وەحشەتدا قەپێلکی چاوەکانمان پڕە له گەرۆزە و مراوی کەناریی بە

بازێک تورماندایە ناو مەلەکوت  ئەوەی هەڵمانگرتبوو پەرژ بۆوە، جا
مەلەکوتمان کۆکردەوە و پرژاندمان، هەمووما‌ن پرژاند و بە دامێنی
کەزیەکانمان دوورمان خستەوە و فوومان لە کەڤری چرپەکان کرد تا نەگوترێ
گەڕاینەوە
پۆلێک بە تەمای  هەڵاتن .

ئێمە شەهوەتەکانمان داپۆشت، درەختەکانیش
شەهوەتەکانیان داپۆشت، نێرگزێکیش  بێدار بۆوە تا تەوقەمان لەگەڵدا بکا کە
بۆ سەفەرو ئاسۆی رێگایەک  نسێی دەکرد،
جا رەنگ زەردی گەڕێدەش هەموومانی بەزاند.

دیمەن / ئاهەنگ

ئا ئەمەش هەسارەوانێک
بە تیلەی چاوی سێرە لە مێینەکەی دەگرێ و بە ئاورێشمی سپی و بەفرەکان
دەیتەنێتەوە.
ئائەوە لە سوورگە خوێناوییەکەیدا لەدوای گوڵئەستێرەکەی بەرگری دەکا و لە
نێوان شادییەکانی "بوان" دا پەرەسێلکەیەک لە ناوەکانی ماندووێتی
دوورخراوەیدا گەمارۆی دەدا.
ئا وا حەپەساندی و وەک گەرۆک لە گێژیەکەیدا رۆیشت و نەگەڕایەوە.

پەردە

رۆناشتا
رۆناشتا
بەردێک لەژێر زمانمە،
چۆلەکە ترساوەکانیش لە هەناودا ئایە هێمن بم رۆناشتا؟

کەنداو وگەمییەکەم بۆ دیار یکردی، دە پێشکەوە تا دەسەڵاتەکەمان وەک "رادیلە"ی شەڕ یەکبخەین، هۆزەکانی تا ئەم و ئەو خەتە جووتانە یەکبخەین، ئەوەی لە رەنگ و روومان ناڵەپێشبینی ناکرێ شەو و لانەکانی رووح ئەتک دەکەین، گوڵ و گوڵ ئاساکان ئەتک دەکەین، مەعدەن و مەرجان ئەتک دەکەن، توێژ و تارماییەکانی فیزیا ئەتک دەکەین .. رۆناشتا پێشکەوە

کانیەک وازلێ ناهێنین وەرسیمان نەکا،

خەشخاشێک وازلێ ناهێنین وەڕەسیمان نەکا،

مێینەی هەموو خوێنێکی لە عەیاری سیفلیس ئامێتەکراو بە کافوور شەرمەزار دەکەین و، ئامێری ژماردن و پارچەی لە ئەلەمنیۆمی دەوڵەت لە جەستەی بە پۆتاسیۆمی خۆشەویستی قاڵکراومان دەشێرینەوە..

پێشکەوە رۆناشتابا شەوێک بسازێنین چۆن تابووتی جیهان بە شریتی پەمەیی و، شۆڕشەکان و سمی مەڕەکان بڕازێنینەوە..

تۆ چەند نامۆی رۆناشتا

سەردارەکانت لەسەر رووباردا دەخەون و، شا ژنە سەردارەکەت ئەو گوڵە بێدارەیە کە لەژێرپەردەیەکی زەریاییدا پیتانێکی دایساوە.. رۆناشتا

من چاوەڕێی مێینەکەم تا بتپێچمەوە، هەڵمەتێکی تر لەسەر رووتیەکەم دەسپێبکەم

من چاوەڕێی خوشکەکانم بەسەر ئاشتی مرۆڤدا هەڵزنێن و پۆشاکەکەم هەڵدەنەوە

خوێنی من بە دەوری سەربازگەکەی پێشبڕکێ دەکاو،

ئاگری سەربازگەکەش غافڵ دەکا و دەمرێت

لێرەکان لە هێوریياندا ڕیز بەدوای ڕیز نوێژدەکەن و

تەیرەئەبابیلەکانیش لە هێوریاندا نوێژدەکەن و، هۆزێک کۆچدەکات، ماڵەکان تێنوو دەبن .

چاوم زەنگێکە و، ئەزیش چاوەڕوانێکم، ئاسۆکەشم

تەرمەکەی لەسەر پێخەوەکەم خاو دەکاتەوە، هەریەکەشمان

کۆچەکەی دەنێرێ و دەمرێت.

تۆ نامۆی رۆناشتا
رۆناشتا
بەردێک لەژێر زمانمە،
چۆلەکە ترساوەکانیش لەهەناودا ئایا هێمن بم رۆناشتا؟

ئائەوا من ئێستا هەڵوەدا لە دەرگای دنیا دەدەم داوای مێینەکەم دەکەم، مێینەکەشم لە پشت شێتییەکەم چوارچمکێکە ئەوەی لە ترسانەکانی دنیا دەپچڕێ بە منی گرێدەداتەوە و دەورووژێ؛ دەورووژێم و ئەندامەکانم بۆ نەوە نێرینەکانی داهاتووی لە بووکێنیەکانی دووڕەگەی رەش و سپی واڵادەکەم، دەزرنگێمەوە:
لێرەدا ئەی ئاوی نێر ،
لێرەدائەی مەرگی نێر ،
لێرەدا ئەی نێرینەی تاریکیەکان رێگاکەت
جا لاولاوەیەک بەرەو خۆم رادەکێشم و داوای مێینەیەکەم دەکەم، مێینەکەشم لەپشت شێتیەکەم چوارچمکێکە ئەسپەکان لە مەملەکەتەکەم دا بە دەشتایەکی رووت بۆ غاردانێ دەژمێرێ تا غاردان دەیکوژێ.. هاوار دەکەم: نزیک بەوە ئەی مێینەی ئاو،
ئەی مێینەی تاریکیەکان نزیکبەوە،
ئەی مێینەکەم نزیکبنەوە
ئەز لەدوای ماوەکان بە وڵاتێک پەیماندارم تۆ بۆی سەوز دەکەیتەوە،
دەشتەکان بۆ هەڵاتن رادەبن.
منیش لە هەیوانەکەمدا هەڵتروشکاوێکم،
لە هەیوانەکەمدا هەڵتڕوشکاوێکم رووبار پڕی کردەوە و سەربازەکانیش هەڕەشەکارێکن لە نائومێدی و پەرێشانیەکانم.
جامێ پەرێشانیەکانم بەسەر چەوی بەیروت هەڵدەدەم وەک منداڵدانەکان لە

کریستاڵە پرژاوەکان دەڕوانم:
«کۆڤانەکانی زارۆ بازنەیین،
کۆڤانی چرۆکانی بازنەیین،
بەیروت بازنەییە دڵیشم دڕکەزییەکە»
تەلی دڵم دەپسێنم و داوای مێینەکەم لە ماندوویێتی دەکەم:
بەدیارکەوە ئەی مێینەکەم لە چیای «صنین» و لە رووێک کە پەڕ فرۆشەکان بە «قەداسی» کاغەزەکان خەریکی دەکەن،

ئەز سێرە گرم

رێشمەکانی دنیام شل کردەوە پەڕ زانەکان بەسەرەنووکانیان و کرێکارانی خەون لێی بدەن و، هەتا راڕەوی میزە زیندووەکان رادەشلەقێ بحیلێنێ کۆتاییان دێ، باڵندە بە باڵندە جێ و بالینگانەکانیان راو دەکەم،
بەرتەکی خوێنیشم کە لەسەر کەرێکە بە درێژایی کات دەزەڕێ، راو دەکەم،
ئەز سێرەگرم

رێشمەکانی دنیام شل کردەوە، لەسەر هەموو ئەو بەندەرانەی بە هۆگریانەوە بە جەستەکان دەگەن، کوشتنم دەسپێکرد،
مێینەکەم بۆ پەڕە هەڵفڕیوەکانی گەردوون پاڵنا:
(سڵاو ئەی پەڕ)، لە پەڕدا دەستم لە ژێر سەرم دانا تا بڕازێم و بە نەرمیەکی لە پەڕ زێتر مێینەیەکەم پاڵدەم. پەڕ دڵئارامێکە خەمەکانم بەرزدەکاتەوە و لە مەڕ مێینەکەم بۆم دەپەیڤێ: (سڵاو ئەی پەڕ)، ئەی مێینەکەم سڵاو، سڵاو ئەی پەڕ.
وێرانیەک لە پەڕدا
دروێنەیەک لە پەڕدا،
بووکەشووشەو ئاسنێ لە پەڕدا، مێینەکەشم لێکچڕژانێکە،
لە پەڕدا دەستی درێژ دەکا و زەنگەی گرت و بۆ پەڕ دوعا دەکەم،

بانگدەکەم: ڕۆناشتا
ڕۆناشتا
پەڕێک لەژێر زمانمە،
چۆلەکە ترساوەکانیش لە هەناودا ئایا هێمن بم ڕۆناشتا؟

پاش کەمێ ئەم هەرێمە لاواندنەوەکانی دەنووسێتەوە،
ئەو تەرمە هێمنانەش لەسەر خۆڵبارانەکەم دەچەسپێنێ
پاش کەمێ مێینەکەم دەگرم، دەگرییێم، ڕۆژەکانیشم لە قەراغی ئاگرەکەم
کەڵەکە دەکەم و
بە هەناسەکانم لێڕەکان دەورپێچدەدەم،
هەورە تریشقەیەکیش هەناسەکانم دەور پێچدەکا
لە هەرەسەکانی دڵ و ژەنگی ڕازەکان نووشتاوەتر.
پاش کەمێ گۆڵکێکی عاشق لەبەردەم پەرژینەکەت دەهانکێنێ ڕۆناشتا
لە نێوانی چوارپەلەکانیشی شەو و، برژانگەکانت ڕادەخەین، یاپاڵدەدەیتەوە
تاکو کۆستێکت پێببەخشێ
وەک هۆیەک بۆ جێگۆڕکێی ئاسنگەران تا لە کوورەیەکدا هەڵچۆڕێین کە دنیا
وەک گێلاسێکی کێوی تێیدا دەجۆشێ،
پاش کەمێ کانزای توتیا و سەوسەنی بەردەکان کۆستێکت پێ دەبەخشن.

پاش کەمێ سەرهەڵدەگرین ڕۆناشتا
بە کوشتنی خێڵەکەمان خەتابارکراوین، وەک تیشکێک دەتریوێنێ گەر
مێینەکەی بتریوێنێ،
هەڵدەتروشکێ،
گلدەبێتەوە،
نەرم دەبێ،
مێینەکەی لە ساڵان ڕزگار دەبێ و لە ناو کیشوەرەکاندا ڕادەکا.
ئاداری ١٩٧٣

# تــــۆڵــــە

ا

پاڵتۆکان هەموویان لەوێن
بایەکان هەموویان لەوێن
هەنگاوە هەلزەلیوەکانی ناو بەفر، بەفرەکەش هەموویان لەوێن.
چرادانەکان، ماڵەکان، دواتارماییەکان، هەموویان لەوێن.
بە دەستە هۆگرەکانت  گلیانکەوە تا جوانییان لێ دەڕژێ.
بخوازە تا نمایشی زایەڵەکەت  هۆگر بێ.

ب

سوورڕخواردنێک وەک ئاکاری سپێدەکان هاتووەکان تا کۆتاییەکەم دەخافڵێن،
منیش لە گیانەڵای ژێر پەنجەرەیەکی گەورەدا، شوێنەکەم وەک ـ شەرواڵی
زیندانیەک لە سەر ئەو رستە ناسکە هەڵدەواسم، کە لە یەکەم بەزمگاوە
تا ناڵەناڵتان رایەڵ کراوە.

ج

زەبەندی  تەپ و تۆزم، من، ویستنیش گومانمە.

د

تووڕەیی نیشانەی شەوە و، ئاویش هزرێکە تژییەکەی بەرەو پێشدەچ.

ه

وەک پێڵاوێک کە بۆیەکەی دەبریسکێتەوە
وەک دەسکی لەنیکلی دەرگایەک:

ئەوهایە قیژاندنت.

پەیڤەکان

خۆر: تووڕەییەکە لە ناو دەمامکی هەوادا ون دەبێ
با: هەنگاوی وشەیە بەرەو ئاقاری پەنهانییەکەی.
دەنگ: وێرانی شێوەیە.
پەرێشانی: لە سەر قەدیفەی کۆتاییدا زێڕێکی پرژاوە.
فەزا: رەنگاورەنگی رووناکییە.
عەدەم: لە روونیشتنە وەڕسکارەکەیدا گاڵتەی سێبەرە.
نووسین: بێ باکێکە فەرامۆشکراو تاقیدەکاتەوە.
ژمارە: سەرەنجامی بێهوودەییە.
بەروبووم: سەلماندنی درەختە لە سەر رابردوویەک هەموو سەلماندەکانیش سەر شۆڕ دەکا.
دەمامک: ناڵەیەکی بەرچاو.
مەودا: هانکە هانکی جێژوانە.
دڵنیایی: ورتە ورتێکە لە دیوێکی تردا.
رۆژی حەشر: زارۆکایەتییەکە ئاوەز جەختدەکات.
زێڕ: جەنگاوەرێکە لە خان ێکدا.
ژیان: گووللەیەکە لە زێڕ.

لێ ئەی تۆی جێنیشین لە کۆتایی، دە قوولایی خەیالانroomەچۆ نەخۆ نانی شێوان سارد بێتەوە.

نیقۆسیا ١٩٨٦

# سەرچاوە:هەرسێ شیعرەکە لە "الدیوان"ەوە وەرگیراون.

# شيعر نەزانی زمانە نەک زانینێتی

**ئامادەکردن: سعادە سوداح**

زاراوەی رەخنەکاریی کولتووری تاکێتی و جوداکاریی شاعیرێک وا وەسفدەکا کە «بۆ خۆی تەرزە رستنێکە». رەنگە ئەوە گونجاوترین دەربڕینێک بێ بۆ لێدوانی ئەزموونە شیعرییەکەی سەلیم بەرەکات، کە هەر لە یەکەمین شیعرەکانییەوە بە کەرەسەیەکی خەملّیو خۆی لە گۆڕەپانی شیعری عارەبیدا سەپاندووە: ئەزموونێکی بێ وێنەیە، زمانێکی بە بڕشت، جۆرە شێوازێک کە بە هی خۆی نەبێ بە هی کەسی تر ناچێ. هەرچەندە رەخنەگرەکانیش سەرنجیانداوە کە سەلیم بەرەکات یەکێکە لەو دەگمەنانەی بەر لەوەی ناوی لە ژێرەوە (یان لە سەرەوە) بخوێندرێتەوە شیعرەکانی دەناسیتەوە، هەروەک دەمێکە ئەو تایبەتمەندییەی نەزار قەبانی باسکراوە. وێرای ئەوەش رەخنەگران سەرنجیان لەوەشداوە کە بەرەکات لە تایبەتمەندییەکی تریشدا لەگەڵ قەبانی هاوبەشە، ئەویش بڕشتی دانەپەیڤەکانە «مفردات»:- نەزار قەبانی بە جەسوورییەک کە کەسێکی تر بەر لەو نەیکردووە، ئەویش ئاوێتەکردنی دانەپەیڤەکانی ژیانی رۆژانەیە لە نێو ساختمانی شیعرەکانیدا، سەلیم بەرەکاتیش لە راسانەکەیدا پۆلێک لە دانەپەیڤەکان «فەرهەنگی» پشت گوێ خراو و جێماو لەبەر تەمبەڵی، گلدەداتەوە و بە شێوەیەکیش بەکاریاندێنێ کە «وەحشیەتەکانیان» و «سەرەتاکانیان» لەبەر دانامالّێنێ، ئەگەر چیش سەلیم بەرەکات ئەو دانەپەیڤانە بە خوێنەری هاوسەردەمی عارەب ئاشنا دەکا و لە نامۆ بوون دەربازیان دەکا.

جیهانە شیعرییەکەی، ئاسۆیەکی ئاوەڵە و بێ کۆتاییە، خەیاڵگرییەک هاوکاتیەتی کە سەرهەڵگرتنەکەی بەربەست ناکا، جیهانێکی دوور و بەر فرەیە. شوێن یەکەم رەگەزە کە ئامادەبوونێکی فرەی لەو جیهانەدا هەیە، بوونەوەرەکان (ئادەمیزاد و زیندەوەر و شتەکان) تێیدا بە ئێستایانەوە لە درامایەکی گەردوونیدا خۆسەلّماندنەکانیان دەخەنە ڕوو، کە بەسەر بەزمگە و

کارەساتەکاندا دابەشیان ناکات، بەڵکو وێکرا دەریاندەبڕێ، بێ ئەوەی لە ئامێزی زاراوەی «کۆمیدیا ڕەشەکە»دا کورتیانبکاتەوە. چونکو درامای «قەدەرەکانە»، هی دڵییەکی گاڵتەجاڕییە و، گاڵتەجاڕییەکی هی ددیڵییە. بۆیە ناتوانی بە تەنیا بە «زەین» تێکەڵی بیت، بەڵکو هەستەکانی تریش، بەتایبەتی هەستی «بینین»ت تێدا دەخرۆشێنێ و کت و مت وەک سەمای گرێک یەکسەر دەتخرۆشێنی و تێکەڵ بە سەماکەت دەکا، وێرای ئاڵۆزکاری و سەختێتی، کە ئەمانەش دوو سیمان لە بزوان و گواستنەوەکانی سەلیم بەرەکات.

ـ پ: لەنێوان «کل داخل سیهتف لاجلی، و کل خارج ریضا» و «البازیار»دا ماوەی بیست ساڵە لە شیعر نووسینتدا، ئایا چاپکردنی «الدیوان» مانای شتێکی تایبەت دەبەخشێ؟ ئاخۆ ئەوە هەڵوەستەیەکە تاوەکو بڕوانیتە سەرەنجامی شیعریت؟

ـ سەلیم بەرەکات: چاپکردنی «الدیوان» ڕێککەوتێکی پەتی بوو. بلاڤۆکەوانە «ناشر»ەکەی برادەرەکەم لێی پرسیم کە دەیەوێ سەرجەمی کۆمەڵە شیعرەکانم لە بەرگێکدا چاپبکاتەوە، منیش ڕازی بووم. ئەمەش خۆی بوێرییە. ئەمڕۆ ئەو جۆرە بلاڤۆکەوانانە کەمن لەم (بێرەواجی)یەدا سەرکێشی بە چاپکردنی شیعر بکەن. لەوکاتەی کە سەرمایەو دەرامەت تەنیا بۆ چەک کڕین و (ئاسایش) بەکاردەهێنرێ.
لەناو ئەو ڕەوتەدا من ئەو کەسە نیم کە بۆ سەیرکردنی بەرهەمەکانیان رادەوەستن. هیچ پێویست بە راوەستان ناکات. کار لەکارترازا، ریسوایی نووسراوەکە بۆ ناو گۆڕەپانی شەڕ پەلکێشی کردین. لەوێ هەموو شتێکیش لەگەڵ سێبەردا بوو بە کێشە. بەڵام ئەوەی کە لە بیست ساڵ بگرە زیاتریش لە شیعردا دەیبینم، ئەوە ئەو پیتە دووبارانەیە ، کە وەک تاریکایی دەیاننووسین تاکوو لەناو ئەو رووناکیەدا ون بین کە لە دەروونماندا بە دەستی دێنین، ئەو ناوەوەی خۆمانە کە بەسەر بۆشاییدا کراوەتەوە بۆشایی... بۆشایی...

بۆشایی . «دیوان» سەرەنجام نییە، بەڵکو دیمەنێکە کە لە ئاوابووندایە ئاوێنە دەکاتەوە.

ـ پ: هەر لە سەرەتاوە بەزمانێکی تایبەت جیاکاربووی، بەزمانێک دەستتپێکرد هەروەک ئەم زمانە لەدوای چەندان تاقیکردنەوەی پێشوو بەرهەم هاتبێ. وێرای ئەوەش وردبینی لەناو ئەم زمانەدا وەرچەرخانە هێمن و قووڵەکان دەبینێ. ئەو بازدانەی کە نەدەشیا رەچاویان بکەی روو دەدەن. ئایا ئەم زمانە و شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵیدا هێشتا دەتوانی هاوشانی وەرچەرخانەکانت بێت؟

ـ سەلیم: لەو «بازدانە»ی کە روو دەدەن تێناگەم، تەنیا لە ئاستێکی کەمدا نەبێ ـ بۆ نموونە لە رووەکدا ـ. بەڵام زمان بە رەوتە حوکمدارەکانی بەستراوەتەوە. کەچی لە شیعردا بە حوکمی شێوە بە بڕستیەکەیەوە بەستراوەتەوە کە بە رووی «چرایەتیە»کەی رەوتەکە بەدیار دەخات. شیعر نەزانی زمانە، نەک زانینیەتی. لە نەزانینیشدا بە دوا گەرانی «بازدانەکان» بێهوودەییە، چونکو بەرەو تەموومژی گەردوون «السدیم الکونی» رەوان کراوە. تەموومژیش خۆی «چڕێتییە» کە هێشتا درێژکردنەوە و روونکردنەوە بێهوودەی نەکردووە. درێژکردنەوە و روونکردنەوەش دوو سیمای پەخشانین، پاشان ئەمەش تایبەتیەکە لە تایبەتمەندییەکانی گفتوگۆی راستەوخۆ لە نێوان کەسێک و کەسێکی تردا، وەک پرۆتکۆڵی «یاسا»ی زمانەوانی وایە. بەڵام شیعر، وەک چرایەتیەکی تەمووژاوی، خۆی لەخۆیدا لەباری ترازان و دابراندایە لەگەڵ «پرۆتکۆلی یاسایی»دا. دەبا لە ئاستی بێهوودەییدا لەگەڵ زماندا دەمەتەقێ بکەین، تاوەکو سیمای وڕینەکردن بۆ شەڕکردن بەجەرگتربێت. چونکو خێراتی کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا لە ئاسایی بوونی کۆیلایەتیدا بەردەوامبوونە.

کوانێ لەناو تەمووژی گەردووندا بازدان هەیە: تایبەتمەندییەکی کوێر پریشکدەهاوێژێ و دەنیشێتەوە، تاکوو بەرەو قورسایی عەدەمیەتەکەی مانا

راکێشێ، مانای بونەوەریش بەر لە زمان و پاش زمانیش رادەکێشێ . منیش بە گوێرەی توانا ساکارەکەم، هەوڵدەدەم، دەکۆشێم، تا وەک ئازار بەو پەڕی تافی باڵا دەستیەکەی، بۆ عەدەمەکەم دەسپاک بم. بۆیە تەنیا لە پێشبینی پەخشانیدا نەبێ بازدانی تێدا نابێ، تاوەکو بە پەیوەندی دەمەتەقێیەکانی یاسایی، زمانێکی هۆگری کۆمەڵایەتیانە بۆ کۆیلایەتیەکی تر ئامادە بکا،

ئەز، بەخۆم هەرگیز نازانم کە زمانەکەم هەر لەسەرەتاوە بە «بەرگرتوویی» دەستیپێکردووە. رەنگە لەنێوان رەوتە راستەکەی زمان «لە سنووری مام ناوەندی» و لەنێوان پەیوەندییە ناجێگیرەکانی زماندا، بە ریسواکردنی مانای ئەم زمانەو بردنی بۆ ئاستی جوانی، کارەکە لە زۆرکەس تێکەڵاو بێ. ئەو کاتەی کە مانا ریسوا دەکرێ، شیعر دەستپێدەکا. شیعریش لە ریسواکردنی خۆیدا تا ئەوپەڕی بوێری زمانە: نیازی من ئەوە بوو تا وەک شەڕەنگێزەیەک لە یەکەم هەڵقولانیدا بەکاری بێنم .

کەچی لە شیعری «تازە»دا زۆر هەن بە زمانی «بەرگرتوو» و دەسکەوتە بەدیهاتووەکانی دەسپێدەکەن. ئەو رەوتە «تازە»یە بە چەشنێک فەرهەنگی عەرەبی کورتدەکاتەوە، بە رادەیەک دەتوانین بڵێین وتەی ئەم شیعرانە و پەیوەندی بنەماکانیان بژمێرین کە لە پەنجەکانی دەست و پێ تێپەڕ ناکەن.

ئەو شاعیرانەمان کەمن پێش وەرچەرخاندنی «شیعری تازە» لە ناخەوە زمانەکەیان بۆ چەشنە نقوومبوونێکی ناو پەیامە بەندکراوەکەی زمان ئەنجام دابێ. (داوای لێبوردنیش دەکەم کە خۆم لە کارێکی گەورە دەدەم)، بەمجۆرە هەر لە سەرەتاوە کارەکە بە مەزهەبی «زمانێکی تایبەت ـ بەرگرتوو» لە زۆر کەس تێکەڵاو دەکەم. کەچی گەر وردبینەکان سەرنجیان بدایە ئەوە لەناو وەرچەرخانە «هێمن و قووڵەکاندا» ئەوەیان دەدۆزییەوە. هەموومان بە دەمامک یان بێ دەمامک یاریی خۆمان دەزانین (تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە پیاهەڵدانێ برادەرەکانیان لە خۆبایی بوونە).

لێ ئەز هەر پاش خۆهاوێشتنە ناو شەڕ، لە «الجمهرات»ەوە هەمان کەسەکەی پێش «الجمهرات» نیم. وەک دیاریکردن نازانم چیم کردووە. بەهەمەحاڵ، شتێکم کردووە: تۆڵەم لە خودی داڕشتنەکەم کردۆتەوە.

بەڵام سـەبارەت بە «وەرچەرخـانەكـەم» ـ هـەڵبـەت ـ بێ كـەم و زۆر، ئەوە وەرچەرخانە لە ئازاردا.
گەر زمانەكەم لە شەڕەكەیدا «بەرگرتووە» چونكو ئەوە خودی هەمان ئازارە كە لەگەڵ رەوتی زمانەكەمدا بۆ یەقینە كەلەپچەدارەكەی هاوتامە.

ـ پ: چاكە، رەنگە مـەبەسـتـەكە «قـەڵەمـبازی» بێت و لە روونكردنەوەش ناڕازی بێت. گـەرچی بەر لە نەختـێک بەخـۆت ئامـاژەیی ئەوەت كـرد كـە لە كـۆمـەڵە شـیـعری «الجـمـهرات»ـەوە دەست پێدەكات، لەوێـوە ئەوەی بەر لەو نیت. لەلای ئەدۆنیس لـە «وقت بین الرمـاد و الـورد»دا قـەڵەمـبازی هـەیە، لـە لای مـەحـمـوود دەروێش هـەر لە «احبک او لا احـبک» وە گۆڕانێكی ئاشكرا هـەیـە، مـەبەست لە گـۆڕان ناوەڕۆک نیـە ـ گـەر وا نـاوی بەرین ـ بەڵام لە دانـەپەیڤ و پێكـهـێنان و سەختمانی گشتی گۆشەی راماندا گۆڕان هەیە.

ـ سـەلیم:ـ لەوێدا، لەرەوتی ئەدیبـدا هـەردەبێ پێگەیشـتنێكی سـەرەتـایی هـەبێ، جا بەگەرمی بێ یان شلەتێن بەدیار دەكەوێ، بەردەوامی گـەرمی یان شلەتێنی ئەو ئـەدیبـە لـەگـەڵ گـواسـتـنەوەی بۆ ئەم لا یـان لایەكی تر دەبێت، بەگـوێرەی نیگەرانی، یان دڵنیـاییـەكـەی كـە ئـەم دووانە جـەمـسـەری ئاراسـتـەكـەی دیاریدەكەن، ئەو «پێگەیشتنە»ی بەرایی، جا زووبێ یان درەنگ، لەنێو قەوارەی نووسینەكەدا چوارچێوەكەی ئەو شـەقڵـە گەورەیە بـەدیار دەخات. چونكە ئەو مایەیەی كە یەقینی زمانەكە خـەریكدەكا، لەناو ئەو «ورياييەدا»، كە بەو ئـامێرە جـووت دووربیندارەی پێـوانكارەكـان دەچێ، كـە یەكـەمـجـار لە نوختـەیەكی ئاراستەكراودا چەقگیری دەكەن، پاشان لایەكانی دەوروبەری پێ دەپێون.
تاقی كردنەوەی یەكەم كە «ئامێری سڕینەوەكە» چەقگیربوو، ئەوە خۆی لایەكی قەسیدەكەیە، یان شـادییەكی وردوخاشكراوە لـە هزری پەخشـانیـدا. جا لەوێوە لایەكانی ترو ناوەند و تەقس و سۆز و ئاستی چەسپاندنەكان دەستپێدەكەن.
لە سـێـبـەری یەكـەمـەوە شـاعیـر «ناسـنامـە»كـەی دەسـتـپـێـدەكا: نووسین لە هـەرزەكـاریدا، بۆ نموونەی ئارتۆر رامـبـۆ، یان لە چلەمـینی زاینیـدا كـە تائەو

تەمەنە چی نەبەخشیووە وەک نموونەی الزبیانی (علی ذمە الرواە)ی جوامێر.
ئەمەش ناسنامەیەکە لە «شلەتێن»ی دا وێرای «وردەکاری» دەستپێدەکا تاکوو ببێتە جەربەزەیەک، ئەمەش بۆ پەیام و برینەکەی دانایيەکی گەردوونیە.
ئەو «بازدانە»ی کە لە نووسیندا، حەزدەکەی باسی بکەی، ئەوە خۆی نقوو بوونێکە لە زرینگانەوەی دێرێکی کۆتایی هاتوو، جا ئەو دێرە دوور بێ، یان نزیک، یاوەک بەرزبوونەوەی شەپۆلێکی دژوارە کە دوورگەکەت بۆ بەدیار دەخات ـ ئەوەش نیشانەی پەیامەکە و کلیلە بچووکەکەیەتی.
لە «زمان»دا هەموو وەرچەرخانێک، لە دژوارترین تا ئومێدیدا تا دژوارتین ئومێدەواری، لە رەقترین وشکیدا تا شلکترین ئاودێری، ئاوێتەیەکە هەموویان دەسبەرداری یەکتر نابن. لەو ئاستەی کە کۆڵەکەکەی «بەرایی» «قوولبوونەوە» کەی دەرژێ ئەوە ئازادیەکەی بەرفرە دەبێ. وەک ئەوەی ئەو «بازدانە» ئەو ژمارانە دابەش بکا کە سەرژمێر ناکرێن. «بازدان» لە تاکە ئاراستەکەیدا، ئەوە خۆی ناڵە و نیگەرانیەکەی زمانە، کە دەتوانێ هەڵیکۆڵێ و وێرانیەکانی لەسەر بەرزبکاتەوە، تاکوو زێتر و زێتر ببیسترێ.
بەڵام ئەو «وەرچەرخانانە»ی ـ کە تۆ بە بازدان ناوی دەبەی ـ ئەوە خۆی لە نەزانینەکانی مێژووە، هەروا لە نەزانینی بە دوا گەڕانی «پارچە ساچمەکانە»، هەروەک هەندێ کەس وا دەزانن کە ڕەخنەگرە مردووەکانمان ناویان لە شتەکان ناوە. منیش ئەو کەسەم کە بازدانم نیە، بەڵکو ئەز لەناو سەمتێکی قووڵ، یان سەرکەشدا، وچانێکی پەژارەم، بۆ ئەو بەشە خێرە پاڵم داوەتەوە کە ئەگەر بەختەکان بیانگرێ

.

ـ پ: وێدەچێ لە چامەکانتدا «یاریی شیعر» لە دەوروبەری هێزە شیعرییە حەشاردراو و نیشاندانەکەی نێو زمان و، لەسەر «شیعراندنی» ئەم زمانەدا سووڕ دەخوات. گەلۆ ئەوە چ فەلسەفەیەکە یان چ مەبەستێکە کە ئەوەی لەنێو خۆیدا ئاخنیووە؟

ـ سەلیم:ـ پرسیارێکی دڕدۆنگ و ئاڵۆزکاوە. «یاریی شیعر» وەک نێوت برد،

ئەمە مەسەلەیەکە دەرک ناکرێ. گەر مەبەست ئەوە بووبێ کە سەرتاپای نووسین خۆی لە ڕێڕەوی «یاریی کردن»دایە.
لێرەدا «یاریی»ک لە گۆڕیندا نیە، بەڵکو جەربەزەیەکی «خوێناوی» هەیە کە وەک خوێن لەبەرچوون خوێن لە زمان بەردەدا ـ تاکوو بژی یان بمری ـ چونکو زمان راستینەی مرۆڤایەتیە، شیعریش ـ وەک هۆکارێکی زمانەکی ـ بەشێکە لە قەدەری ئەو مرۆڤایەتیە. «یاریی»ش، کە «یارییەکە» دەیبا، ئەوە سووککردنەوەی ماناکان، یان خافڵاندن و کات بەسەر بردن ناگەیەنێ.
لێرەدا قەدەری «یاریی» سەختە بۆ ئەو کەسەی کە بە «بۆسە» دانانەوەی زمان یاریدەکا، سەنگەرەکەی بکوژە و، وەک ئاسنیش رەقە.
ئەوە بەشێک لە وەڵامی رووگەی پرسیارە نادیارەکەت، لێ «شیعرییەت» ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە. بە بڕوای من تایبەت بە کەسێک نیە، تا ڕادەیەکیش بێلایەنە. ئەمەش بوێری گوتنی منە: گڕگرە و، عارەبانەی شەڕ، تیروکەوان و قەڵغان، هێلکێشەکان، پێڵاو، ئەوەش دەبێ وابێ بۆ بۆ جۆشدانی زەین بەرانبەر هەرەسهێنانەکەی.
لێ ئەم پەیڤ و دەنگانەش کە لەکۆدا هارمۆنیەک پێکدێنن، بە «زمان» ناو دەبرێ، کە لە رەوتێکی مێژووییدا بوونەتە هاوئاستگەلێکی زانیاریی «مەعریفی» «پێگەیشتوو». یاریی بە زمان یارییە بە «یاسا» یان «یارییەکی یاسایانەیە». تەنیا لەم کاتەدا زمان لە دەرەوەی خیتابە مەنگەکەدا دەگەڕێتەوە سەر «شاعیریەت» و «پەیامەکە»ی خۆی، لە نێوان ئەوانەی کە پێی دەپەیڤن.
بێگومان، بناغەی ساختمانی شیعر، خۆی لەخۆیدا تێکدانی پێوەندی نێوان گوتنەکانە، هەروا هاندانە بۆ بەگژیەکداچوونیان لەپێناو گەمارۆدانی وێکرانکردنی «مانا»دا. مانا وێرانکردن ئەوە «شیعری» منە، کە دەستپاکە بۆ کەللە رەقییەکەی. وا لە ئێستاوە کە رەوتی ئاخاوتن شێوەی وێرانکاری وەردەگرێ، دۆشدامانی رێبەدیکردن دەستپێدەکا: واتە، ئەو تەڵەیەی کە سێرە لە رووەکەی تری زانیاریی، رووە نا ئاوەدانیەکە دەگرێ، ئەم دۆشدامانە دەستپێدەکا.
چونکو، بێگومان شیعر ـ لە چینێک لە چینەکانی خیتابی کۆمەڵایەتی کە

نەفبتووەکەدا، بە دووڕوویێتی، بیانۆ داری، هەڵپەرستی، کلکە سووتێیەکەی، هەروا دەسەڵاتدارێتیەکەیەوە، خۆی گۆشەگیرە. شیعر خۆی وێڵیەتی گووتنە، وێڵیەتی ئەو زەنایەیە کە لە داتەپینی پێودانگدا تەواو دەبێ. لە زماندا، هەر وزەیەکی شیعری بەدیار بخرێت، ئەوە هیوایەکە لە «رێنیشاندەر» «هدی»ی زمانی یاساییەوە بۆ گەڕاندنەوەی گووتن بەرەو وێڵایەتیە جادووگەرییەکەی. لەسەر زمان پێویستە ـ لە ناوەوەی شیعر ـ بۆ سەرگەردانبوون، بۆ دابڕان لەگەڵ ئاواتدا ئامادەیی هەبێ.

کەواتە، کاتێک کە شیعر بەخۆی لە دەمامکی «خیتابی ئاسایی» ناڕازیە، دەبێ چۆن من لەسەر «شیعراندنی» زمان کاربکەم؟ ئەوەی کە پێویستمانە هەر ئەوەیە، بە لێدانێک لە روح، بەدەر لە پەشیمانی «خێزاندا» بۆ بنەماڵەکانمان وەک میرات لە دەسەڵاتدا: بە زیندانکراو حوکمڕانەکانەوە، بە زمان لە تەمومژیەکەی نزیک ببینەوە.

ـ پ:(چامەی پەخشانی) پەتی دەنووسی، هەندێ جاریش (چامەی تەفعیلی )پەتی، جار جارەش (هەردوو شێوە) لەیەک چامەدا لێک نزیک دەبنەوە. ئەوە چ سیفەتێکە ئەو «هەمەجۆریەت» پێ دەبەخشێ؟ لە کوێشدا زیاتر خۆت دەبینیەوە؟

ـ سەلیم:ـ ئەزیش هەروەها لاوازم. بۆ سەرەتاکان پەرێشانیەکی مرۆڤانەم هەیە، کە وامانلێدەکا لەسەر دەرگاکان، لەمەڕ شیعر ـ «بوونەوەرە سەرواداڕەکان» بپەیڤین. ئێمە هێشتا لەسەر زمانەکەماندا لە کۆدەتای شیعری ئێستادا لە بۆسەی یەکەمداین. «شیعری ئێستاکە» ـ ئەگەر بە ناوکردنە مردووەکەی شیاوبێ ـ لە رێڕەوی بڕیارەکانماندا، کە گومان دەکرێ لە کردنی، بۆ «نوێکردنەوەی» زمان و بە «تازەگەرکردنی» کێشە کڵۆڵەکان، ساڵەکانی لەسەر پەنجەکانی دەست و قاچەکان دەژمێرێ.

نوێنەرە ئەندەلوسیەکانمان نەماون، تاکو پادشاکان بە تەفاعیلی شیعرەکانیان، بەپێی «هۆکاری» کات کاول بکەن. ڤێجا مانگی چواردەی

«پێـــشـــڕەوەکـــانمان» لەســـەر دەرکـــەوت، بەو ڕەخنە بودەڵانەوە لە «کـەری شـیـعـر»یەوە بۆ «مـێـشـوولەی شـیـعـر» بوون بە هـاوڕەوتی «نوێکردنەوەی» کێشـەکان. شـەڕی «داحس و الغبراء»*ش هەڵگیرسا؟ شـەڕەکە لە بەغدا وەک کوفە نەبوو، لە قاهیرەدا وەک نجران نەبوو، لە مەلیلەدا وەک حەسەکە نەبوو. هەموو هەرێمەکان لە «تفعیلە»ی شیعر بە پێشڕەو پەیڤێ، کە تەمەنەکەی لە وێرانی ئەندەلوس دایە. ئێمەی وەرگیراو بە پێشڕەوەکانمان ـ ئەو پێشڕەوانەی کە بەحیسابی سەرکەوتنی کێشە ونەکان خەریکن هاتین ـ تاکو بکەوینە سەر ئەو «میراتە بەردەستە»ی کە لە «سەروای» کێشەکاندایە، لە یادوەریماندا (زاکـراتنا) کـاریگەریەک فـرچکی گـرت. یادوەریش ـ هەمـیشـە ـ لەناو پەرێشانیەکانیدا هەورگرە.

بەمجۆرە «شیعری تەفعیلیمان» نووسی سەرەڕای ئەو مانا پێشێلکردنەش کە ڕەنگبێ ئەم جۆرە ناوزەدکردنە، شیعر بریندار بکات. ڤێجا کارەکانمان لە «قۆنتەراتچێتی» زمانەوانیدا «بەرفراوانبوو»، تا کاتێک خۆمان لە دەرەوەی کێشـە ژماردراوەکـان دۆزیەوە. کێشـەکـانی ژمـارە لەسـەر ژمێریار چەند دەژمێردرێ. کێشەکان بۆ پیت و تیباقەکانی یەک بەدوایەکە ئەندازەییەکانە. کێشـەکـان لە زرینگانەوەیاندا سـەرگـەرمی مـانان. ئەوەش خـۆشـەویست و ژیکەلەیە، لێ ـ بێگومان ـ بەرەو «ئاماژە» داخراوەکان دەڕوا، چونکو لە زنجیرە بەندی گووتن دەگرێتەوە.

پێشان، هەروا ڕەنگبێ لەمەودواش خۆمان تاقی بکەینەوە تا زمان بگەیەنینە سیلاککردنی سەرواکەی. گەر ئەو زیاتر رزگاربکەین ـ هەروا وەک چۆن ئێستا لە پەرێشانێکی گەورە بۆ یەقینی یادوەری رزگاری دەکەین کە وەک ناوەڕۆکێک لە رابردووە جادووگەرەکەیەوە کات بەرهەمی هێنا ـ بە هەڵەشەیەکی زیاتر ـ لە ناو وێلایەتی ناکێشەکانەوە «اللاعروضیە» بۆ دیارییەکانی شیعر هاتووین.

لێرەدا، نامانەوێ، ستەم بۆ رابردوو، ئێستا، هەروا داهاتووی کێشەکان ئاراستە بکەین. بەڵام ئەو «هەڵپە» دەمبەستکراوەی کە زمان خۆی بەرەو سووتانی شیعر دەبات، هەتا مردنی خودی زمانەکە لە ڕەوتی گەمەکانیدا، لە هۆش خستنی ماناکە، بۆ «پەند» و دانایی کێشەکان بەرسڤ ناداتەوە.

پ:ـ فەرموو لە مەڕ کەژوهەوایە «سەیروسەمەرەکانی»، لە بری بەکارهێنانی زاراوەی «فەنتازیا»ی ناو شیعر و ڕۆمانەکانت بپەیڤە. لەنێوان هەردووکیاندا چ جیاوازیەکت هەیە؟

ـ سەلیم:ـ من نیم کە دەبێ بفەرمووێ لە مەڕ کەژوهەوایە «سەیروسەمەرە»کانی ناو نووسینەکانم بپەیڤێ. ئەمەیان لە نێوان جیاوازییەکانی دەربڕینی بیانی و قەرەبۆ بوونی پێوانەکان، ئەوە ئەرکی هاوپۆلکردنی ڕەخنەیە لە تێپەڕبوونە ناسکەکەیدا. بەڵام دەربڕینی «بیانی ـ سەیر و سەمەرە» لە مانای عەرەبیدا شوێنی خۆی هەیە کە لە ئاستێکی باڵای مانادا لە «باو» جیاواز دەبێتەوە: پێودانگی خەیاڵ، پێودانگی داڕشتن و هاڤرکێی پێوانەیە. مەبەستیشم لە «سەیروسەمەرەیی» ئەوە ئیشکردنە لە ناو ئەو لایەی گومڕایی چارەنووسەکان. جا ئەو جوانیەی کە پارێزگاری لێدەکا، ئەوە مەرجی ئەو ئازادیەیە کە لە ناو کۆتایی پێشبڕکێی ماناکەدایە. هەروەک ئەم لایەو ئەولایەکەی تری زمانەوانی و ناولێنانی ئەو زاراوەیەش و شرۆڤەکردنەکەشی بۆ من بێمانایە، چونکو لە ناوەوەی خۆمدا بێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەکیشم بۆی هەبێ، من ئاوە دەنووسم، ئەوەی کە قومار بە نووسینەکەم دەکا، نووسین و قەدەرەکانیەتی. هەمیشە، حەزمدەکرد گەر بکرایە بۆ سەدەی نۆزدەم بگەڕابامەوە، چونکو رابردووی ئایندە و پەرێشانیەکەمە. وامەزەندە دەکەم ـ بەلایەنێک ـ کە من بە سروشتی سەدەی نۆزدەم دەنووسم، بە سروشتی رووحیەتێک کە لەوێدا بەرەو گومڕاییەک گرێدراوە، ئەویش ئاوەزی راستینە و شرۆڤەکەیەتی، ڤێجا مەرجی مەرج لەسەر ئەوپەڕی جوانێتی وەحشەتی کەینوونەدایە. منێک کە لە شەڕەکەمدا، لە ئێستاکەوە بە پریشکە ڕەقەکانی زمانەکەی دەستەوایی «استعارە» دەکەم، تاکوو، بۆ زیانی رابردوو گەردوون لە بۆشاییەکدا یەکبخەم،وەک ئاوەز، لە دووبارەکردنەوەی قەدەرەکان لە ناو ئاوێنەکاندا کۆڵ نادات، کە تا سنووری بەسەر سنووری سەختی ڕەشبینیەکی خەیاڵاوی ئاوەڵاکراودا کە یەک بەدوای یەکیش ڕاکێشراوە.

ئایا خەیاڵگیری کۆدەتای قەدەرە، تاوەکوو تخووبی زمان خۆی ببێتە تخووبی واقیع؟ چ واقعێک بە پێوانە ساردوسڕەکانی بە ناوزەدەکردنی «سەیروسەمەرەیی» دەوێرێ، چ واقعێک لە نادیاریدا بەرهەم دێت؟
خەیاڵگیریی بەخۆی قەدەری واقیعەکەیە. راستینەی «واقیعیەتیش» خۆی چەنەبازییە لە زانستی قەدەردا.

پ:ـ لە رەخنەگرتنی واقیع یان رووتکردنەوەیدا، لە گاڵتەپێکردن و گەپجارپێکردنی، تا ئەوپەڕی دووری، بۆ بێیەقینیەکی رەها دەڕۆی. بۆ وێناندنێک کە هەموو هەوڵێک بە نائومێدی مەحکوم دەبێ؟ سەرچاوەی ئەم تێڕامانە تراژیدیایە چیە؟ بەرەو کوێش دەڕوا؟

ـ سەلیم:ـ هەرگیز حەز لە «رەخنەگرتنی واقیع یان رووتکردنەوەی» ناکەم، چونکو لە بنەچەکەدا گرفتارییەکە بە دیاریکردنی ئەو «واقیعە»ی کە پێناسە ناکرێ کۆتایی دێ. جا چۆن لە شتێک رەخنەبگرین و رووتیبکەینەوە کە نایزانین؟
رەنگە ئەم کارە بێهوودەیی تێکەڵ بە نادیاریکردن بکات. رەنگە بۆ هەوڵی شێت، لە پێناو دیاریکردنی کێشەیەک بێهوودەیی بێگەردترین چڕایەتی بێت. نازانم. لێ لە ناو هەندێک مرۆڤدا، کەللەرەقییەکی تەواو هەیە، ئەم مرۆڤانە بە زانایەکی فرەو بە بوێرییەکەوە تارادەی مردن، لە نێوان خودی خۆی عەدەمدا مەودایەکی گونجاو ئامادە دەکەن.
داهێنەرانە ئەم مەسەلەیەم «لێنەکۆڵیتەوە». سەرکێشی «المغامەرە» بەر لە مەرگە و بەخۆیەوە خەریکم ناکات، چونکو نیاز و دەمەقاڵێ و، زەندەق چوون و، رقەبەرایەتی و، زاڵماییەکەی سنوری بۆ نییە. ئەز لە ناو ئەمانەم، قەتیش لە دەرەوەی نەبوومە. لێ «سەرکێشی» نووسینی من خەریک ناکا، چونکو ئەوە خۆی دوکەڵی راستینەیە. کەچی ئەو داگیرسانەی کە لە دوای مەرگە ئەوە «سەرکێشیەکەیە». هەموو شتێک لە «رووەکەی ترە» بە قوورسایی ئەو رووەی کە ئێمەی تێداین بە یەکەوەمان دەگەیەنێ: ئاکاری رەوشتی ئاینی و

جـیـهـانخـوازی، چۆن شـرۆڤـە دەکـرێ؟ بە تەئویلکردن «سـوودمـەندی» دەسناکـەوێ، هـەروەک بە تـەئویلکردن «قـوربانیـدانیش» دەسناکـەوێ، هەرچەندیش هاندەرەکەشیان جیاواز بوو.
ئایا لە بوونەوەردا کە سـەرپەرشـتی چارەنووسی «ئەوتیـر» دەکـا، لە سنووری «تێـڕوانین»دا «قـوربانیـدان» نیـە، کـە «لەوێ» لە دوای ئـەوەدا دوکـەڵی ئەو راستینەیەیە؟
لە لایەک لـە لایەنەکـانەوە هـەمـوومـان بروامـان بە «قـوربانیـدان» هـەیە. خـودی «بێـهـوودەش» ـ لە سێبـەرە پێگەیشـتـووەکەی «رووەکـەی تر»دا چارەنـووسێک لەسەر ژیان دەخوڵقێنێ.
ئەگەر ـ «لەوێ» ـ گەمەیەک بۆ بە ئەبەدیکردنی جوانیـەکەی دەستپێبکا، یان لە جوانێتیەکەی رزگار بوو، تاکو سووڕە قووڵبۆوەکە لە ئازادی سێرە گرتنەکەیدا لەسەر وێنەی گەردووندا بتەقێتەوە.
دەبا لە رەوتی پرسـیـارێکی سـاکـاردا، لـە «ویژدان» بپـرسین، ئایا ئەو سانسۆرەی «ئەویتر» نیە، کە هەتا لە ناو هەڵەتە بوونی عەدەمیشدا نابینرێ؟
«ئەویتر ـ لەوێدا» خۆی «پەیامی» گەمـەکەیە، منیش لەو مـەودایەدا جێگیرم، کە مـەرگ بـە دوو بست بە دوو بست لە دواوەیەتی. ئەو کۆششـەش بە «نا ئومـێد بوون مـەحکوم» نیـە، بـەڵکو بەو چارەنووسـانەی کـە لـەسـەر گـەمـارۆدانەکـەی عـاسـێ دەبن مـەحکومن، بەوە شـەکـەت دەبم و، نووسـینیش شـەکـەت دەبێ.
هـەروەها ئەوەش «رامانێکی تاراژیدیانە» نیە، چونکو لە قەدەرەکان و هێزدا، لە نادیار و بینراودا، لە هـەوەس و پاکیـدا، لە دیدار و جیـابوونەوەدا، لـە ناڵە و تریقـانـەوەدا، لە نـاهەقی و مـسـۆگـەردا، لە دەرەوەی سـەرمـەسـتی و کارەساتەکانە.
ئەز بۆ «رووەکـەی تر»ی دەرەوەی یەقـینـە رەهایەکـە، کـە نایناسم رۆیشـتـووم. بەرەو «یەقـینێکی تر» رۆیشـتـووم، کـە شـتـێکیـشم بۆ جـەخت ناکـات، چونکو هێشتا تاقی نەکردوومەتەوە.
ئەویش ئاوەڵاییـەکی «نا تاقی کـراوەیە ـ اللامـتـحـان» ـ ئاوەڵاییـەکی تۆقـێنەرە، نەبینراوە، چڕە، خـێـرمـەندیەکی بێ دیاریکردن دەگـرێتـە خـۆیەوە. تۆش لە

چەمکی «نا یەقین» و «نا ئومێد»وە پرسیارێکی رەوشتیانەم لێ دەپرسی، ئەو تاقی کردنەوەیەی کە لە نووسیندا، بە خۆمی دەدەم، ئەو تاقی کردنەوەی دوای «یەقین» و دوای «نا ئومێد»ییە.
بەڵام سەرچاوەی ئەوانە هەر هەمووی، ئەوە سەیرکردنە لەو باخچەی پشت ماڵەکەمانەوە کە هی ئێمەش نیە، بۆ یاریگەی پێشبڕکێی ئەسپ.

پ:ـ بە هەمان کەرەستەی شیعرەکانت: هەمان زمان، رۆمانیشت نووسی، واقیعیش لە واقیعەکەی دابڕێنراوە ـ گەروای ناوی بنێین ـ هەروا بە رێگەی رامانێکی ئەفسانەیی سەیری ئەو واقیعە دەکرێ. ئەو شتانە چین کە ئەزموونە شیعرییەت نەیتوانیووە بە خۆیانەوە بگرێ و رۆمان توانیوویەتی بە خۆیانەوە بگرێ؟

ـ سەلیم:ـ دەبووایە پرسیارەکەت بەرەواژوو بکردبووایە: «من بە کەرەستەی رۆمان شیعرم نووسیووە». بەڵام مەسەلەکە لەمەوە نزیکترە و، لەویدیکە دوورە. تۆ ئەمە وا دیاریدەکەی کە «نووسین» بە یەک زمان دەڕوات، وەک ئەوە وایە بڵێی لە نێوان «پەخشانی» و «چڕێتی»دا کە (کە بە «شیعر» لەسەری رێککەوتووین) جیاوازیەک نیە. لێ «واقیعی دابڕکراو لە واقیعەکەی»، ئەوە سەرجەمی ئەنجامەکەیە، مادام نووسین وەک قەوارەیەک ـ رەوەند و پەیوەندییەکان دیاریدەکا ـ کەواتە بەخۆی خودی ئایندەکەیەتی. واتە خودی خۆی لە واقیعەکە بەدوورنیە، لە واقیعەکەش جیانابێتەوە. بۆیە لە زماندا، بۆ ئازادی دیمەن دەبێتە جەختکردنێک.
با لەمەڕ مانای پرسیارەکەت «واقیعیع لە واقیعەکەی جیاکراوەتەوە»، بگەڕێمەوە: کامە واقیعت مەبەستە؟ نادیاریی یە رەوشتی مرۆڤەکان دیاردەکات، وەک چۆن یاسای دانانێتی «القانون الوضعی»یش دیاریدەکاتەوە. هەروا هەرتەقەش «الهرطقە» قارەمانێتی دروست دەکا. جا چۆن بەبێ روونکردنەوەی گێڕانەوەی یاساییەکەی پەخشانی «یاسایی»، سەبارەت بە چارەنووسە بەرهەڵدراوەکان بنووسم؟

بە دڵنیاییەوە، بڕوام وایە، «پەخشانیەت» لە موخاتەبە نووسراوەکان نامۆیە. هەروا «پەخشانیەت» رۆژ لەدوای رۆژیش، لە ناو ئاسۆی جفرەکراوی ئامێرییدا بە گوێرەی ئەوانەی کە رووی تێدەکەن «ئایندەی واقیع» شیدەبێتەوە (بە تێپەڕاندنەوە)، تا وێدەچێ ئەم زمانە لە مێژووی گوتنیدا هەڕەشەی لێکراوە. لە ناخی شەهوەتەکەیەوە، بۆ ئەوەی لەسەر شتێک، وەک ئاهەنگێکی دارشتانە، ئاماژەیەکی پەتی دەستپێبکا، کت و مت وەک حیساب، تاکو بەڵگەیەکی بەڵگەنەویست بگەیەنێ. «پەخشان»یش، حیلەبازانە خۆی لە پشتێنی مانا دەپێچێتەوە. لێ پەخشان نامانا دادەمەزرێنێ و نە دەوێرێش بە زمانی گومان موخاتەبەی لەسەر بکات، ئەمەش تایبەتمەندیەکی «نا پەخشانێتیە» (یان «چڕێتی» کە بە «شیعر» لەسەر ناوەکەی رێککەوتووین). ڤێجا لە نێوان «مانا» و زماندا شەڕێکی خەفەکراو هەیە: مانای رامانی بینین، رامانی بینینیش بەخۆی چاونەترسیە. خیتابی مرۆڤایەتی بۆ مانا بەخۆی «پرۆتۆکۆڵی یاسایی» هەڵماردراوە. پاشان لە ناو ئەمەدا زمان خۆی نهێنیە. وەک چارەنووس ـ لایەنگری من لە زمان تا مانا پەرش و بڵاو بکا، دەڕژێتە ناو ئەو ماوە رەقەی نێوان «پەخشان» و «چڕێتیەکە»، راستینە بچووکەکەش تاکە نانێکە رۆمان و شیعر لەسەر هەمان مێز لەگەڵ یەکتر دابەشی دەکەن.

بەمجۆرە ناکرێ بۆ واقیع لە واقیعەکەی جیابێتەوە: تاکو بەرەو زمان بتوێتەوە لەگەڵ خۆی دەنوێتەوە، بەسەر جوانێتی یە راستینەکەی ئاوەڵایە. ئەو خۆتێهاوێشتنەی ناو «رامانی ئەفسانەیی»یەی کە دەیبینی، ئەوە سەڵماندنی گومانە لە دەربازبوونی ماناکەی، تاکو زمان لەگەڵ قەدەرەکەی «ئاشت بێتەوە».

ئەزموونی خۆم لە نێوان شیعر و رۆماندا دابەش ناکەم. لە هەر هەموو کارەکەمدا لە نادیاریدا من لە جەرگەی داگیرسانی زماندا دەڕۆم، ڤێجا دارشتن، خۆم بە تەنیا، لەناو ئەو ستوونانەی کە بەسەر ریزکردن نەژمێردراوە، رێڕەوەکانی دۆزینەوە دیاریدەکات.

ئاخۆ داستانە کۆنینەکان، بە گێڕانەوە پەخشانیەکان، «خیتابی شیعریانە» نین؟ ئاخۆ ئەفسانە و هەورەتریشقەکان لە دووڕیانی نێوان «شیعر» و

«پەخشان»دا لە گومڕاکردنی مانا نەبوون.
قــەدەری زمــان دەشــێ نا دیاریی بێ، ریزکــردنیش گــەڕانەوەیە بۆ نـەزانی: بەمـجۆرە گـرینگی نادەمـە ئەو خیـانەتکاریەی کـە «رەخنە»ی تەمـبەڵ لـەسـەر چێژی خۆی دوو تای کردۆتەوە. گەر بتپرسیبایە «بۆچی رۆمان» وەک ئەوەی تۆ لێم پرسی «بۆچی شیعر».
بەڵام ئەو پـرسـیـارە لـە چالاکـیـەکـانی «جـیـهـانەکـەی تر»، ئەو جـوگـرافـیـایە راوێژکــارەی کــە لە دەرەوەی زمــانی عــەرەبیــە، بەهانـەکـانی نادۆزێتــەوە: رۆمانـنوسەکان شیعر دەنووسن. شاعیرەکانیش رۆمان و چیرۆک دەنووسن، رەخنەی ئەدەبی و سـینەمـایی پێشکەش دەکەن، زەوی بـە رێپۆرتاژی رۆژنامـە گـەریی رزگـار دەکـەن، بێ ئەوەی کـەس لێـیـان بپـرسێ: تۆ بۆچی لەم بەرە و ئەوبەرەکەی تری؟
ژیان تۆڕە، زمانیش تۆڕە. راوکردنیش بەپێی توانایە. هەڵبـەتە، ناتوانم لەسـەر بەباشـتردانانی «شیعریەت» و بە باشتردانی «پەخشانیەت» زیاتر تێبپەڕم، بۆ ئەوەی لەســەر «جـۆرە پێویسـتـیـەک» بۆ ئەم یان ئەویتر سـەڵمـاندن پێشکەش بکەم، جـا ئەم جـۆرە ئەویتـر بۆچی: بێگومـان هـەریەکـە و لەوانـە، وەک زمـان دەتوانێ لەسەر هەبوونە تایبەتەکەی بەرسڤە نهێنیەکانی خۆی بداتەوە.
شـیعـر لە ژیان سـەرکـەوتنەکانی دەدزێ، رۆمـانـیـش دیمەنەکـە ریسـوا دەکـا.
یەکەمیان وەک عەدەم چڕە، دووەمیشیان لە بەزمگاکان شەهوانیە.
شیعر کپ و بێدەنگە، رۆمانیش وەک راستینە چەنەبازە.
هـەردووکیـان واتە (شیـعر و رۆمـان) وەک لە خۆبووردنی ژیانە لە خـۆی، چونکو لە بنەڕەتدا هەر خۆیان ژیانن، دەرژێنە ناو یەکترەوە.

پ:ـ ئەو عــارەبانەی کــە لە تـاراوگـەن و بە زمــانەکــانی بیــانی دەنووسـن، لەو زمانانە بە گلەیین، تۆ کوردی، زمانی عارەبی بۆ تۆ چ دەبەخشـێ؟

ـ ســەلیـم:ـ زمــان تاراوگــەیە. هەمــوو زمــانێک بۆ خـۆی تـاراوگــەیە، چونـکو سنوورێکە بۆ خـەیاڵگیـری ئایینی و کۆمـەڵایەتی. لێ سـەبارەت بە درۆیـەکـانی

«گلەیی کــردن» لە «تاراوگــە»ی زمــانەکــانی تر (هێ لە زمــانی دایکی فرچکگرتوو)، ئەوە دەبێ بە لێپرسینەوە مەزنەکانی «ناسنامە» بگۆڕدرێنەوە.
ناسنامە بەخۆی دڵەڕاوکێیە، زمانیش تایبەتە تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە پێی دەئاخــڤن (رطانە). بەڵام دەبا دوای ئەو هەمــوو ســەدەیە لەگــەڵ خــۆمــان راستبێـژبین. هەندی لەو عارەبانە ئەگەر بە زمانی «دایک» بیانووسیبووایە ئەوەندە «ئاســوودە» نە دەبوون، ئەوانە بەو زمــانە بیــانیــانە «ئاســوودەترن». چونکو ئەو شتەی کە ئەوانەی لەو رەوتەنیە پاراستووە، ئەوە نەزانی رۆژئاوایە لە رابردووی عەرەب و خورافەتەکەی، هەر بەوەش دەتوانن بە هەرەمێن بن. ئەو عـارەبانە زۆرن ـ یەکجار زۆر ـ کە لە ناو زمـانەکانی تر درەوشاوەن، ئەگەر لەبەر ئەو زمـانە بیـانیـانە نەبێ، کـاڵ و ئاسـایین، بۆ گـەپجـارِی ئەفسـانە رووکــەشــەکان نمایش دەکەن. پاش وەرگێـرانیـان بۆ عـارەبی، بەبێ زمـان دەمــێننەوە، چونکی ئەو بابەتانەی کــە پێــشکەشی دەکــەن، ئەوە ئاســتی «ســەرســوورمــانی» رۆژئاوایە بەرامــبەر گـەمــژەیی دنیــایەکــەی «تر» لەو زانیاریانەی کە بەسەریدا تێپەڕیووە. دنیای تواناداریەکان، کە بە ساویلکەیی و کەمزانی خۆرهەڵات بە بیابانەکەشیەوە دەژمێردرێ، دنیای «حورمە ـ ژنۆک» (الحریم) تا ئەوپەڕی دژواری: پەردە. پەچە. خەساندن، خەتەنەکردن (الختان). ئەمانەت پاراستن. ناولەپ خوێندنەوە، کچ بە منداڵی بە مێردان، حوشتر ـ ئەو بوونەوەرەی کە وەک ئەو ڕۆکێتەی کەشتیەوانی ئەستێرەکانی فەزا پێوراوە (محطات الفضاء) دەچێ.
وەک تاراوگە بەدەست زمانەوە گرفتار نیم، تەنیا بەهۆی مـەرجـەکانی نەبێ. نەک لەبەر ئەوەی زمــانی «دایکە» یان زمــانێکی «پاشکۆیی» هەڵبــژێردراوە. چونکو مـەرجـەکانی زمان ئەوەی هەیە ئەوە، لە گشت سـەرهاتنێک: هاوسێی مەرگە.
تاراوگـە بارێکی راگوزار و ئـاسـایی نیـە، هەروا بە بارودۆخی کـۆچکردن و چرپاندنی شـوێنەکـانەوە نەبەسـتـراوە، بەڵکو خـۆی دابـڕانی یەقـینە لەگـەڵ مـانەندەدا، لە هەمـوو شـوێنێکیش دەبێ بە واقیـعێک. واتە دەبێتـە خیـتـابێکی «باڵادەست» کە لە دەسـەڵاتەوە تا زمان، لە رژێمەوە تا «پاراستنی خواوەند» بۆ

هزری داهاتووی بیابانی پاش هزر، جیاوازیەک قبووڵ ناکات.
تاراوگە ئەوەیە کە تۆ لەدایک بی، زمانیش بۆ سەر مەزهەبە شاراوەکانی ڕەونەقی زنجیرەکان ڕێگا بەدیکارە، هەروەک کە تۆ هەرچەندە ڕزگاریت بێ، کەچی بەرەو کۆیلایەتیەکی گەورەتر دەڕۆی. بەڵام یەقینیەیەن خۆی کۆیلایەتیە، بۆ ئەوەی لەشوێن و ڕەقیەکەی ناو زمان ڕزگار بیت بەرەو داڕشتن جلەوکێشت دەکا.
ئەو ڕەوتەنیە، لەنێوان گووتن و واژەکەیدا، لە نێوان جەستە و شوێندا ڕەوتێکی ئازار خۆرە: ئا ئەوە کازێوەکەیە کە ئەفراندن پەیژەکەی پێ هەڵدەسەپێرێ. سەرەڕای ئەوەش زمان لە ڕوویەکی تردا، خۆی تایبەتمەندی زەمەنە کە لە ڕاڕەوەکاندا بۆ نادیاریی شوێن ڕێی پێ بەدیدەکات، هەر دەڵێی نووسین ـ وەک پرۆژەیەکی مرۆڤانە وایە ـ هەڵبژاردنی تاراوگە، هەمیشە، جەخت لەسەر ئەو ڕاستینەیەی دەکا کە لەسەر هزری نووسیندا خۆی دەپۆشێ.
ناخوازم بۆ ئەو «ئاشکرا کردنەم» بەرەو هاوکوفی عەدەمیەت، یان قەدەریەت هەڵخلسکێم. بەڵکو من دەمەوێ یەقینی خۆم دەربارەی هزری تاراوگە لە دژوارترین و بەرزترین گفتوگۆدا بخوێنمەوە.
بەڵام ترسی تاراوگە، وەک سێبەر تارماییەکی ئامادەیە، ئەمەش لەسەر «سڕینەوەی» پاسەپۆرتەکەت، یان کۆتایی پێهێنانی، بێ هیچ تازەکردنەوەیەک بۆ خۆی «هەڕەشەیەکی» ڕاستەوخۆیە. ئەو کاتە هەریەک لە ئێمە لە تەماشای «شوێندا» شەڕێکی ڕەها دەستپێدەکا.
زۆربەمان لەبەر ئەو دۆخە سەختە، ئەو پاسەپۆرتانەی کە هەڵمانگرتووە، تایبەتە بە وڵاتانی تری عارەب. بچووکترین بەرپرس، بەپێی مگێز و گوڕاحی خۆی دەتوانێ «لێت بسێنێتەوە» وەیا بۆ تۆڵەسەندنەوە دەرفەتی تازەکردنەوە دیاریبکات. کارێکی ترسناکە کە دەبێ لە هەر دەمانگدا بگەڕێی بە دوای تازەکردنەوەی پاسەپۆرتە خوێڕیەکەت، ئەو وڵاتانەی کە پاسەپۆرتەکانمان لێ وەرگرتوون، یاسای مگێز و حەوسەڵەی ئەو سەرچاوانە، هیچ دڵنیاییەکی نیە.
لە هەمان کاتیشدا شوێنەکان لەگەڵ تەواوی «هەبوونی» تۆ، بەپێی ماوەی ئەو کاتە دیاریکراوەی کە لە پاسەپۆرتەکەتدا بۆ بەکارهێنانی «مرۆڤایەتی»

دەگونجێ، مامەڵەت لەگەڵدا دەکات. هەڵبەتە، ئەوەش، لە تایبەتمەندیەکانی بەخشندەیی عارەبە.

ئەم جۆرە شتانە لە رۆژئاوادا نیە، ئەوانەی کە بانگەشەی «بەرهەستێتی» (حساسية)تی تاراوگەبوون لەو زمانانە دەکەن، کە پێی دەنووسن، وا دەزانن ئەو تاراوگە بوونە لە زمانی رۆژئاواوە هاتووە. هەتا ئەگەر بێت و رۆژئاوای «شێت»، شەیتانیەتە ئاشکراو نائاشکرایەکەی چەندیش بپێکی، بەڵام بۆ کلۆڵەکان هەر سیحرە.

بە هەمەحاڵ ـ ئێمەی مرۆ ـ تا دروشمی وەهمێکی تر، لەسەر دووبست دوور لە رەشبینیەکی رەها رادەوەستین. ئێمەی رەشبینەکان ـ پێویستە لەسەرمان، لە ئازاردا، ئەوانەی شوێنێکمان پێدەبەخشن، کە هەنگاوی کلۆڵەکان گێژ ناکا، پەسن بدەین. تاراوگە ئەوەیە کە «پەڕاوی ئیسپاتکردنی» تۆ لە «دایکایەتی» شوێن بەخۆوە نەگرێ. لێ زمان ئەوە خۆی لە ئاقاری رۆحەوە بەرەو تاراوگەکەی، بڕیاردانە بۆ تاراوگە.

ئای بۆ پاسەپۆرتەکانی عارەب ! ئای بۆ زمان، ئای بۆ نیشمەنبوون لە شوێنێک کە بوونەوەر لە بچووککردنەوە نا پارێزێ. ئای بۆ تاراوگە، کە وەک جوانیەک لە ئازاردا ئازادی دادەهێنێ. هەمووومان سووڕگووم کراوین (منفيون). هەمووتان سوڕگووم کراون.

بێ دڵنیایی، رەنگبێ من، تایبەتمەندیەکی زیادەم هەبێ لە «سووڕگوومی»دا، ئەز زمانی کوردی نازانم تەنیا بە زارەکی (قسەکردن) نەبێ، چونکو وەک نووسین بۆ ئێمە قەدەغە بوو. هەروا ـ بۆ ئێمە ـ قەدەغە بوو بێژین ئێمە کوردین. لێدانەکە، بە دیاریکردن بۆ ناسنامە (الهوية) ئاراستەکرا بوو، نەک بۆ زمان، چونکو هەر یەک لە ئێمە بە لاڵیش بێ دەتوانێ بەکاری بێنێ. خودی تایبەتمەندیەکانی ناسنامەیە ئەو ڕێڕەوەی کەبۆ بوونی «سووڕگوومبوون» و هەبوونی «تاراوگە» دەڕوا دیاریدەکات. نووسینیش بە زمانێکی «تر» داخوازی هەستێکی راستەوخۆی ناوێ بە وێرانکردنی «جیاوازیەکە»، وێرای ئەو نادیارییە بچووکەی کە جیاوازیەکە دروستی دەکات. بەڵام ئەو نکوولیە ـ رەنگە لە گوزارشکردنەکەشدا ئەنجامدەگرێ ـ ئەوە «تاراوگە» کەیە.

بەڵێ ئەز کـوردم. دەتوانم بـە هـەزار زمـان لەمـــەڕ روحم بنـووسم. لێ کـاتێک یەکێک لەم زمـانانە هـەوڵ بدات لەمپـەرێک لەبەردەم کوردایەتیـەکەم بسـەپێنێ، ئەو کاتەی لەوێ یان لێرە، لەو دۆزەخـەی کە دەسـەڵات «یاسـایەک» بۆ لابردنی جیاوازیەکان پەیرەو دەکا، ئەوە تاراوگە دەستپێدەکا.
ئەم زمـانە عـارەبیـە، بۆ من، بۆ ناسنامـەی کوردایەتیـەکەم سـامـانێکی مـەزنە. هـەروا «ئـازادیە» کــە ئازارەکــەم بەم ئازادیـە دان پێـدانـانەکــەی بە «شـــوێن» پێشکەش دەکا.

×(داحس والغبراء)، شەڕێکی نێوان تایفەکانی جاهیلی بوو کە چڵ ساڵی کێشا. (وەرگێڕ).

ـ سەرچاوە: رۆژنامەی (الحیاە)، ژمارە ١٠٦٢٩– ١٠٦٣٠، ساڵی ١٩٩٢

## ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆڵستان

### ئاراستەکردنی پرسیارەکان: ناصر مونس و صلاح عبداللطیف

پ: با مەحمود دەروێش بە نموونە وەربگرین، کە جارێک تۆی بە کەڵەشێرێکی زولاڵی گــەڕەک نـاوبێــژکــرد، هەرچەندە ئەویش نازانێت کـەنگێ لـەلای تۆدا ڕۆمانی گێڕەرەوە «السارد» دەستپێدەکا و کەنگیش شاعیریەتیش دوایی دێت. ئایا تۆ خۆت تخووبی ئەو دوو شوێنە دەزانیت؟

سەلیم بەرەکات: دوو چاوم هەیە هەمان دیمەن دەبینن. چڕێتیەکانی گێڕانەوە «السرد» و، سێبەرەکانی شیعر لە پوختەکردنەوەی ئاماژەکانیاندایە. سێبەر بەبێ چڕێتی بوونی نییە. چڕێتیش بەبێ سێبەر بوونی نییە. پەیڤەکان، بەبێ جیاوازی دانان پۆلێنکراوەکان لەبەردەم تەرازووەکەی ئاپۆڕە دەکات: ئەوانەی کە لە لایەکی تەرازووەکەدا دانراوە کە بۆ شیعر دەگونجێن لەهەمان کاتدا بۆ گێڕانەوەش «السرد» دەگونجێن. ئەز زمان لە ناسینی واژە، چین و پلەکاندا پۆلێن ناکەم، ئابڕووی هەندێکیان دەبەم و، ڕێز لە هەندێکیشیان دەنێم. زمان پێشبینیکەری کۆتایی خەیاڵ و، ڕۆشنایی گومڕاییە ڕوونەکەیەتی. خودی ڕۆشنایی لە بەربڵاوییەکەدا دەرچوونێکە لە دیلی مانا و یاسایەکەی.
لەو دەرفەتە دۆستایەتیە بەرفراوانەیدا بە جەستەیەکەوە بەرەو لای دەچم، چڕێتیەکی هەیە کە کۆڵەکەی سێبەرەکەیەتی: ئەز لەناو ڕاڕەوەکانیدا سنوورێک لەنێوان شیعریەت و لەنێوان گێڕانەوەی پەخشانیەتدا، بە نووسینەوە، نەک حیکایەتی، ناسناکەم. ئەزیش بەرەو ئاقارێکم تاکوو ڕۆمان لە شێوەی حیکایەتی ڕزگاربکەم، هەتا ئاماژەیەک و، شەڕەنگێزی ئاماژەیەک ڕابگەیەنێ، بۆئەوەی مەعریفە لە پایەی بارەکاندا بێتە بەربڵاوی و داڕێژراوییەکەی، بۆئەوەی تا دەتوانێت بەسەرنجڕاکێشییەکانی تالآنەکەی خۆی ببات.
دەکرێ ئیحاکانی شیعر ڕێکبخرێت، بەڵام نەک بە هەڵبژاردنی چڕبوونەوەکانی سەرواکانی دێڕ و، بە بەجێهێشتنی گوتنگەلێکی وەک پێوەندییەکانی جێلەقکردن لە دۆزینەوەی بەرزەخە زۆر شاراوەکاندا، بەڵکە بە سەرچاوەیەک،

کە ئەویش پەخشانی گێڕانەوەیە بەرەو تاقیکردنەوەیەکی باڵای جۆشبدەی، تا جوانی بکا و، گەرمی بکاتەوە و، بە کەماڵ و جوانی گومڕایی کە خۆی لە خۆیدا شیعرە دایڕێژیتەوە. بەمجۆرە پەخشانییەت بۆ شیعرییەت کێلدەبێتەوە، کە ئەویش وەک سیحر تایبەتمەندیەکەیەتی، هەر لەو کاتەی کە ئەزەل سیحر بووە، بوون سیحرە و، بوونەوەرەکان بە شکۆمەندی سەرهەڵدانیانەوە سیحرن.

پ: لە «کوللەی ئاسنین ـ الجنب الحدیدی»دا «ژیاننامەی زارۆکایەتی»ت نووسی و، لە «بە بەرزیەوە بمدەرێ ـ هاتە عالیا»دا «ژیاننامەی لاویەتی»ت نووسی. لێ دەبێ لەم پێکهاتنەدا تەوەری ساتێکی سێیەمیش هەبێت؛ کەی لەسەر شریتی فۆتۆگرافییدا تۆماردەکرێ؟

سەلیم: نووسین بە چاوی زارۆکەکەوە لاسارییەکی زامدارانە نییە، بگرە گەر وێنەکانیش زامدار و دڕاویش بن. ئەو کەسانەی کە لە دێرەکانی هەردوو ژیاننامە دەرچوون، هەمان هەواڵیان خوێندەوە، کە دەیانزانی لە بەرپرسیارییەکانی ئەخلاقی و یاسای پەیوەندییەکان بێ خەوشن. ئەو کەسانەی کە مەملەکەتی مەرەکەب نووسینیانەوە بچووک بوون، کە باڵغەکان سزا نادەن.
بەتەمەنەکان، بۆ ئەو واقیعەی کە پەیوەندی بە بارودۆخەکانیانەوە هەیە بۆ خۆیان بیانۆ دەدۆزنەوە. نووسینەوەیەکە نووسینی زارۆیە و لە فتوا دان دانایی وەرناگرێ. هەروەک پێیان گوتم، گەر لەسەر ئەو شێوەیەی کە دەمامکی مەرەکەبم لەبەرکردن بە خۆیان خوێندیانەوە (یان بۆیان خوێندنەوە)، هەموویان پێکەنین. لێ ئێستائەگەر من فتوام دابێ و هەوڵمدابێ زیندە نییە پچڕاوەکانم لە گێڕانەوەی ژیاننامەکانییان بهێنمە دەرێ، ئەوکات من لەسەر جۆخین ـ خەرماندا ـ حوکمی ـ با ـ م هەیە. بە هەمەحاڵ، نیازی ئەوەم نییە، لە قەزاوە بۆ قەدەرەکان ببمە چاودێر، کەچی خودی پرسیارکەر کە وەک پێشنیاز بۆ نووسینێک دەیڵێم، کە ئازاردەر، یان بریندارکەر، یان پشتلێکەر،، یان ڕیسواکەر، یان تانەلێدەر، یان فراوانکەر، یان سەرگێژکەر، یان ئاشکراکەر،

نییە. ئەز لەسەر دەیان مرۆڤ و، داپۆشینی خەوشەکان و، پارێزگاری رووتێتی و، زیان پێنەگەیاندنی ژیان، وێڕای بەختکردنی ئاسایش بۆ هاتوچۆی نێوان پەیوەندییە تێکچووەکان، بە بەخشراوی نووسینێک دادەنێم. ڕەنگە بتوانم ژیاننامەی سێیەمیش بنووسم، کە نیوەی بەخشراوبێ لە داڕشتنی شتە بچووک و، دڵە بچووک و، سەفەر و، هاوسێیە میهرەبان و ڕەزاگرانەکانمان، وەلێ، لەلایەک لە لایەنەکان ئەوانە ساختە دەردەچن. زامداری، گێلی، تووڕەیی، نهێنی، توونددووتیژی، کاروبارێکی لایەقدارن بەوەی ببنە پێشەنگی ژیاننامە؛ پەیکەرەکە بەشوێنی کێ بگۆڕمەوە؟

پ: ئێمە وا دەبینین، کە ئەمڕۆ ئەوەی بە ئەدەبی باو ناودەبرێ، بە ئامێرێکی تەمبەڵ دەچێ،کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەوڵێکی فرە دەدات.. ئێمە بەرهەمگەلێکی فرەی عەرەبی ئێستاکە دەبینین، تەنیا بە دەگمەن نەبێ، هێشتا لە کێڵگەی گیانلەبەرەکانی نەچۆتە دەرەوە (بارودۆخێکی بێ ڕادە بەرتەنگە، کەچی هاوکات نموونەی داهێنانە شیعرییەکانت خۆیان پێشکەش دەکەن بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بەها ڕاگەیەنراوەی شیعر ببنەوە، کە لە مەرجەعە ڕەسمییەکانی ئاخاوتنەوە بڵاوکراونەتەوە).
چامەکانی تۆ بە پرسیارێک هاوار دەکەن و نووسین جۆشدەدەن: تا ئێرە ئیتر بەسە، شیعر بەشی خۆی لە دەنگدانەوە وەرگرت. ڕای تۆ چییە؟

سەلیم: کە لە پەنجا و شەستەکانی ئەم سەدەیەدا، خەیاڵی شیعر خەباتی دەکرد بۆئەوەی لەو بارە داڕشتنە وێکچووەی شیعری عەرەبی دەربازبێ، بۆ ئەمەش بۆ داوەتکردنێک سەنەدێکی وەرگرت، کە شیعر بتوانێ پشتی خۆی زیاتر بە زانستە مەزنەکان قایم بکات. هاوکات بۆئەوەی نەزمە خاوەکان لە نێوەڕۆکەکەیدا توانادار بێت؛ شیعر دەبێ ببێتە پانتایی گشت ڕۆشنبیرییەکان؛ لە تایبەتمەندی شۆڕشگێڕییە کۆپیکراوەکان ڕزگاری بێت.
ئەو خەیاڵە شیعرییە، مەرام باشە، تەنیا گرێیەک یان نیو گرێی سەدەیەک زیاتر نەژیا، لە شەستەکانەوە تا سەرەتای هەفتاکان، پاشان شیعری

(ئامادەی شەرمنامە(!) ـ الغضة الاهاب) بەرەو ئاژاوە ڕۆیشت، وێجا خودی ئاژاوەش بوو بە فۆرمێک. ئاژاوەش تایبەتمەندی خۆی هەیە کە دەکرێ ڕێکبخرێ و، بەشبکرێ وەک چۆن «مەبەستەکان»ی شیعری وەزنکراو بەشدەکرا: کرچ و کاڵی کە بناغەکەی لەسەر بۆشایی، نەزانییەکی تەواو لە زماندایە لەلای ئەوانەدا ڕسکانێکی کوێرانە بەرەو نەزانی لە کەلەپووری ڕابردوودا هەیە، جگە لە زانین لە کەلەپووری هەنووکە نەبێ. ئازابوون لەسەر سووک و سانایی. بۆ ئەم گاڵتەجاڕیکردنە بە شیعر هۆگەلێک هەیە، هۆیەکەش لە بنەڕەتدا بۆ «مردنی ڕەخنەی ئەدەبی» دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵکردنی گێژەنی سامانی نەوتی عەرەب، کەمێک بەر لە ناوەڕاستی هەفتاکان، ڕۆژنامە و، گۆڤارە پروپاگەندەچییەکانی ڕژێمەکان گەشەیان سەند. زۆربوونی ئەو کاغەزە بە مەرەکەب چاپکراوانەی کە بەنرخی هەرزان کڕدراون و، تەقلیدی کردنەوەی بەربڵاوی لاپەڕە ڕۆشنبیرییەکان بوو بە واقیعێک لەسەر ئەو گەڕەلاوژەیە. دامەزراندنی فەرمانبەران گەیشتە ئاستێک کە هەرکەسێک بتوانێ، بەبێ هیچ شارەزاییەک، لەو چاپەمەنییانە دابمەزرێن. «چالاک»ی بوو بە ڕوانگە، ئەو پێوانەیەی، کە تا چەند دەتوانێ ئەو لاپەڕە پان و پۆڕانە پڕبکاتەوە، کرا بە سەند بۆ پیشەی نووسەری. نرخاندن کوژرا، هاوەڵی هەڵبژاردن، هۆشمەندی ڕەخنەی کوشت. هەڵبژاردنی بە باشتردانانی نەزمە نەخوێندەوارەکان بەو سەرنجانەی کە لە زمانی بەگشتیکردنی تەمبەڵی، کە لەسەر هەموو دەقێک بگونجێ، بۆ چێژ وەرگرتن دەستی بە بانگەشەی ساختەکاری کرد.

بەر لەو نەخۆشییە، چەند گۆڤارێکی دەگمەن هەبوون، بەرێژەیەکی زرینگانەی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی دەق، ئەرکی «ڕێنیشاندەر»ی چێژیان ئەنجامدەدا. چەند ئەدیبێکی کەم هەبوون کە لە پیشەی خۆیان پسپۆر بن و، ڕۆژنامەکان بەڕێوەببەن، نووسەرە ئەماتۆرەکان بە زانیاری دەقەکان نەدەوێران، کە بەبرواداریەوە پێشکەشیان بکەن. ڕەخنەگرە شارەزایەکان لە کەرەسەی زمانەکەیان پەرش و بڵاو بوون. ئەوان لەناو ئەو ئاپۆڕەیەی کە بەرەو یاریگە چوون، شەکەت بوون و توانەوە، ساویلکەکان بەبێ شارەزابوون لە کێشەکان

ڕەخنە لە شیعر دەگرن، بێ ئەوەی لە زمانەوانی تێبگەن ڕەخنە لە زمان دەگرن. پسپۆریش «الفقة» خۆی لە خۆیدا گوتنە لە زانستی قوفڵدراودا.
چۆن جیاوازییەکانی بونیاتی زمانەوانی، لەنێوان یەکێک و یەکێکی تردا، دەزانن؟ وێڕای ئەمەش ڕەخنەگرەکان چێژی شیعری حاڵی حازر و، «لێخوڕی» نەزانییەکانن.
هەڵبەت، لە هەموو سەردەمێکدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەمان نموونەیە کە دووبارە دەبێتەوە. بەرهەمی باش و ڕاستەقینە دەگمەن دەبێ، هەمیشەش نموونەی بەرهەمی میراتهەڵگر، باو و داسەپاو دەبێ. بەڵام ئێستا نەزانی لە پۆلێنکردنی دەقەکاندا، هەموو نەزانییەکی بێدارکردۆتەوە. بەمجۆرە بەهۆی ئاسانکردنی ئەوانەی کە سەرپەرشتی بڵاوکراوەکان دەکەن، بڵاوکردنەوەش بارێکی لە ڕادەبەدەری جەڵەبی وەرگرتووە. پەیوەندییەکانی شاعیرە خاوەن کەسایەتیە کرچ و کاڵەکان وایلێهات لەپێناوی ڕێخۆشکردن بۆ کتێبە هەلهەلە بۆ کراوەکان و، ئەو وتارانەی کە بۆ پەسندانی باشی دەقەکەی دەنووسرێت لە ژماردن بەدەرن. لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، خوێنەری ڕاستەقینە، نادیار، ئاژاوەکە ڕەتدەکاتەوە، ئەم جۆرە خوێنەرەش لە ڕۆژنامەکاندا لەپێناوی نووسینی پیاهەڵدەر، کار ناکات، بە خوێندنەوەی خوڵقێنەرانەکەی دەقەکەت، کە دەقەکەی تۆ تینووی ئەوە، بە دڵنەواییەوە پیرۆزبایی لە ڕۆحت دەکا.

پ: لە دوا دیوانەکەت (سەرکێشی یاقووت ـ طیش الیاقوت)دا «بە پۆلێنکردنی تاڵانەکان» دەستپێدەکەی و، بە زمانێکی خەیاڵاندن لەگەڵ مەرگدا دیالۆگەکان دەخوێنینەوە، هەروەک مەرگ خۆی کردار بێت، یان مەرگ خۆی ئامادەییەکە کە تیایدا نیشتەجێین. ئەوەش کەلێنێکە نەک چوارچێوە، ئەو شاولەیە کە ئاسۆی دەقەکە پشتی پێدەبەستێ. ئایا چونکو دیمەنەکە ناگۆڕێت؟ یان چونکو ئێستاش خەیاڵمان پڕە لە ئاشی وەهمی و، کەڵەشێری ماڵیکراو، تائێستایش لەناو دیمەنەئەبسترکتەدا ماوینەتەوە بە پەیکەرێکی گەردن شکاو دەچین؟

سەلیم: ئەوە جەستەیە کە مەرگ دروستدەکا. کەرەستە شاردراوەکەی بە

تێکچوونی دەستپێدەکا، لە دۆزینەوەیەکدا کە بە مەرگ ناوی دەبەین. مەرگ لەوێ لە غەیبەکەیدا، نادیارییەکی لێڵ نییە. ئەو زوقمە چاوەڕوانە بۆلای تۆ نەهاتووە. ئەو دیلی تۆیە: دیلی شانەکانتە. لە کۆتاییتدا کە پێشکەشی یەقینەکەی دەکەی لەدایکدەبێتەوە. بوونەکەشی دەبێتە دەستکەوتێکی ئامادە. بەبێ بوونی تۆ ئەویش نابێت. ژیانی تۆ مەشقکردنە بۆ ئامادەکردنی مەرگ تاکو پەیدابوونێک بە ساغی دەربازبێت. هەر لەو کاتەی کە تۆ دەمامکی زیندوویەتیت پۆشیووە تۆ خۆت مەرگەکەی، چونکو هەموو ئادەمیزادێک لە خودی خۆیدا دووردەکەوێتەوە، کە ئەوەش لە پەیوەندییەکانیدا نەریتێکە لەگەڵ بوونەوەرە زیندوو و بەستەڵۆکەکاندا، بۆئەوەی تایبەتمەندییەکانی خۆی و پایەکانی بناسێ، ئادەمیزاد - پێویستە - بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە مەرگ بناسێ، چونکو مەرگیش بوونییەتی.

باغچە، شەقام، لۆری، تۆز و با، بێهوودەیی، یەقین، گشتی، ساکار، ئاکار، دۆستی کچ، برادەر، دۆستایەتی، زەوی، خودێ، نامەعقول، شەفافیەت، ڕۆناکی، تاریکی: هەموویان بەشێکن لە خودە تاکەکەی تۆدا. ئەزیش گەر لە بەشە چکۆلەکاندا لەگەڵ مەرگ دەدوێم ئەوە ڕێژەیەکە لە بوونم؛ بەڵکە لەگەڵ خودی خۆمدا دەدوێم، کە لە شەستەکان و، خولقاندنەکاندا دابەشمکردوون، کە ئارەزوو ئامێزانە لە ناوکۆیی دەستپێکردنەکەیەوە - مەبەستم زمانە - بیگێڕمەوە.

پ: لە زۆربەی دەقە شیعرەکانتدا وشەگەلێکی وەک «کەڵە»، «بزنەکێوی»، «فاس - الوشق» دەبینرێن، کە چەمکی «ئازادی» و «دڕندایەتی» و «دژوار»یمان بەیاد دێنێتەوە. لێ ئاکارەکانی زمانی دەلالیەتی لەلای تۆدا چەمکی «ماڵیکردن»، یان «لێزانی»مان بەیاد دێنێتەوە. ئایا تۆ هاوڕای لەگەڵ ئێمەدا، کە نموونەی دەلالی «بازیار»، کە لە کۆشیعری «البازیار»دا پێشنیازت کردووە، کە زۆربەی بەرهەمەکانت لەدەورەبەری خۆیدا دەچنێتەوە؟

سەلیم: ڕەنگە، گوتنەگەلێکم هەڵبژاردبێ کە دەلالەتی گیانلەبەر بگەیەنن، کە

ئەمەش لەنێوان پەیڤەکاندا لە کاکڵەی خەیاڵی لێڵی منداپە. دەکرێ ڕۆیشتنم بۆلای گیانلەبەر «لەزۆر وتار و ئاخاوتنەکان» لەبەرئەوە بێ کە «گیانلەبەر» بە تەماهیەکی ڕەها لەگەڵ غەریزەدا خودی ئازادیە. بۆ پێویستیەکانیش یاسای بچووک هەیە، هیچی تر نا. ئەمەش لە خودی لێپرسراوییەکانی ئەویتر بێ خەوشترە. لەسەر ئارەزووشدا بێدارە، نەک لەسەر شتی تر. روانینەکەی وەک خەیاڵ بەسەر نەزانی بوونە نەجیبزادەکەیدا بەرهەڵدراوە؛ لەنێوان بوونەوەرەکاندا ئاگاییەکەی دەبێتە وەفادارییەک بۆ ئامادەیی سەرهەڵدانە فەرهەنگیەکەی. سروشت بۆ عەدەم وەفادارییەکەی بە پوختەکراوەیی ڕادەگەیەنێ، کە لە بیرۆکەیەکی کوێردا هاتووە. پەڕینەوەیەکی بێ هەرا و زەنا، یان لاواندنەوە، یاخود پەشیمانبوونەوەیە. بێ ئومێد و بێ ڕەشبینییە. ئەو سەهوەیە کە لەدەرەوەی فیکری هەڵە یان ڕاستدا سەریهەڵداوە، سەهویەکی ڕاستیش، جوانترە، پڕە لە ڕۆڵی کوێرانەی بێگەرد. گیانلەبەریش ئاوەگڵ نییە. پێویستە چەمکی «ماڵیکردن» بەشێوەیەکی تر تەماشابکرێ، کە من پێموایە لە پەیڤی «هاتنەگۆ» وەفادارترە. من نامەوێ دڕندەیەکی نەجیبزادە ماڵی بکەم، بەڵکە من هاتنەگۆی چیتیەکانم «ماهیات» گەرەکە. ئەمەش مانایەکی ترە بۆ ڕاو کە نزیکە لە «دەستبەسەرداگرتن»ی جادووگەر بۆ تایبەتمەندییەکانی ،لای من «البازیار»یش هەمان شێوەیە. من مەبەستم مانا تەئویلیەکەیەتی، لێ ئەو دیمەنە سروشتییەی، کە بەسەر زۆرانبازیەکەیدا بەرانبەر ئەنجامدانی بازی ڕاوکەری ئاوەڵا دەکەم، ڕەنگە سەرکەوتنی تەمتومانی هەست بگەیەنێ، هۆیەکەشی وێنەگرتنی هەستکردنەکەیە، دەلالەتەکەیە. لێوردبوونەوەی ئەو تێگەیشتنە ڕاستدەکاتەوە.

پ: چامەی «مەهاباد»ت سروشتێکی نوێی هەیە «واقیعیانەیە»، لەم چامەیەدا وێڕای ڕامانی دەلالیانە دەلالەتی ئیدۆلۆژیی لەخۆیدا هەڵگرتووە.
شوێن کات و فیکریەت دەنووسێتەوە و، شوێن دەپارێزێ و، بەهۆی ئەمەشەوە ئەوەی کە داپۆشرابوو، شوێنەکە ـ مەهاباد ـ بۆ ئێمە دەردەخات.

سەلیم: وابزانم لەم پرسیارەدا بەسەهوچوونێک هەیە. ئەز شوێنێک بە خەیاڵ ناکەم کە تایبەت بێ بە دەلالەتی گوتن لە «مەهاباد»دا، کە لە نیوەی ئەم سەدەیەدا بەم ناوەش کۆماری کوردی ناودێرکرا.
واقیعیەتی هەبوونی ئەم کۆمارە و، ڕووخانی پاش چەند هەفتەیەک لەدوای دامەزراندنی، چەند جیاوازییەکی تێدایە کە تایبەتیە بە ڕووحی کوردییەوە. لەو کاتەی کە کوردان بە کۆمەڵ بە کیمیا قەسابخانەیان بۆ بەرپاکرا، ئەو ناوەم «مەهاباد» وەرگرت، هیچی تر نا. بەڵێ ڕووداوێک بوو. بەڵام ناکۆکی ناوکۆیی «السیاق» مکەم بە تێکەڵاوکردنی واقیعیەتەکانی ئۆلومپیادەکان بونیاتنا، کە لەو ساڵەدا ئەنجامدران. ئەوە بوو من چامەکەم بە «ئۆلومپیادەکانی خوا» پێشکەشکرد، ئەو قەدەرەی کە ماندوویەتی دوژمنی دۆڕاو لەنێوان هاویاریکەرانی جەغتدەکاتەوە، قەدەرێکە کە بە هانکە هانک لە یاریگەیەکدا رادەکا، بازنەکەشی لە سنوور بەدەرە. مەبەستم کوردە (بێ بوونی هیچ ئاماژەیەکی ئیدۆلۆژی لە بوونی چامەکەدا) هەموویان بەر لەوەی یارییەکە ڕووبدا بەرانبەر حوکمڕانەکان حوکمیان دەکرد. ئەز «پلان»ێکی لۆژیکی بۆ ئەم تەفسیرەم پێشکەشدەکەم، چامەکەش لەوە دوورترە. ئەو چامەیە ڕاستی ژانە باڵدارەکانە.

پ: وا دەبینرێ کە دەقە شیعرییەکانت زۆربەیان خۆیان لە بناغەیەکی چەمکی تەئویلدا دەبیننەوە، تۆش نێوان سیمۆتیکی سومبلەکان و سیمۆتیکی دەق یەکدەخەی. ئایا تا ئێستاش لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو خیتابە خەریکی و لێی بەردەوامی؟

سەلیم: چامەکانی من لەسەر سەرکێشی بەرفرەی خەیاڵدا بونیاتنراون، ڕەخنەش دەبێ بە تایبەتمەندییەکانی تەئویلکردن ڕێگەیەک بۆ لێنزیکبوونەوەیان بدۆزێتەوە، کە ئەمەش خەسڵەتێکی هاومانای خوێندنەوەکانی «دەقی سیحری»یە، کە لە هالاوی ماناوە نموونەی زمانەکەی دەستپێدەکا: ئەز و گەردوون لە ڕووبەڕوو بوونەوەداین بۆ بە پلەکردنی

لوغوزەکـان. یەقینیش کـە بوونی ینیە. سـەرگێڕی کەینوونە بە ئامێرەکانی ئاوەزێکی یاسا ئامێز سەرهەڵدەگرێ کە لەوێدا چامە لەپێشەوەیانە، ئەزیش قەزا «چارەنووس»ی هەڵاتوو دەگێڕمەوە.

پ: ناونیشانی کۆشیعرەکانت «بگرە ڕۆمانەکانیشت» بریتین لە وێنەیەکی تەئویلکراو. بە هەستێکی ڕۆشنەوە لە بەیاننامەیەکی زەینی وەسفکراو دەچن. بەرەکات چۆن دیاری بە ناونیشان دەبەخشێ؟

سەلیم: لەڕاستیدا، ناونیشان خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. ئەو ناونیشانەی کە دەگونجێ بۆ کتێبێک، دەکرێ ناونیشانێکی تری هەبێ. هەموومان رستە لە کلیلەکەیەوە بەسەر دەرگەی دەقدا سەرەو ژێر دەکەینەوە. یەکێک لەوانە بە قوفڵی ڕامان دەچێ. یەکێکیش جا هەڵەبێ یان ڕاست، هەڵبژاردنە دڵنیایەکەتە، گەر تۆ تیرەکەت بە چاکی بەرەو ناخی مەرەکەبەکەت پاڵنا. لەنێوان شیعر و ڕۆماندا «شەکەتی» هەڵبژاردنی ناوی دڵنیا بۆ وەرەقە لەدایکبووەکەت جیاوازی هەیە. ڕۆمان بۆ درەخشانەوە و ڕزگاربوون پێکڤە بەربەیانێکی ئامێتەیە.ڕوانینی پێوانەکارەکە تخوبی دەستنیشاندەکا و، بۆ پێوانەیەک کە بەشی داپۆشینی شەو بکا پیتە پێویستەکان دیاریدەکات. شیعر کۆمەڵێ گورزەیە، ئەمەیە کە سەرگێڕ دەکا: چۆن بە تاکە بەرقێک فەزای تەمتومان(سدیم)ە پانوپۆڕەکەت ناودێردەکەی؟ دەکرێ لە پیتێکی تردا مەسەلەکە ئاسانتر بێ، جا کەسێک هەیە لە گونجانی کتومتی ناوەکە لەسەر ناولێنراوەکە لێت نارازی بێ، چۆنت دەوێ، بە دارشتنێکی کەمتر یان زیاتر؛ بە نائاشکرایی یان ئاشکرایی ناوێک لە کتێبە شیعرەکانم بنێ. نا بەتواناداری خۆم بروادارم، پێویست بە کەسێکی تر ناکات، هەراوزەنای تەمتومانەکەم، وڕێنەدەکا، کۆبۆتەوە، بێ پێوەندە، یەک مەرەکەبە رەنگ هەڵبژاردنی تیادا دەگونجێ. ناونیشانی کۆشیعرەکانم ڕەنگی خۆیانن.

پ: چامەکانت... «کێڵگەیەکی فەرهەنگین»، کەسانێک هەن کە پێیان وایە سەلیم

بەرەکات ڕوانبێژییەکی زۆر بەکاردێنێ. شیعری عەرەبیش، بەدرێژایی مێژووییەکەی، ڕەوانبێژی بارەکەی گرانکردووە ئێمە دەبێ ئێستا لەم خاسڵەتە ڕزگاری بکەین. تۆ چۆن وەڵامی ئەو بانگەشانە دەدەیتەوە؟

سەلیم: وا تۆ خۆتان بە بانگەشە ناویان دەبەن. ڕاستییەکەی هەروایە. لێ ئەز دەمەوێ ئەوە ڕوونبکەمەوە. شیعری من لە زمانەوانی زمان و، پڕۆڤەی گوتن «لفظ» و، ڕێبازەکانی خستنەڕوو سەرچاوەی گرتووە، کە بۆ ڕەخساندنی وتەی شیعری بارە هەڵگرتووەکان ناودەنێ.
ئەوە یاساگەلێکە زاڵ دەبێ بە سەریدا تاکو لە ساختمانی کەسێک نەچێت . کاتی وێکدەچێ دەبێتە جۆرێک. کاتێکیش بەخشینەکەی دووبارەدەبێتەوە لە دەستەپاچەیی بێ قسەییدا خودی تۆ ڕەتدەکاتەوە.
گەر دەبێ من واز لە ڕەوانبێژی بێنم، ئەو کاتە دەبێ واز لە هەموو زمان بێنم، چونکو پەیڤەکان لە سەلەفەوە بۆ دواوە ڕێشاژۆ بوون. بەڵام، هەڵبەت، دەبێ لە نوێکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان گوتنەکانەوە بەرەو وێڵی شیعری بەزەییدار بڕۆین، هەرچی وشە هەیە لە بەشارکردنی مانادا لە دانیشتنێکی تردا دایبنێین. ئەوانەی کە بە گوتنەکان هاوێریان دەکەین، بە بارتەقای ڕزگارکردنی ئەو گوتنانە لە دیلێتی بەکارهێنانە توندوتیژیەکانیاندا لەناوکۆییەکی دوور و درێژی میراتەوە، کە ئەوە ڕەوانبێژی «دووەم» بەرهەمدێنێتەوە.
پێشەنگە مەزنەکان، لە والت وایتمانەوە هەتا سان ژۆن پێریس و ئێلیۆت (دەبوورن لە دیاریکردنی ناوەکان) «دۆزینەوەی» زمانی ئەوان بەوە پێوانە دەکرێ، کە ئەوان بۆ وشەگەلێکی وەک «بێبایەخ» و «دڕندە»و دەستلێنەدراوەکان دەگەڕانەوە، پسپۆرییەکانی ئەوانە لە ناوکۆییەکی «سیاق» نەمردا ڕۆشناییەکی نەمرە.
«عەرەب»ی «ئێستاکە» گلاوییەک لە وشەگەلی «دڕندە» و «بێبایەخ» و «نامۆ» دەبینێ کە «نوێگەری» بێگەرد لێیان نزیک نابنەوە(!!!). زمانی «ڕاکردوو» لە خەیاڵە ڕابردوویەکەیدا، لەکوێوە دەتوانێ بە دڕندەیی و هۆگرییەکەی: بێبایەخ

و بەکارهێنراوییەکەی؛ بە نامۆ و نامۆییەکەی، ئایندەیەک بە زمان دروستبکات؟ زمانی «نوێگەرەکان» بەو بەرهەمانەی کە بەرهەمی دێنن، لە جۆری دووپاتەیەکی مردووی بێ خەیاڵ و بێ ئومێددا، لەکاردەکەون.

شیعری کۆپیکراو و وێکچوو، بۆ هەر ڕۆمانسییەکی عەرەب تا ڕادەی بەزەیی پێهاتن گوتنێکی «لفظ» هەژارە. ئەوانە [نوێگەرەکان] بە ئاگادار بوونیان لە «زەنگینی» شاعیری ڕۆژئاوا بەرزەفڕ دەبن، بێئەوەی سەرنجبدەنە ئەو کۆڵەمەرگی و شەونخوونییەی کە ئەو شاعیرانە بۆ پاراستنی زەنگینی زمان و، پەیامەکەی تەرخانیانکردووە.

بە عەرەبی دەنووسین، عەرەبیش ڕێسای خۆی هەیە. بەپێ دەڕۆین هەنگاو هاوێشتن و، شێوەکانی ڕۆیشتن و سەما و واقیعی هەنگاوەکان ئەوە دیاریدەکەن، لێ پێیەکان لەزیان نییە. زمان وریابکەیتەوە وریاتدەکاتەوە. کەرامەتی پێشێل بکەی کەرامەتت پێشێل دەکا. ڕەوانبێژی قیبلەنومای چاوقایمی زمانی تۆیە. هەر لەگەڵ ئەم ڕەوانبێژییە دەمێنمەوە بۆئەوەی ئامادەبووان زمانەکەم بناسن، ئامادەبوونیش ئامادەیی بەدواوە دێت کە ئەویش ئایندەکەمە. ئەمەش هەوڵدانە بۆ بەشکۆمەندیکردنی شیعر، کە هێزەکەی زمانێکی فرەوان و چێکردنی ڕەوانبێژییە.

پ: لە فەلسەفەی تیۆرییدا بە برایەتی هەموو بوونەوەرەکان دەپەیڤی، ئێمە دەبینین لە زۆرینەی دەقە شیعرییەکانتدا پەیوەندییەکی ڕوحی و مادی لەنێوان بوونەوەر و، گیانلەبەر و، کانەکان و، بەردەکان و بگرە هەتا نووسینیشدا هەیە. تۆ چۆن ئەو کۆکردنەوە سۆسیۆلۆژییە پڕ لە هاوئاهەنگییە دەئافرێنی، کە کتومت بە نیشانەکانی فەلەک و، ئەستێرەکان دەچن، بگرە دەقە شیعرییەکانت بە جادووگەر دەچن. گەلۆ بەلای تۆوە شیعر هونەری مەزەندەیە، یان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئەودیوی چارەنووس؟

سەلیم: شیعر، هەروەک نووسەرە کۆنینەکانمان دەڵێن، ئەو کێڵگەیەیە کە هەموو زانیارییەکی تیادا گەشەدەکا. هەڵبەت. «کێڵگە»یەکیش بەو

فرەوانییەوە، تەنیا هەرگیز بوونی نەبووە، تەنیا گەردوونی گەردوون نەبێ. ئەزیش لەناو ئەم بوونەدا فەلەک و ئەستێرەکان و، ڕەوانی و، بەرزەخەکان و، گوڵەئەستێرەکان، ناسکییەکان و، داخراوی و ئاسۆکانی ئەودیوی داخراوییەکان و، دۆزینەوەکان و، ڕافراندنەکان و، سەرنجکێشی و تریوەکان و، هەرتەقە و ڕابواردنی سەرواکانم، گشتیانم تییادا کۆکردۆتەوە. خودی شیعر زمانی ئەو یەکەم سەرگێژییەیە کە خودی ئامادەبووە بینراوەکان لە چاوکردنەوەی دەرەوەیاندا ڕووتتدەکاتەوە؛ واتە شیعر زرینگانەوەی ڕوودانی نەشئە ئاڵۆزکاوەکانە: تۆمار کردنێکی وڕێنەکردووی دەرپەڕووی تریشقەی گەردوونە، لە نەبوونی «عەدەم»دا. هەموو شتێک، لە دیدی شیعردا، لەسەر ئەو پرنسیپە نهێنیەی کە لە خۆیدایە، سیحرە. هەموو شتێک لە سەرگوزەشتەی ناوەکی چاوهەڵهێنانە نامەعقولییەکەیدا، بازنەیەکە، شیعر هونەری مەزەندە نییە، چونکو خودی مەزەندە زانستەکان دەهێنێ تاوەکو مەزەندەکەر شکۆدار بکات. شیعر گەیشتن نییە بە ئەودیو، چونکو زمانی ئەودیو بوو بە ڕووداوێک. شیعر بۆ بۆشاییەکەی خۆی کە شێوەگەلێکی بینراوە لە بوونی بینراوی توانایی و قەدەرەکانماندا. لەنێو شیعردا گوزارشت لە گشت شتەکان دەکرێ و گشتیان دەفراژێن. هەندێک ئەو تایبەتمەندییە بە هەق «یەکێتی بوون» ناودێردەکەن، لەوەش زیاتر شیعر «یەکێتی نهێنییە».

پ: لەلای تۆدا ڕۆمان لە شیعر ئاڵۆزترە، بە مەسەلەکانی سیمۆلۆژی دەوڵەمەندکراو.ە وێرای ئەمەش لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمی ڕۆمانت لە شیعر زیاترە. بۆچی؟

سەلیم: ئەز لە سی و دوو ساڵیمەوە، لەسەر ڕۆمان خەریک نەبوویمە بۆئەوەی خولیای «ئەزموونگەری» ئەنجامبدەم. ئەز، لەو کاتەوە، لە هەر دوو ساڵێکدا بەرهەمێک تەواودەکەم، لەمەشدا، بێ وچان وەک وچانی سەعات، بێ ڕاوەستان؛ بێ پشوو کاردەکەم؛ هەریەکەمان (من و ڕۆمان) بۆ فێڵەکانمان پلە بە یەکتری دەدەین.

مەبەستم لەوەدا ئەوەیە، ئەز هەر لە یەکەم دانیشتنمدا لەگەڵ لاپەڕەی سپیدا، تاوەکو ڕۆمان بنووسم، بڕیارم داوە لەناو ئەو واقیعە بێئومێدەی ڕۆماندا بوێرانە یەخەی بگرم و، لەسەر بناغەی دێڕێکی جیاواز لە زانستی نووسیندا، بە ئومێدێکی بوێرانە خودی خۆم بنووسمەوە، بێ گوێدان بە ڕاپەڕینی هەموو شتێک و، دوور لە جۆشدانی گشت کەرەسەکان.

ئەز دوای دەستبڵاوی شیعری ئازاراویم، لەپێناوی ئەوە ڕۆمان نانووسم تاوەکو مەیلی خوێنەرێک بۆ «توانایی»یەکی ترم ڕابکێشم. بەمجۆرە لەگەڵ خۆمدا دەپەیقم: «دوای تەواوبوونی هەر ڕۆمانێک کە بەرهەمی دێنم بە خۆم دەڵێم: ئاوا ڕۆمانێکت خوێندەوە». دەنووسم تاوەکو تەواوی بکەم جا دەزانم کە من خوێندوومەتەوە. ڕۆمانەکانم سەختن: ئەوە دەزانم. کاشی مەڕمەڕی داڕێژراون: ئەوە دەزانم. وەک یاریەکی بێ ڕێکەوتنامە ڕووداوەکانی پچڕپچڕن: ئەوە دەزانم. وەک هۆگری پەخشان شیعر بە پەیامە هۆگرییانەکەی تیایدا ئامادەیە. چارەنووسەکان ئیشکالین: ئەوەیە بوێرییەکەی من. بێ ئیشکال دەست بە ڕۆمان ناکەم. ژیان ئیشکالە. هیواش وەک ڕەشبینی ئیشکالە. ئامادەیی و نائامادەیی ئیشکالن. واقیعێک تاقیدەکەمەوە تاوەکو واقیعی مەشقەکەم لە گەیشتن بۆ دەربازبوون تاقیبکاتەوە. هەندێ جار هەموومان دەکەوینە وێڵییەک. دەبا بێ. گەر حەزم لە ئاسانی گێڕانەوە ـ السرد ـ و حەشاماتی زیندەنییەکانی شەقام کردبا، ئەوکات بە دیاریکردن دەستبڵاوییەکەم لە پەسندان و وەرگێڕاندا، لە واقیعی بوودەڵەی ڕۆمانی عەرەبیدا، خەیاڵ و ئیشکالی تێکشکاوم بەسەر خۆمدا ئاوەڵا دەکردەوە. ئەز سەختم، قەدەرەکەم سەختە، نووسینشم سەرقاڵبوونی قەدەرەکەمە لەسەر من، سەرقاڵبوونەکەی منیش لە پێناو قەدەرەکەمدایە.

پ: هەندێ کەس هەن وا دەبینن سەلیم بەرەکات کاتێ دەنووسێ بڕیاری بونیاتی ڕۆمانەکەی داوە، بووڵێڵ قاڵدەکاتەوە، دەخوازێ دنیا گلداتەوە بیکاتە دەندەیەک و، بە جۆرێکی بەهێز بیپارچێنێتەوە تاوەکو مێژوو لە تەنکی دەندەدا بێتەدەرێ. زۆر جاران وەک خانووسازەکان چەوری مانا و وێنەی بەپیتێنکراو

(لقـاح) بەکـاردێنێ. ئـایا ڕاسـتـە لـەم گـۆشـەنیگایەوە لە سـروشـتی گـەردوون ڕابمێنی و بەخشینەکانی بگێڕدرێتەوە؟

سـەلیم:مـەبەسـتی تەواوی ئەو پرسـیـارە تێنەگـەیشـتم. ئایا من ڕۆمـان تەنیـا لەسـەر دووبارە هـێنانەوەی مـێـژوو کـورتدەکـەمـەوە؟ بـەڕەهـاییـەوە، هـەمـوو ڕۆمـانێک «بـۆ ناوەوە» و «دەرەوە» خـودی مـێـژووە. مـێـژوو کـۆڵەکـەی ناوەڕۆکەکەیەتی .

پ: «بێکەس» قـارەمـانی ڕۆمـانەکەت «فقـهـاء الظلام»ە، کە لە زمـانی کـوردییـدا بێکـەس، مـانـای «تەنیـا» یان «نامـۆ» دەگـەیەنـێ، لەکـوێوە ئـەم کـەسـایەتیـەت هێناوە؟ خـەسڵـەتەکەی چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟ ئایا ئەو کەسایەتییە لە هێـمـا و واقـیـعـیـەتەکـەیدا گـۆڕینەوەی ئـاڵوگـۆڕی پێگـەکـانی، لەگـەڵ ئەو کـەسـایـەتیـانەی دەوروبەری خـۆی ڕەتدەکـاتـەوە، یاخـود ئـەو لە هـەمـوو قـارەمـانیـیـەتیـەک بەدوورە، یانیش لە قـارەمـانیـەتێکی لەچاو ونبـوو لە حـەشـارگـەیەکـەوە نزیکە و ناتوانێ تێبگا و پێمـان نیشـانبدا؛ لـەناخدا لەچاو ونبـووە، لە بـەپەراوێزیکراویدا نیـشـتـەجـێکراوە، نیگای کـەمـتـەرخـەمـانە لە داسـتـانبێـژەکە «الراوی» دەبڕێ کـە بازنەکەی مـشـتـومـاڵ دەکا تاکو تیـایدا تووڕمانبدات؟

سـەلیم: من گـوتم ئەز بەبێ ئیشکال ڕۆمان دەسـتـپێناکەم. بێکەسیش کـتـومت «ئیشکالی قەدەرەکـەمە». هـەموو کەسـەکـانی دەورووبـەری ئەو هـەوڵدەدەن لەسـەر هـەقیقـەتەکـەی سـەڵماندنێک پێشکەش بکەن. بوونی ئامادەیی بێکەس بۆ لۆژیک تەلەزگەیە، ئاڵۆزە بە هۆگرییەکی ئاڵۆز دەڕوات. نامەعقولە و بەو بیانویانەی کە دەورووبـەرەکـەی لەسـەریدا دەیچـنـنەوە مـەعـقـولانە دەڕوات، بـۆ ئـەوەی قـەناعـەت بکەن، کەمێکی تر ئەوە شیدەکەمەوە و دەگەڕێمەوە سەر بێکەس:
هـەموو بوونێک تەلەزگە و ئیشکالی خـۆی هـەیە. بوونی کوردی لەو ئیشکالەدا بەشـداربـوونێکی زێدەتری هـەیە، بە مـامـۆسـتـاکـەی زمـانی عـەرەبیم گـوت ئەز

کوردم لە زەندەق چووندا حەپەسا و، بە بڵمەبڵمەوە: «لێرە چی دەکەی؟ برۆ بۆ تورکیا». دەبێ خۆت فێری دەمکوتکردن بکەی کە تۆ تۆی. هەندێک لەدایک دەبن و گەورەدەبن و دەمرن، لەهەمان شێن ناسنامەکەیان ڕووپۆشکراوە. دەبێ وەرەقەی «دەرچوونی قەیدکراوە»ت لەسەر پشتی سەر بنووسرێ «لە کەنگێوە تۆ عەرەبی؟»، لەگەڵ خۆت هەڵبگری، تاوەکو نەژادە پاکەکەت جەغت بکەی. بۆ نموونە، گەر تۆ عەرەب نەبیت بۆت نییە خۆشەویستیت بۆ وڵاتەکەت ڕابگەیەنی. ناوت عەرەبی نەبێ، کەواتە وێرای ناوی خۆت بە ناوی نەژادەکەتەوە ناوبێژ بکەی، ئەوکات سووکایەتیت پێ دەکەن. منداڵێک ناوی «بارزان» بوو لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی دەرکرا. بێکەس گەنجێکە لەگەڵ ژنەکەی لە قوبرس دەژی. تەزکەرەیەکی ساختە لەسەرەتای لاوێتی پێکدێنێ و، خەونەکەی بۆ مۆسکۆ سەربەخۆ بوو. خوێندی و دەرچوو. پاشان چیتر؟ ژنە قوبرسییەکەی هاتنێکی یاسایی بێ تەزکەرەیەکی بڕواپێکراو بۆ وڵاتەکەی بۆ دابینکرد. لێرە بە بانگی نیگەرانی دەژی: هەموو خاوەن کارێک داوای پاسەپۆرتی سەفەری لێدەکەن. ئەو پاسەپۆرتی سەفەرکردنی نییە. سوورییەکی بێ کونییەیە. تاکە تەزکەرەیەکی هەیە کە ئەو لە دەستەیەکی «تۆمارکراو نییە» وشەگەلێکی ئاڵۆزە.

بێکەس بۆ خەڵکی قوبرس ئەوە شیدەکاتەوە، کە ناسنامە ـ جنسیة ـ یەکەی «لەمەڕ مەسەلەکەی ئەودا وردووخاشکراوە» کەچی ئەوان لێی تێناگەن. تاکوو بتوانێ سەردانیماڵەوە بکات، هەوڵیدا لە باڵوێزخانەی سووریادا تەزکەرەیەک پەیدابکات، بەڕوویدا تەقینەوە: «چۆن لە سووریە دەرچووی؟» مافی دەرچوونی نییە. کەواتە؛ مافی چوونە ژوورەوەشی نییە.

بۆ نموونە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، نەژادگەلێکی جیاواز لە وڵاتێکدا کۆدەبنەوە، لە یاساوە تایبەتمەندی پێگەی ناسنامەکەیان پێدەدرێ. نەژادگەلێک بەر لە چەند سەدە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون، لەپێناو ئەوەی تایبەتمەندییەکی بەکۆمەڵی یەکگرتوو، ناسنامەی جیاواز، کیانێکی «ڕێزدار» بۆ خۆیان دابمەزرێنن. (بێجگە لە تەفروتووناکردنی هیندییە سوور پێستەکان)، لەسەر کەنارەکانی ئوسترالیادا، پیاوکوژان، حومکراوان،

زیندانییە سەختەچییەکان حەزلێنەکراوان، سورگوومان، فرێدەدرێن، ماوە دوای ماوە ڕۆژگار دانییان پێدەنێن، کە مێروویەکی خێرمەندانەی ئامێتەکراو، لەژێر بنمیچی دەوڵەتێکدا «بخوڵقێنن».

کوردیش؟؟؟ بە مێژوو، سەدەکان و میراتەکانییەوە، بێجگە لە «بوونێکی ئیشکالی»، لە هیچ شوێنێکدا حیسابی تری بۆ ناکرێ. بێکەس بەمجۆرە لە «فەقێکانی تاریکی»دا لەدایک بوو: قەدەر لەسەر شانی خێزانەکەیدا دۆشدامانی گەردوون و سەرگێژییەکەی باردەکات. زاڕۆ لەدایکدەبێ و هەراشدەبێ و لە ڕۆژێکی حیسابکراو بە سەعاتی مرۆ ئاو و ئاو دەچێ. گەر خێزانەکەی قبوولی بکەن و، وەک بەشێک لە قەدەرێکی ئاسایی جەغتی بکەن لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا. هەڵبەت، ڕاست نییە، بێکەس ئا بەم شێوەیە بەرتەنگبکرێتەوە. لەهەمان کاتدا بێکەس لە مەعریفەدا هاومانای پووچگەرایییە، ئەو هەقیقەتەی کە نائاسایی سەرەوخوار دەبێتەوە، وێنەی پەیوەندییەکانی ناخی بە خورافەتەوە، لەسەر واقیعدا ڕەفتارێک دەکێشێتەوە. ئەم سێ مەسەلەیە، لەو ناوکۆییە کوردیەی کە باسمکرد، دوورتر لە بێکەسدا مانا دادەڕێژن.

ئەمەش مەعریفەیەکی دڵگیرە و هاوکاتیش، ئازاردەر و ئازاردەرە.

پ: ڕۆمانی «ارواح هندسیة» «گیانە ئەندازەییەکان» تۆڕێکی وردەکارانەیە، کەس و کردار و کۆپلە نووسراوەکان بوونیان بۆ مەبەستی بەردەوامانە، ئاوەڵایە، وێڕای ئەو کردارانەی کە لە تەونچنییەکی سیمۆتیکدا، توخمەکان هاندەدا، تا بەپێی توانای توخمەکان توخمەکانی تر تەئویل بکەن. چۆن سەلیم بەرەکات ئەو سومبولە هاوردەییانەی بەدەستهێناوە؟

سەلیم: چۆن دەتوانین واقیعێکی بەهێزانەی وڕێنە، جیاوازی، پووچیەتی، نامەعقول، بۆ ناو نووسین بگوازینەوە؟ هەڵبەت ئەوەمان لەتوانادا نییە. شەڕی لوبنان لە شێتی هەموو دەقێک گەورەتر بوو. خەیاڵێک بوو هەموو ڕۆژێک سەرپێچییەکی لەسەر سەرپێچییەکەی، بە دروستکردنی درێژبوونەوە

شەیتانیەکەی لە پیاوکوشتندا دادەهێنا.

گوتم لە خەسڵەتی شوێن دایدەبرم و، دەیگەیەنمە ئاستی «بەگشتیکردن» کە بۆ هەموو شەڕێکی ڕابردوو و هاتوو شیاوبێ. نیازەکە ئەرکێکی لەڕادەبەدەر بوو نازانم ئەوەی کە بەرهەمیهێنا چی بوو.

تەنیا دوو ناو لە ڕۆمانەکەدا هەیە: ناوی کەسێک کە یەکەم پیتم بۆی لە هیجا (ئەلف و بێ) وەرگرت، سەرباری ئەوەش زەمەنێکی فراوانترە کە بە خەسڵەتی نەمری ناوەخنکراوە؛ ناوی باڵەخانەکەش لە ئامێر و داگیرسانی ئاگرم وەرگرت، (بۆ هەردوو ناوەکە لە توانادا هەیە تەئویلی دەروونیان بدرێتێ، کە ئاماژەکردن بە هەندێکیان بە ئەرکی خۆم نازانم).

لە ڕۆژمێری مانگانەکەدا لە ناوکۆییە حیسابکراوەکەدا ڕۆژەکان نادیارن. کەشتیەکان بەرەو ئاقارێک دەڕۆیشتن هەروەک لەوێ گەڕابێتەوە. پیاوە نەناسراوەکان کاروانێک ڕێکدەخەن منیش ڕێکخستنەکەی لەسەر ئەواندا دەبەستمەوە. دوورودرێژی ئەو کارە خەمینەم بەیاد نایێتەوە، کە بەشەکانیم بە ڕستەیەک نووسی کە لە یەکەم دێڕدا دەستپێدەکا و تا کۆتاییەکەی ڕاناوەستێ. بەڵام ناچاربووم (لە قسەی خۆم بێمە خوارێ) بۆ دابەشکردنی نووسین بگەڕێمەوە و بیکەم بە پەرەگرافی ئاسایی، هەر پەڕەگرافێک بکەمە چەند دێڕێک کە سەرەتا و کۆتایی هەبێ، ڤێجا دوای ئەوەی پەڕەگرافێکی تر دەستپێبکا، پاشان زنجیرەبەندییەکی بەدوای یەکداهاتوو بوو چەشنی شەڕەکە هەناسە ڕادەگرێ. لەوە ترسام کە خوێنەر نەتوانێ ئاگای لەو گرفتە بێت.

ئەو ڕۆمانە وەک ناونیشانەکەی بەڕاستی، ڕۆمانێکی ئەندازییە. وەک لەبەر ئاوێنەکان توخمەکانی دەکەونە بەرانبەر یەکتر و ڕووداوەکانیش تەریب دەبن. چارەنووسەکانیش بەپێی ئەوەی لەسەری وەستاوە، کە لەسەری نەوەستابوو، لەسەریشی ناوەستێ. خودی غەیب، لە پارچە پارچەبوونی واقیعدا لە سەلماندنێک دەگەڕێ تا ئەوە جەغت بکتا کە ئەوە غەیبە.

لەڕاستیدا ئەو ڕۆمانە لە ئاڵۆزترین ڕۆمانەکانی منە، قومارچییەکان خۆشیاندەوێ.

پ: بنەمای ڕووداو لە ڕۆمانی «پەڕ ـ ڕیش»دا بنەمایەکی داڕێژراوە، ئارەزوویەکی بەهێز دەبینرێ لە تێکشکاندنی نەریتەکانی گێڕانەوە (السرد) کە خوێنەر دەقی پێوە گرتووە، دەڵێی تەنافی ڕستن (چنین) دەگری و تا کۆتاییەکەی بچنیتەوە، خوێنەر ئەو دیمەنە نابینێ و، لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەشدا تێڕوانینەکەی وەهمییە... نووسەر لە بەشی دووەمدا، ئەو تێڕوانینە جێلەقدەکا، تا خوێنەر خۆی لەبەردەم تووناوتوونێکی (متاهة) تازەدا ببینێتەوە، هەر دەڵێی تۆ ژانەکانت دەپرژێنی و لە جیاوازی نێوان ساختە و ڕاستی ئاگادارمان ناکەیتەوە، بەڵکە لەگەڵماندا دێیتە ناو کایەکانی لوغز تاوەکو هەریەکە بۆ خۆی تەڵەی مانا کۆبکاتەوە.

سەلیم: دەشێ ئەوانە هەموویان ڕاست بن. بۆ وێنە، ئەز بەمەست کارم لەگەڵ وردەکاریی گێڕانەوەدا کردوو، بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەو بەڵگانەی کە لە کۆپلەکانی داستانبێژەکە و بینایەکەی پیشاندەدا ڕزگاربکەم: ڕووەک لەگەڵ ڕووەک دەئاخڤێ. باڵندەکان لەگەڵ باڵندەکان دەپەیڤن. شتەکان لەگەڵ شتەکان دەدوێن. توخمە زیندووە قسەکەرەکان، بۆ خۆیان پایە دروستدەکەن کە لەناو کۆپییەکەدا هەڵیدەبژێرێ. شوێن بیرکەرەوەیە، لە دروستکردنی گەمەکەدا هاوبەشە، ئەوە دەرەنجامی دەقەکەیە. لەوێدا بێجگە لە گێڕانەوەکە، ئیشکالێک هەیە کە بەندە بە کەسە ئامادەبووەکە «میم ئازاد»: ئایا بەڕاستی هاتنەکەی بۆ ئەوە بوو تاوەکو لە «پیاوە گەورەکە» بگەڕێ، کە پێکڤە قەدەر و یەقینەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێ، یان ئەو ڕووداوەی کە لە قوبرس بەسەریهات، خەونێک بوو لە خەونەکانی برا جمکانەکەی «دینۆ»؟ ئەو لێرەیە و لەوێشە. هاتووە و نەشهاتووە. سوراغەکەی ئەو لە یەقیندا، وەک سوراغەکەی باوکیەتی بەدوای ئەو تارماییانەی کە نامە ناردراوەکانی بۆ «مەهاباد»ی ونبوو و نادیار، حەواڵەی ئەو دەکا.
چاوەڕوانییەکەی چاوەڕوانی باوکیەتی. ئازاد دەبێ، بوونەکەی لەبار دەبێ، شێوەی گیانلەبەرێکی بەژن ڕێکی خۆشبەز، لە سنووری قەدەغەکراو لەپێش

کورد، لە دەڤەرێکی حەشاردراوی ناو دەڤەرەکانی ناخی خۆی دەنوێنێ .
بۆ ئەوەی خوێنەر، بچێتە ناو کێڵگەکانی «پەڕ» دەبێ بە کیانێکی تر، خۆی گیانلەرانە بنوێنێ.

پ: لە ڕۆمانی «سەربازگەکانی ئەبەدی ـ معسکرات الابد»دا لە سکی بوومەلەرزەدا پرسیاری ئیرادەیەکی خەملیو یەخەمان دەگرێ، پرسیاری بوونێک کە شێوە ماددیەکەی دادەڕێژی تاکوو بەرەو ڕووی میتۆلۆژیای کەسایەتی و، گێڕانەوەیی ببینەوە. بە شێوەیەکی نزیک لە دوورنمایی ستوونی و هزری یەکگرتووانە دەریاندەبڕی، پەیوەندییەکەی بە میتۆلۆژیاوە دەبێ نەک مێژوو. بە هێمنیش لە شینگێڕیدا دەنگلێوەهاتن فێردەبێ و لە میتۆلۆژیاوە بۆ میتۆلۆژیا دەمانبات، بۆ نووسینی کاکڵەدارمان دەبات، کە بنەما سەرکەش و کۆنەکان دەکاتە دالآن (دەهلیز)ێکی تاریک، لە کۆتاییدا، بۆ تازە، بۆ یەکگرتوویی و نووسینی مەرجدارمان پەلکێش دەکات. سەلیم بەرەکات چۆن ئەو قەدەرە ڕیسواکراوە دادەمەزرێنێ، کە بەوەش گەلێک لەسەر گڵی زەوییەکی ئامادەکراو، بۆ هاودۆستی پووچگەرایی، هەڵکۆڵینەکەی قووڵدەبێتەوە؟

سەلیم: لەم ڕۆمانە لەدڵا شیرینەکەمدا چوار داڕشتن بۆ قەدەر لەئارادایە: ژیانی خێزانێکی ئاسایی لە بنارێک، وەک دیاردەیەکی لە ئاوەز بەدەر کەرەسەی سناعەت دێتە ئەوێ؛ مێژوویەک مێژووەی کە کوردان خوڵقاندیان، کەچی لە هاوبەشیکردنی خوڵقاندنیدا، دەریدەهاوێژن؛ لە دیدی مردوواندا زیندووەکان؛ شەیتانە. هەموویانم لە چرێتیەکدا، یەکگرتنێکدا تواندەوە، بەسەر شەڕی هەردوو کەڵەشێرەکە، کە شەڕێکە لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، سەرنجدان ئاوەڵا دەکاتەوە، مێز لە زماندا بۆ هەر پلەیەکی مشت ومڕەکانی گووتن بەختەکان دەپارێزێ.
بۆ بنارێک فرە قەدەرێک هەیە فەڕەنسییەکان بەسەریدا هەڵدەگەڕێن و، فریشتەکەش لەو مەخلوقەی کە لە شوێنێک خۆی حەشارداوە ڕزگاری دەبێ و، کوژراوەکان و، تارمایی سەرکردەکانی شۆڕشی کورد بە دژی

فەرەنسییەکانیش، ڕزگاردەبن، ئەوەش ڕووداوی ڕاستی تێدا هەیە، کە من زانیارییەکانم لەو پیرە پیاوانەی کە هێشتا زیندوون وەرگرتووە. لەجیاتی ئەوەی مێژووی نوسراوە بێن، لەبەردەستی قوتابی قوتابخانەدا دابنێن، کەچی لەسەر پیتێکی ئەو مێژووەدا، کەرامەتی نیشتمانی بریقەداریان لەسەر سێ تایەفە دابەشکرد: شۆڕشێک لە ناوچەی سونییەکان و ئەویتریش دروزی و سێیەمیش عەلەویە، واتە دابەشکردنی "عادل"، "هەقبێژ"انە، لە بنەڕەتدا، وەک قەوارەیەک، سەیری دەوڵەتی نەکرد، کە "شۆڕش" بەشداریکارانی تەنیا بە پێی "نیشتمانپەروەر"ی هیچیترنا، لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەڵکە بەپێی هاوسەنگی تایەفەگەری بە حیسابکردنی «شەرع»یەتی شوێن «بڕیاریدا»، کە ئەمەش بەئاشکرا دەخوێندرێ، بگرە هەتا لە جەم «سیاقی سونی»شدا، ناوی سەرکردە کوردەکانی «شۆڕشی عامودا» نەنووسران.
ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی ئەم کەمە پێداچوونەوەیەم بە پێویست زانی. لێ سەبارەت بە لایەنی میتۆلۆژی و، ئەودیوی ئەمەش لە «سەربازگەکانی ئەبەدی»دا، سەرچاوەکەی، بۆ پرسیاری بوونمان لە سەرهەڵدان و، لوغزە بێ گەردەکان و، لە جەبر و قەدەری دارشتنەکانی ئاینی و، خێر و شەڕ و، هەقیقەت و وەهمەکان، تا دەگاتە ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە لە ڕێکخستنی «غەیب» لەگەڵ مەعریفەدا دژن و، لە دامەزراندنی ئامادەبوون لەسەر پرنسیپی هەڵە و ڕاستدا، دەگەڕێتەوە.
ناخوازم «سەربازگەکانی ئەبەدی» بە شەیتان لەقەڵەم بدەم. خودی خۆی، قەدەرەی ئاوێکە کە خۆی بە دژی قەوارە (کیان)ەکەی وەسفکردو، بە شارستانیکردنی (فسطاط) جێنشینی خوداوەندی بوو.

پ: تۆ لە ئەدەبەکەتدا زۆر جاران، مەسەلەی ناسنامە (هوية)ی کوردیت وروژاندووە. چۆن لە پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەم ناسنامەیە دەڕوانی؟ هەندێک کەس ئەدەبەکەی تۆ بە ئەدەبێکی تۆکمەی خودگەرایی دادەنێن، ڕەنگە ـ لەژێر ڕۆشنایی مەسەلەی ئەو ناسنامەیە ـ بۆ ئینتیماکردن بەم ناسنامەیەوە نوێنەرایەتیکردنێکی کلاسیکی گەرەکبێ؟ بۆ وێنە جۆرێک لە نەجیب مەحفوز

کوردانە لە ڕۆماندا؟*

سەلیم: وا بزانم خودی «ناسنامە» گوتنێکی زۆر ئاڵۆزکاوە، بەلای منەوە مانای ناوکۆییەکی (سیاق) کەمێک نەژادگەرایی دەگەیەنێ، هەرچەندە تێکەڵاوی بکەی، دواجار مانای ناوکۆیی (سیاق)ێکی «گونجاو» و، سنوورێک بۆ خۆ جیاکردنەوە لە «ئەویتر» دەگەیەنێ، تاوەکو لەپاڵ «یەکێتیەکی هارمۆنی»، «گشتگیری»یدا خودی خۆت جەغت بکەی. لەمەشدا قەدەرێکی قەبە لە خورافەتا هەیە.

هارمۆنیایەکی تەواو لە هیچ «یەکێتیەکی ئادەمیزاد»دا بوونی نییە، هەرچەند شەقڵە ڕۆشنبیریی و، ئایینی و، نەژادگەریی و بیچمە «گۆشەگیری»یەکەی، لەو «یەکێتی ئادەمیزاد»یەدا بسێنرێتەوە، کەچی بێ چەندوچوون، جیاوازی لە «مەیل»و، لە «خێوی» و، لە «باڵادەستی کەسایەتی» و لە دەسەڵات بردنەوە، سەرهەڵدەداتەوە. هەموو ئەو شتانەی کە لە ماناکەدا ویستوومە بۆ دیدارێکە کە لەمدیوی ناسنامەیە، ئەویش دەربڕینی چارەنووسێکە، تاوەکو بۆ جەغتکردن لە خودی مندا ناوکۆیی «سیاق»ێکم بۆ دەستەبەر بکات، کە «ناسنامەکەم»، وەک قەدەرێک لە قەدەرەکان لەوێدایە. ئەز کوردم؟ بەڵێ. دەبا ئەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بێ کە بە هاوارێکی سادەوە دەبێژم ئەز کوردم ناوی باوکیشم ناوێکی کوردییە، ئێمە بە کوردی لەگەڵ یەکتردا دەپەیڤین، لەگەڵ مریشک و، بەرخ و، مانگا و، مێشهەنگوین و، کێڵگەکانمان بە کوردی دەپەیڤین. هیچتر نا. هاووێنەیی خەونەکە بۆ ئێمە و، بۆ «غەیری ئێمە»ش، لە کۆڤان و، داپڵۆسین و، تاڵان و، ستەمگەریی و، زەوتکردنی خودی ئەو خەونەدایە. لێ گەر هات و پاڵەوانی ڕۆمانەکانم لە دەورووبەرێکی دیکە هاوردبایە، ئەوکات کارەکە دەبووە کارێکی «نامۆ». کام دەورووبەر؟ کوردان بەو جوگرافیایەی خۆیان و یادەوەرییەکەیەوە ئاوێزانن.

بۆ پەرسڤدانەوەی ڕووەکەی تری پرسیارەکەت، دەڵێم بەو جۆرەی کە نەجیب مەحفوز هەڵسوکەوت لەگەڵ «دیمەنی میسر» دەکا، من ئەو کارەم نەکردووە (کە بەدڵنیاییەوە ئەو کارەم نەکردووە)، من نەهاتووم وەک دیمەنێک گوزارشت

له واقیعی کوردیدا بکەم. نا. من هەرگیز ئەمەم نەکردووە. ئەز هەوڵی شتێکی ترم داوە: ویستوومە ناخی ئەو بەکۆمەڵییەی کورد بگرم، کە وەک بوون «وجود»ێک لەناویدا جێگیرە، نەک وەک حیکایەت ئەو ڕووداوانە بگێڕمەوە کە لە شەقام و ماڵەکانیاندا ڕوودەدەن. ئەز ئەوانەم لە باڵاترین بۆسەی نووسیندا بەرزەفت کردووە، چارەنووسەکانیش دیمەن نین، بەڵکە لە چڕوپڕی نەبینراوی ژیاندا هاژەهاژێکە.

پ: ڕۆمانەکەت «ئەستێرەناسەکان لە سێ شەممەی مەرگ ـ الفلكيون فی ثلثاء الموت»دا دەڵێی بە زمانی ئەستێرەناسێک نووسراوە، کە بە کراسە درێژەکەی رەوتی ئەستێرەکان بەرەو سەمتی خواستە بینراوەکەی دەبات. بەمجۆرەش ئەو پێویستیەی، کە سومبولیستەکان بە «پوختەی هەمیشە» ناودێری دەکەن، قووتدەبێتەوە، پێویستیەکی یادوەری کە بەبیر نایێتەوە، بەڵکە مێژوو دەئافرێنێ؛ پێویستیەک بۆ دەق کە بەئازایەتی و سوودمەندییەکەی ئەفراندن بەهاوار دەخات تاوەکو بڕواداری بگێڕێتەوە. ئایا ئەو ڕۆمانەی کە بەرەکات خەون بە بەرهەمهێنانییەوە دەبینێ ئەوە ئەو ڕۆمانە تەمتومانە ـ سدیمیەیە ـ کە لەدەرەوەی سووڕگەی مێژووە، بۆیە ئەو بە شەڕەنگیزی جادوکەر و وریایی سەرژمێرکار دەنووسێ؟

سەلیم: لێرەدا جەغتکردنێک لەسەر ناوەکە هەیە، کە سێ ڕۆمان بەخۆیەوە دەگرێ، لەسەر گوتەی «مەرگ»دا: لە یەک شوێندا سێ چارەنووس هەیە. پۆلێنکردنەکەی بێ گوێدان بە دابینکردنی یان نەکردنی لە «پێشبینیەکان» نزیکە. قەدەرەکە لەپێشرا ڕاگەێنراوە. بوونە ئاڵۆزەکەی ئەو کەسە شێوەی مردنە هێماییەکەی دیاریدەکات: کە ئەو سەرگوزشتەی خۆکوژییەکەی دەگێڕێتەوە خۆی دەکوژێ. یان بڕیاردەدا بۆ «تاڤ»ی نادیار بڕوات. کەچی ئەز لە جولانەوەی سێیەمی ئەو ڕۆمانەدا، پاش مردنە تازەکەی، دەستنیشان ناکەم. لە دواجاریشدا پاشەکشەکەی لە واقیعەوە بێت بۆ خەیاڵ، کە شوێنێکی جێنشینە نادیارەکەی دروستکرد (وێرای ئەمەش کارەکە بەو ساکارییە نەبێ).

چونکو دانانی چارەنووسەکان و، سەرپەرشتیکردنی، لە ناوکۆیی گێڕانەوەکەدا، لە بناغەدا، ناوکۆیی نیشانەگرتنی غەیبناسانەیە، کە زمانی زانستە نارِوونەکانی بۆ ئاپۆڕە کرد. دەکرێ بەهۆی نزیکایەتییە بەهێزیەکەی لەگەڵ شێوەکانی هزری ماتماتیکی و، ئەندازە و جەبر و فیزیا و غەیب، نێوان رامان و بەچاوبینییندا، لە بەبەرزەخدا ببێتە زمانی مەعریفە، وێجا هەموو لێکئالاوەکان بە خۆگری رایەڵی «ئەستێرەناسەکە» چرِێتیەکان لەدوای چرِێتیەکان رابکێشێ و، لە پێوانەی بورجەکاندا، بەو پێیەی کە پلەکان لە چینەکانی خولْقانە، پلەکانی بوونایەتی بخوولْقێنێ.

پ: پۆلێنکردنی دەلالییەت لە دوا رِۆمانەکەتدا «گەردوون ـ الكون» کە لەرادەبەدەر سومبولیکە، لەسەر بنەمای مەوسوعیەتدا بونیاتنراوە. گەلۆ تۆ هەوڵدەدەی تا لەرِێگەی ئەو ستراتیژییە دەقییەدا خوێنەری تایبەت بە خۆت دروستبکەی؟

سەلیم: وابزانم من «بەمەبەست» لە بەشکۆمەندیکردنی هەندێ «مەیلەو وێکچووە»کانی، ئەم رِۆمانەدا، کورتدەکەمەوە، کە بەشی یەکەمی وەستاوە لەسەر «غەیب»دا، کە خۆی بۆ شەرِ.ی گروپە جیاوازەکان، سەرچاوەی «چەکەکانە»، کە هیچ لەو گروپانە داننانێن بە زمانی یەکتردا، واتە رِەتدەکەنەوە، چونکو زمانە ئامادەکە ویژدان و کیانە. سەهوەکی پەیدا کردووە. خۆدانووساندنێکی رِەهایە. لەوانەیە خوێنەر مەسەلەکە بۆلای مەزهەبییەت و، ئیدۆلۆژیەت کێل بکاتەوە، گروپەکان لەو هەوڵەدان بە دووبەرەکێ کردنیان لەگەڵ خوا لە یاسا و، رِژێم و مەعریفەکەیەوە «تۆڵەبکەنەوە»، دواجاریش «ئەویتر» لە دەرەوەی گوێرِایەڵیدا دەبێ بەرتەکەکەی بۆ ئەستێرەکەی (فلكها) بێگەرد بێ، یان سێدارەکەی بێ. ئا ئەوە، واقیعی جیهانی ئێستاکەکە و، کۆن و هەروا داهاتووشە.
ئەوە «هاڤرکێ»یەکی خوێناوییە، کە لەزۆری رِیشاژۆکەیدا، دەلالەتی سەرهەڵدانی عیلەتەکە لە ئێمە دەشارێتەوە: رِەگەزەکان دژی رِەگەزەکانن؛

مەزهەبەکان دژی مەزهەبەکانن؛ هزرەکان، تەنیا بە وێکچوون لە یەکتر یان یەکتر هاڕین نەبێ، لێک رازی نابن. سەرهەڵدانەوەی شەڕەکان بە گەڕانەوەی بۆ بن باڵی «خێزان» و، ڕەنگ و خوێن، لە «گروپی گەردوون»یەکەدا، تووندی و تیژیەکەی زێدەتر دەبێ.

«گەردوون» کێڵگەی مینەکانە بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ ئەو هێمایەی کە لەسەر دەلالەتەکە، یان کە لە کتێبەکەمدا هەیە بە دەست بگرن، کە "زیاد"ییەکی بچووک جەستەبەر دەکا، کە "جیهان" لێی بێ ئاگایە.

پ: لە ڕۆمانەکانتدا خەیاڵاکارەکە دەخشکێ، تاوەکو گێڕانەوەی وەقیع تەواو بکات، تا ئەوەی کە لە توانایدایە تەواوی بکات، بەردەوامی گێڕانەوەکە فریودانی خوێنەرە دوای ئەوەی کە دەرچوونەکەی لە خەیاڵگیرییەوە بۆ واقیع بۆ دەکەی بە وەهم، بەڵام فڕێیدەدەیتە ناو تووناوتوون «متاهة»یکی فراوانتر لە هی یەکەم.. کاتێکیش خوێنەر ڕۆمانەکە تەواودەکات، داوێنگیریپلانێک دەبێت کە بۆت داناوەتەوەە. تۆ چۆن ئەو مینانە دروستدەکەی، کە دەق قووڵدەکاتەوە و دەیتەقێنێتەوە؟

سەلیم: ڕاستیەکەی خوێنەر هەر لە بەرایڕا، کە هەوڵدەدا لە رۆمانەکەدا هەڵدێرەکانی واقیع و خەیاڵاندنەکە بدۆزێتەوە، پلانەکە بۆ خۆی دادەنێتەوە. جارێکیان برادەرێکم بە حەپەسانەوە بەڕوومدا هاواری کرد: «بە خودا، ئەو گۆڕستانەی کە بینیم لەوێ لە زەوییەکەدا بەرچاوم نەکەوتووە، کە ئێمە، ئەوە دە ساڵە لێرە دادەنیشین؟!». بەدرێژایی دەیان ساڵە کە ئێمە هەموو نیوەڕۆیەک پێکڤە، لەو قاوەخانەیەدا دادەنیشین کە زەوییەکی بەیار و بەلانراو لەبەردەمیدا هەیە. ئەو پارچە زەوییەم لە ڕۆمانی «عبور بشروش»دا کرد بە گۆڕێکی نامۆ بۆ ئەو داستانبێژە ـ الراوی ـ ی کە خۆی کوشت. کە من ئەو زەوییە «واقیعیە»م، نە دەستەواکردووە و ـ نە هەرگیزیش هەستیپێکردووە، تاوەکو لەسەر ئەمەوە ڕووداوێکی خەیاڵگیرانە بخوڵقێنم. لەوێ لە شوێنەکەدا، گۆڕستانێکی شاراوە هەبوو. ئەو گۆڕستانە دە ساڵان لەبەرچاومدا بە روونی

دیاربوو، تاوەکو بۆ کەسێکم کرد بە دیاریی کە تیایدا حەشاری بدەم. ئەوەی کە خوێنەر بە واقیع مەزەندەی دەکا، ـ ڕاستیەکەی ئەو پەیڤەی یەکەمە کە بەویش نووسینەکە دەستپێدەکەم ـ لە دارِشتنی واقیعیەتدا خەیاڵگیری پۆلێنکراوە.

پ: هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە بەرهەمی ڕۆمانەکانت موژدەی سەردەمی سەرهەڵدانی سیمۆلۆژی، لەناو ڕۆمانی عەرەبیدا، ڕادەگەیەنێ، بەو سیفەتەی کە «بە جیاکارانە (یمتیاز) کێڵگەیەکی فەرهەنگییە». ڕای تۆ چییە؟

سەلیم: ئەوە بۆ من زۆرە. لێ لەناو بێدەنگی ڕەخنەدا ڕێزی لێدەگرم.

پ: لە بەرهەمی ڕۆمانەکانتدا تەکنیکی گێڕانەوەیی داهێنەرانە پێشنیاز دەکەی، وەلێ ڕەخنە گرنگی پێنادات. بەلای ئێمەوە چونکو ڕەخنە تۆی نەخوێندۆتەوە، هەروا ڕستە سومبولییەکانی تۆ پێویستییان بە شرۆڤەکردن هەیە، ڕەخنەی باویش، بەگشتی، لە ساختەکارییەوە نزیکە، بۆیە لە دروستکردنی ئەو شرۆڤەیەی کە دەقەکانی تۆ بەرهەمییاندێنێ دەستەپاچەیە، جا تەنیا دوو گریمانەی لەبەردەمدایە: یان پەنا بۆ ناوکۆیی ـ سیاق ـ ە ئامادەکراوەکان ببات و بە دەستەواژەی سومبولیکیانە شرۆڤەت بکات، یانیش بۆ ناو سەفەرە تەئویلییەکان بڕوات. بۆیە ڕەخنە مەهانەیەکی نییە، لە بەرانبەر باسکردنت خۆ بەدوورگرتنی هەڵبژاردووە، ڕای تۆ چییە؟

سەلیم: لای من هیچ وەهمێک نییە. مردنی ڕەخنەی ئەدەبی تەرخانکراو ڕیسواکراوە. ئێستا، ڕەخنەی ئینتباعی، ڕۆژنامەیی، دەربڕینی ئینشایی، بۆ هەموو بارێکی دەق دەگونجێ. ئەو ڕەخنەیە بۆ تاوتووکردنی حیساباتی شەخسی و، دابینکردنی پەیوەندییەکانە. لەبەرانبەر هەموو دەقێکی ناتەمبەڵ، ترساو و شەرمەزارە. لەسەر کتێبێکی بوودەڵەدا، دەیان نووسین، بێ وەستان بەدوای یەکدا دێن ، کەچی کتێبێکی «سەخت» کە بەئەخلاقەوە سەرقاڵە، تەنیا

لە ستوونێک یان هەواڵێک زیاتری لەسەر نییە. ئەو ڕەخنەیە لەسەر بناغەی وێنەیەکی مەزهەبی، ڕەگەزایەتی ڕاوەستاوە. برادەرایەتی و خزمایەتی؛ سوودوەرگرتن کۆڵەکەکەیەتی. هەڵبەت لە هەموو ئاستێکدا هیچ ڕەخنەیەک نییە لەناو ئەو وێرانەیەدا ساغ بێت. کارێکی خەمهێنەرە. ڕەخنە دەتوانێ، لە ڕۆژنامەگەریدا، کە جۆرە «چێژێک» بە خوێنەری ڕاهێنراو ببەخشێ، لێ «موچە خۆرییەکەی» وایلێکرد، یان بۆ پاشەوەی بباتەوە، کە خوێندنەوە نەتوانێ بەراوردی بکات، یانیش بۆ پەسندانێکی ئاسایی بێ بەرزەفتکردنی ببات. ئەو ڕەخنەیە بەقەد قەبارەی هەبوونی خودی عەرەب خۆش مەسرەفە.

پ: ئایا بڕوات وایە کە لەوێدا، لە ئایندەدا، لە جەم ڕەخنەوە بۆ نزیکبوونەوەی دەقەکانت سەرکێشیەکی تەئویلی بێتە ئاراوە؟

سەلیم: بە دڵنیاییەوە، کاتێ «کرچوکاڵ»ی نووسین ئاستێک لە بێ ئەخلاقی دەپێکێ، کە بگرە هەتا «کرچوکاڵەکان»یش لێی بێزاردەبن، ئەو سەرکێشییە دەستپێدەکا. ئەمەش بە درەنگییەوە بۆ من گەڕاندنەوەیەکی «مەعنەوی»یە. هەموومان حەزمان لە کەمێک ئاوڕلێدانەوە هەیە بۆئەوەی بزانین لەبەرانبەر دڵ و مەرەکەبەکەماندا لە دۆخی «بەرپرسیاریەتی» داین. بێدەنگی ناهەقانەی، ئێستاکە، هەستێکی بایەخدار و خەمۆک دەورووژێنێ.
نازانم بۆ دەبێ من هەموو ئێوارەیەک، حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، بە هاوین، زستان، پایز و بەهار، لە هەمان سەعاتدا، بۆ بەرزایی بەسەر داری پلیکانەیەکدا سەرکەوم، بۆئەوەی بە جەربەزانە خۆم تاقیبکەمەوە، کە لە تەرازووی پەڕێکی سپی، لە فێڵ و، دۆڵ و، وێڵی و، بۆسە و، زوڵم و، چاوەڕوانکراو و، داخستن و شەڕەنگیزییەکان، دەمشارێتەوە، خراپ نییە، ئەمەش وەک ناوکۆیی ڕۆمانەکانم یارییەکی قەدەرییە. بەڵام خوێنەرێکی زۆرم هەیە کە دەقەکان ناتوانن سووکایەتی بە تواناکانیان بکەن. داخوازیکار و عادیلانەن.

پ: تۆ خەیاڵێکی سینەماییت هەیە. دەقەکانت بە وێنەگر ـ فۆتۆگراف ـ دەچێ، کە بەمەبەست بە شاشەکەی، یان کامیرا بزۆڵەکەی دەڵێی. ڕۆمانەکانت گێڕانەوەیەکی بزۆکە: شتێک لە نووسین و، پتێکیش لە وێنە؛ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئێمەدان. بە هەمان شێوەش شیعری تۆ دەربڕینێکی سینەماییە. بۆ چرپەکانی ناخ بێجگە لە کردار و خولیای کردار، نەبوونیەت شتێکی تر نییە. هەروەک یادوەرییەک کامیرایەکی لەسەر شان هەڵگرتبێ، گوتەکانیشت ڕاوکردنی دیمەنێکە لە هەوادا. چۆن سەلیم بەرەکات دەتوانێ ئەو تەڵەنانەوە کارامەیە دروستبکات؟

سەلیم: لەڕووی یەقینەوە، نازانم ئەو پێکهاتانە چین کە مەعریفە و خەیاڵم دەکەنە دوو بینایی. دیمەنێکی توند یان خاو بە چاوم وێنە دەگرم، ڤێجا بە پەیڤین دەینووسمەوە. لە پەیڤەکانمدا شێوە و ڕەهەندەکانی دوو کۆڵەکەن. سەرچاوەکەی ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ سەرسووڕمانی من، بە پێکهاتەیەکی ڕۆشنبیرییانە، کە بە هەموو ئەدەبێک بۆ شەهوەتەکان بینینێک دروستبکات. ئەز لەبارەی ڕووحییەوە، بۆ نموونە، ڕۆمانی «الكريات الزجاجيه»ی هێرمیان هێسەم، بە ئەپستراکتیی هزرییەکەیەوە خۆشویست، وەک چۆن گیانلەبەرە قسەکەرەکانم لە «كليله و دمنة»دا خۆشویست. بەڵام «ڕوون و ئاشکرا»، وەک بەهای بینین کۆڵەکەکەی شێوەیە، کە لە زانستەکانی پێویستی و خوداوەندیەکاندا، مەبەستێکی کۆتاییە، تاکوو لە ڕوون و ئاشکراییدا مانا کۆتاییەکەی جوانییەک بۆ ناوەکی وەربگرێت.
«ناوەکی ـ الباطن»، لە شرۆڤەکردندا، تەواوی مەعریفی، هەق، کۆکراوەیە، کە لە خەڵوەتی مانادا کۆبۆتەوە. خودی «ناوەکی» غەیبە و «دامەزرێنەری» توانا دیاریکراوەکانە. ئەوە عەدەمی دەستپێکردووە کە شێوەی لێ پێکهات؛ ئەو منداڵدانە نووتەکەیە کە دەزێ؛ ئەو گۆڕە تاریکە داخراوەیە کە تیایدا مردوو بۆ تاقیکردنەوەکەی ڕادەبێ.
لە کۆتایی ئەو «ناوەکیانە»دا ـ واتە: عەدەم و، گۆڕ دەبنە لەدایکبوونی ڕوون و ئاشکرایی، ئەو لەدایکبوونەش لە کۆتایی مەبەستەکان ڕایدەگەیەنێ

(مەبەستی گوڵ ئەوەیە ببێ بە بەرهەم ـ فەلسەفەی دانانێتی وا دەڵێ ـ). خودی بوون مەبەستی عەدەمی روون و ئاشکرایە، لەدایکبوون مەبەستی منداڵدانی روون و ئاشکرایە، ڕابوونی مردوو مەبەستی گۆڕی روون وئاشکرایە، فردۆسی روون و ئاشکرایی و دۆزەخی روون و ئاشکرایی کۆتایی گشتی خواندەکانە. هەروەک خوای، نادیار لە چاوان، کە سیفەتەکانی دیاری ناکرێ، ڕۆژێک دێ بە بینراوی یشو بێگەردی بۆ ئەوانەی وەرەزی دەکەن بەدیاردەکەوێ.
ڕەنگە لەم کورتکردنەوەیەدا مەسەلەی پەیدابوونم ڕوونکردبێتەوە، کە مانای هەق، بێگەردی ـ هەمیشە ـ تەئویلدەکرێ بۆئەوەی لە وێنەیەکدا بەرجەستە بێتەوە، ئەوەی کە من ئەنجامیدەدەم ئەوەیە. ئەو دیمەنە بیناییە خەملیوانەی من، ئەوە بە شرۆڤە و تەئویلکردنەوە دەلالەتە هزرییەکەیەتی. ئەز پێشەکییە» بیناییەکان بۆ خوێنەر ئاپۆڕرە دەکەم، تا ئەو بە خۆی، «ئاکامەکان»ی بە تێرامان و بە ڕێکخستنی بیرکردنەوانە بنووسێتەوەو ماناکەی پوختەی بکاتەوە. ئەز دوو چاوی ساغی بۆ سەلماندنی دڵ و هەستەکانی پێدەبەخشم. ـ لە دەقی مندا ـ پرپەکانی ناخ لەوێن: روون و ئاشکرایی بێ کۆتاییە، روون و ئاشکرای نەمرە.

پ: میتۆلۆژیای کورد سەرچاوەی پاڵاوتنی تۆیە (لە شیعر، ڕۆمان، نووسینەکانی تردا). سەرچاوەکانی تری سەلیم بەرەکات چین؟

سەلیم: بوون لە پایە و، نەشووەکانییدایە. مەتەڵ و ئاڵۆزکاوی ـ فێڵبازین.

دوا پرسیار: ئایا سەلیم بەرەکات بۆ ئێمە خۆی لە ڕستەیەکدا داناوە؟

سەلیم: ڕێبینی تووناوتوونەکان و سوارچاکی چۆڵستان.

سەرچاوە: گۆڤاری تافوکت، ژمارە ١ ـ ١٩٩٦
* ئەم پرسیارە لە چاوپێکەوتنێکی ترەوە وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی «الحیاە».